# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە لینین

## بەرگی یەکەم

وەرگێڕانی
ئاکام بەسیم

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: ئاکام بەسیم
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (90)

# دەبێت چ بکەین؟

**کێشە و گرفتە دژوارەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەکەمان**

**ڤلادیمیر ئیلیچ ئیلیانۆف لینین**

## پێشەکی نوسەر

خەباتی حزبی، وزە و بڕست بە حزب دەبەخشێت، گەورەترین هۆکاری لاوازی حزب، پەرش و بڵاوی و نادیاربوونی سنووره دیاریکراوەکانیەتی. حزب بە پاڵاوتنی خۆی، قورس و قایمتر دەبێت، (لە نامەی لاساڵ بۆ مارکس، ڕێکەوتی 24ی ژۆئەنی 1852).

ئەم بەرهەمە کە لە بەردەستی خوێنەراندایە، بەپێی گەڵاڵەی سەرەتایی نووسەر، دەبوایە بۆ شیکردنەوەی تێرو تەسەلی ئەو بیروڕایانە تەرخانبکرایە، کە لە بابەتی «دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟»ی ئیسکرا (1).

ژمارە 4ی مانگی مەی ساڵی (190) ڕاگەیەندراوە. بەر لە هەرشتێک پەیوەستە بە بۆنەی دواکەوتنی بەجێگەیاندنی بەڵێنیک کە لەو بابەتەدا دابوومان (لە وەڵام بە پرسیارو نامەی جۆراوجۆری تایبەتیدا دووپاتکراوەتەوە)، داوای لێبوردن بکەم. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دواکەوتنە، هەوڵێک بوو کە لە مانگی ژویەنی ساڵی رابـردوودا (190) بۆ یەکگرتنەوەی گشت ڕێکخراوەکانی سۆسیال دیموکراسی دانیشتووی دەرەوە درا. پێویستی دەکرد چاوەڕوانی ئاکامەکانی ئەو هەوڵە بین، چونکە ئەگەر لەو بوارەدا سەرکەوتنێک بەدەستبهاتایە، پێویستی دەکرد بۆچوونەکانی ڕێکخراوەیی (ئیسکرا) تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی دیکە شیبکرێنەوە.

هەروەها ئەگەر ئەو هەوڵە سەرکەوتایە، لەوانەبوو بە خێرایی بوونی دوو ڕەوت لەنێو سۆسیال دیموکراسی روسیا کۆتایی پێبێت. هەروەک خوێنەران

ئاگادارن ئەو هەوڵە روبەڕووی شکستبۆتەوە و بەشێوەیەک کە هەوڵدەدەین بیسەلمێنین پاش دەربڕینی مەیلینوێی گۆڤاری «رابۆچیە دێلۆ» لە ژمارەی 10یدا بەرەو ئێکۆنۆمیزم، نەشیدەتوانی سەربکەوێت. ئاشکرابوو کە پێویستە بە راشکاوی لەدژی ئەم ستراتیژە بێسەرەو بنو نادیارە، کە لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی بـەردەوام، دەتوانێت خۆی لە شێوەو شێوازی جۆراوجۆردا ببووژێنێتەوە، دەستبدرێتە خەباتێکی راشکاوانە و ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە. بەو بۆنەیەوە بوو، کە گەلاڵەی سەرەتایی ئەم بەرهەمە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوو بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی پێدرا.

قسەو باسی سەرەکی ئەم بەرهەمە، دەبێت بریتی بێت لە سێپ رس کە لە بابەتی »دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین؟» هاتبووە گۆڕێ. واتە: پرسی تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی سەرەکی بانگەشەی سیاسیمان، پرسی ئەرکەکانی رێکخراوەییمان و پرسی نەخشەی دامەزراندنی رێکخراوێکی تێکۆشەر بۆ سەرانسەری روسیا، کە لە هەمانکاتدا رێبەرایەتی خەباتی سۆسیال دیموکراتی لە شوێنە جۆراوجۆرەکان لە ئەستۆ بگرێت. ئەم پرسانە دەمێکە سەرنجی نووسەری بەرەو لایخۆی راکێشاوە و هەوڵیداوە لە کاتێکدا کە هەوڵێکی ناسەرکەوتوویی بۆ سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی »رابۆچایاگازتا» دەدا، لەو رۆژنامەیەدا (چاو لە بەشی پێنجەم بکەن) بهێنێتە گۆڕێ.

لە سەرەتادا گریمانەم لەسەر ئەوە بوو، کە لە بەرهەمەکەدا تەنها بە لێکدانەوەی ئەو سێ پرسەی لە سەرەوە باسکرا قەناعەت بکرێت و تا ئەو جێگایەی بکرێت تیۆرییەکان بە شێوەیەکی پوزێتیڤ شیبکرێنەوە، بەڵام دواتر روونبووەوە، کە ئەو کارە بە دوو هۆکار بەبێ دەستبردن بۆ گفتوگۆ، بە هیچ شێوەیەک بۆمان جێبەجێ ناکرێت. ئەو دوو هۆکارەش بریتیبوون لەوەی کە: لە لایەکەوە ئێکۆنۆمیزم زۆر لەوە زیاتر خۆی بەگیان سەخت

نیشاندا کە ئێمە بیرمان لێدەکردەوە (ئێمە وشەی ئێکۆنۆمیزم بە واتەی بەرینی وشەکە بەکاردەبەین، واتە هەر بەو چەشنەی کە ئەو وشەیە لە ژمارە (12) ی گۆڤاری «ئیسکرا» لە مانگی دێسەمبەری ساڵی 190 لە بابەتی «وتوویژ لەگەڵ ئێکۆنۆمیزم» کە بەردی بناغەی بابەتەکانی ئەو بەرهەمەی بەردەستی خوێنەر پێکدێنێت، شیکراوەتەوە). روون بووەوە کە هۆکاری ئەوەی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو سێ کێشەیە، بیروڕای جیاواز هەیە، لە بەشی هەرە زۆریدا، پەیوەندی بە ناکۆکیەکی قوڵەوە هەیە، کە لەنێوان دوو رەوتی سۆسیال دیموکراسی روسیادا لە ئارادایە، نەک لە ناکۆکیی لەسەر وردەکارییەکان. لە لایەکی دیکەوە بێتوانایی ئێکۆنۆمیستەکان لە شیکردنەوەی راستەقینەی تیۆرەکانی ئێمە، کە لە لاپەڕەکانی «ئیسکرا» چاپکراوە، بە روونی نیشانیدا، کە زۆرتر بە زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەین و بەم هۆیەشەوە هەر کاتێک کە لە «3) «ab ovo) دەستپێ نەکەین. بە هیچ شێوەیەک ناتوانین لەگەڵ یەکدا رابێین، دەبێت هەوڵبدەین تا ئەو جێگایەی دەکرێت هەمووو ئەو خاڵانەی ناکۆکیان لەسەرە، بۆ ئێکۆنۆمیستەکان سادەتر و بەهێنانەوەی نمونەی جۆراوجۆر و دیاریکراو بە شێوەیەکی رێکوپێک شیبکەینەوە.

ئەوە بوو کە سووربووم لەسەر ئەوەی هەوڵبدەم «روونکردنەوە»ی خۆم پێشکەشبکەم، سەرباری ئەوەی کە دەمزانی بە ئەنجامگەیاندنی ئەو کارە لاپەڕەکانی بەرهەمەکە زۆرتر و قەبارەی کتێبەکە گەورەتر دەکات و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە دوادەخات، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنێک، کە لە بابەتی «دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟» دابووم، بێجگە لەوە هیچ چارەیەکی ترم نەبوو. جگە لە داوایلێبوردن بەبۆنەی دواکەوتنیەوە، دەبێت بەو بۆنەیەشەوە داوایلێبوردن لە خوێنەران بکەم، کە لە بواری رێنووسیشەوە هەندێک هەڵەی تێدایە: من ناچار بووم لە نوسینیدا پەلەبکەم،

چونکە لە دۆخێکدا کارم لەسەری دەکرد، کە دەبوایە کارە جیاجیاکانی دیکەشم ڕاپەڕاندایە.

لێکدانەوەی ئەو سێ پرسەی سەرەوە وەکو پێشوو، بابەتی سەرەکی ئەم بەرهەمە پێکدەهێنێت، بەڵام ناچار بووم سەرەتا لە دوو بابەتی خوارەوە، کە لایەنێکی گشتی تری هەیە، دەستپێبکەم. یەکەم، بۆچی دروشمێکی «ئاسایی» و «پاک و بێگەرد»ی وەکو دروشمی «ئازادی ڕەخنەگرتن» بۆ ئێمە تەپڵی ڕاستەقینەی خەبات لێدەدات؟ دوووەم، بۆچی ناتوانین تەنانەت لەسەر بابەتی سەرەکی سەبارەت بە دەور و ڕۆڵی سۆسیال دیموکرات لە بزووتنەوەی جەماوەری خۆڕسکدا ڕێکبکەوین؟ بێجگە لەوە شیکردنەوەی بیرو بۆچوونەکان سەبارەت بە تایبەتمەندیی و ناوەڕۆکی بانگەشەی سیاسی، ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان سیاسەتی تریدیۆنیۆنی و سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیکی لێکەوتەوە و شیکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی ڕێکخراوەییش، ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وردەکاری کە ئێکۆنۆمیستەکان قەناعەتیپێدەکەن و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان، کە بە باوەڕی ئێمە کارێکی پێویستە، لێدەکەوێتەوە. بێجگە لەوە، من لەسەر بەشی «نەخشە» بۆ پێکهێنانی ڕۆژنامەیەکی سیاسی بۆ سەرانسەری ڕوسیا پێداگریمکردووە. هەر بەو ڕادەیەی کە ناڕەزایەتییەکان بەو باسەی من بێبنەما بووە و بەو ڕادەیەی کە لە وەڵامی پرسیاری من لە بابەتی «دەبێت لە کوێوە دەستپێبکەین؟» سەبارەت بەوەی کە چۆن بتوانین لە هەمانکاتدا لە تەواوی شوێنەکاندا دەست بە دامەزراندنی ڕێکخراوی پێویستی خۆمان بکەین، زۆرتر کەمتەرخەمی کراوە، زیاتر دەبێت. سەرئەنجام هیوادارم لە کۆتایی بەرهەمەکەدا سەلماندبێتم، کە ئێمە ئەوەی لە دەستماندەهات کردمان، بۆئەوەی پێش بە لێکترازانی یەکلایی ئێکۆنۆمیستەکان (کە شتێکی چارەهەڵنەگر بوو) بگرین.

هەروەها هیوادارم سەلماندبێتم کە گۆڤاری «رابۆچیەدێلۆ» لە راستیدا گرنگیەکی مێژوویی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە، چونکە ئەوەی لە هەمووو شتێک زەقتر و بەرچاوتر لەو رۆژنامەیەدا رەنگیدایەوە، ئێکۆنۆمیزمێکی شێلگیر نەبوو، بەڵکو دووبەرەکی و ڕاڕاییەک بوو، کە تایبەتمەندی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی سۆسیال دیموکراسی روسیا پێکدێنێت. ئەمە بەهۆی گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاری «رابۆچیەدێلۆ» گرنگی پەیدا دەکات، کە لە روانینی یەکەمدا بێت، ئەوپەڕی گفتوگۆیەکی دوور و درێژ دێتە بەرچاو، چونکە ئەگەر نەتوانین بە شێوەی یەکلاییکەرەوە ئەو قۆناغە ببەزێنین، بێگومان ناتوانین بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

**فێوریەی 1902**

**ن. لینین**

## ١. دەمارگرژی و ئازادی رەخنەگرتن
### ا) «ئازادی رەخنەگرتن» یانی چی؟

بێگومان «ئـازادی رەخنەگرتن» باوترین دروشمی ئەمڕۆییە، کە لە قسەوباسی نێو سۆسیالیستەکان و دیموکراتەکانی گشت وڵاتەکاندا زیاتر لە هەر دروشمێکی دیکە لەسەر زارانە. لە روانینی یەکەمدا بە دژواری دەتوانین بیر لە شتێکی سەیرتر لەو هۆکارهێنانەوە بریقەدارە بکەینەوە، کە لایەنێکی قسەو باس لە»ئازادی رەخنەگرتن» دەیکات. ئایا بەراستی ئەوە حزبە پێشڕەوەکانە، کە لە دژی یاسای مەشروتیەتی زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپی، کە ئازادی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی دابیندەکات، هەراو هوریای ناوەتەوە؟

هەر کەسێکی بێئاگا لەو دروشمە باوە، کە لە هەر رێگایەکدا دووپاتدەبێتەوە، ببیستێت و هێشتا لە نـاوەڕۆک و جەوهەری ناکۆکیەکانی ئەو کەسانەی موناقەشەدەکەن، تێنەگەیشتبێت، لەوانەیە بەخۆی بڵێت «نابێت کێشەکە بەو ساکاریە بێت» «ئەم دروشمە واپێدەچێت لەو قسانەیە، کە وەکو نازناو بەهۆی بەکارهێنانی زۆرەوە بە فەرمی ناسراوە و بووە بە ناوێکی گشتی».

لە راستیدا، لە کەس شاراوە نییە، کە لە ئێستادا لەنێو سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی(3) هاوچەرخدا دوو ڕەوت هەیە، کە ئاگری خەباتی نێوانیان جاروبار بڵێسە دەستێنێت و دەگەشێتەوە و جاروبار خامۆش و کپ دەبێت و لەژێر خۆڵەمێشی «بڕیارنامە»ی بریقەدار دەربارەی ئاشتی دەشاردرێتەوە.

بێرنشتاین، بە راشکاوی چۆنیەتی ئەو رەوتە نوێیەی دەریبڕیوە و میلێرانیش نیشانیداوە. سۆسیال دیموکراسی دەبێت لەشێوەی حزبێکی شۆڕشگێڕی کۆمەڵایەتی دەربێت و ببێتە حزبێکی دیموکرات، کە بۆ ریفۆرم خەباتدەکات. بێرنشتاین بە تۆپخانەیەک لە هۆکار و تیۆری «نوێ» کە هەرهەموویان وەکو یەکن، ئەم خواستە سیاسیەی گەمارۆ داوە. حاشا لە ئیمکانی هۆکارهێنانەوەی زانستی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم و سەلماندنی پێویستی و چارەهەڵنەگری سۆسیالیزم لە روانگەی تێگەیشتنی مادی لە مێژووەوە کراوە. حەقیقەتی هەژاری و بێدەرەتانی رۆژ لەدوای رۆژ، زیاتر و رەوتی پڕۆلیتاری زاسیۆن و توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری حاشایلێکراوە. تەنانەت خودی ناوەڕۆکی «ئامانجی کۆتایی»ش بێ بناغە ئەژمارکراوە و بیرۆکەی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا (یان حکومەتی کرێکاری) بێ ئەملاو ئەولا رەتکراوەتەوە. ناکۆکی بنەڕەتی لیبراڵیزم و سۆسیالیزم حاشایلێکراوە، گوایە تیۆری خەباتی چینایەتیش لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، کە لەسەر بناغەی ئیرادەی زۆرینەی خەڵک ئیدارەبدرێت، وێکنایەتەوە و رەتکراوەتەوە و.. هیتر.

بەمشێوەیە، داواکـاری گـەڕانـەوەی یەکلایی لە سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ و رووکردنە ریفۆرمیزمی کۆمەڵایەتی بۆرژوایی، وێڕای گەڕانەوەیەکی هەرئەوەندە یەکلایی بۆ رەخنەی بۆرژوازییانە، لە هەمووو بیرۆکەیەکی بنەڕەتی مارکسیزم هاتۆتە ئاراوە. بەهۆی ئەوەی کە ئەم رەخنەیە ماوەیەک بوو، چ لە تریبۆنی سیاسی، چ لە کورسی زانکۆ و چ لە بەرهەمی جۆراوجۆر و زنجیرەیەک قسەوباسی زانستی لە دژی مارکسیزم دەکرا و گشت نەوەی لاوی توێژی خوێندەوار لە ماوەی دەیان ساڵدا، لەگەڵ ئەو رەخنەیە بارهاتبوون. جێگەی سەرسووڕمان نییە، کە هەر بەو جۆرەی مینرۆ لە مێشکی ژوپیتێر هاتەدەر، ئەو رەوتە «رەخنەگرە نوێیە» لە سۆسیال دیموکراسیدا، بە شێوەیەکی حازر و

ئامادە سەریهەڵدا. ئەم ڕەوتە لەبواری ناوەڕۆکەوە پێویستی بە تێکەڵکردن و تەواوکاریی نەبوو، چونکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە نوسراوەکانی بۆرژوازیەوە بۆ نێو نوسراوەکانی سۆسیالیستی دەگوازرایەوە.

بەڵام دواتر ئەگەر ڕەخنەی تیۆریکی بێرنیشتاین و مەیلی چاوچنۆکانەی سیاسی ئەو، هێشتا بۆ هەندێک کەس نادیار بێت، فەڕەنسییەکان قۆڵیان لێ هەڵماڵی و بە ئاشکرا ئەم شێوە تازەیەیان نیشاندا. فەڕەنسا ئەم جارەش ئابڕووی کۆنی خۆی وەکو «وڵاتێک، کە تێیدا خەباتی چینایەتی زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە یەکاڵا کراوەتەوە». (لە پێشوتاری ئەنگڵس لەسەر کتێبی هەژدەهەمی برومری مارکس) پاراست. سۆسیالیستەکانی فەڕەنسا تیۆرییان نەک دووری، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئەو کارەیان کرد. بارودۆخی سیاسی فەرەنسا، کە لە بواری دیموکراسیەوە زۆرتر گەشەی کردبو، ئەو مەجالەی بۆ ڕەخساندن سەرەڕای گشت ئاکامە خراپەکانی بە خێرایی بچنە نێو «مەکتەبی بێرنشتاین»ەوە.

میلێران بابەتێکی بەرچاوی لە مەکتەبی بێرنیشتاین نیشاندا، بێهۆ نەبوو، کە بێرنشتاین و فیلمار هەردووکیان ئەوەندە بە گەرموگوڕی پشتیوانیان لە میلێران کرد و بە باڵایدا هاتن! لەڕاستیدا، ئەگەر سۆسیال دیموکرات لە ناوەڕۆکی خۆیدا، تەنها حزبێکی ریفۆرمیستە و دەبێت جەسارەتی ئەوەی هەبێت بە ئاشکرا دان بەوەدا بنێت، کەسی سۆسیالیستیش، نەک تەنها مافی خۆیەتی بچێتە نێو کابینەی بۆرژوازیەوە، بەڵکو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش هەمیشە هەوڵبداتǃ، ئەگەر دیموکراسی لە ناوەڕۆکی خۆیدا بە مانای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی چینایەتییە، کەوایە بۆچی وەزیرێکی سۆسیالیست نابێت بە وتارەکانی خۆی سەبارەت بە هاوکاری چینایەتی گشت جیهانی بۆرژوازی هەڵفریوێنێت؟

بۆچی نابێت، تەنانەت پاش ئەوەی کە کوشتاری کرێکاران بە دەستی پۆلیس بۆ سەدەمجار ماهیەتی ڕاستەقینەی هاوکاری دیموکراتیکی چینایەتی نیشانداوە،

له کابینەدا بمێنێنەوە؟ بۆچی نابێت لە شاباشی ئێزاردا کە سۆسیالیستەکانی فەڕەنسا بێجگە لە ناوی پاڵەوانی سێدارە و ئەشکەنجە و ئاراوگە، بەهیچ ناوێکی دیکە نایناسن، بەشداری نەکەن؟ لەولاوە بۆ دەستخۆشیکردن بەبۆنەی ئەم سووکایەتیە بێکۆتایی و قیزەونکردنی سۆسیالیزم لە بەرامبەر بیروڕای گشتی جیهان، بۆ دەستخۆشیکردن بەبۆنەی ئاڵۆزکردنی بیرو زەینی سۆسیالیستی جەماوەری کرێکار، واتە تاقە بناغەیەک کە دەتوانێت سەرکەوتنی ئێمە گەرەنتی بکات، گەلاڵەی کۆمەڵێک چاکسازی بریقەدارمان پێشکەشدەکەن کە ئەوەندە بێبایەخە، تەنانەت دەتوانین لەوە زیاتر لە حکومەتەکانی بۆرژوازی بەدەست بێنین!.

جەوهەر و ناوەڕۆکی ئۆپۆڕتۆنیزم ئەمەیە. کەسێک بە ئەنقەست چاوی خۆی نەبەستێت، ناتوانێت نەبینێت کە ئەم رەوتە «رەخنەگرە» نوێیە لە سۆسیالیزمدا شێوەیەکی نوێ لە ئۆپۆڕتۆنیزمە. هەر کاتێک کە سەبارەت بە تاکەکان بەپێی جلێکی رازاوە، کە خۆیانی پێ دەڕازێننەوە و نازناوێکی بریقەدار کە بە خۆیانیدا هەڵدەواسن داوەری نەکەین، بەڵکو لە رووی هەڵسوکەوتیانەوە و ئەوەی کە لە کردەوەدا بانگەشە بۆ چ شتێک دەکەن داوەریبکەین، ئەوکات بۆمان روونەدەبێتەوە، کە «ئازادی رەخنەگرتن» بریتیە لە ئازادی رەوتی ئۆپۆڕتۆنیستی لەناو سۆسیال دیموکراسیدا، ئازادی گۆڕینی سۆسیال دیموکراسی بە حزبی دیموکراتی ریفۆرمیست، ئازادی رەخنەکردنی بیرۆکەکانی بۆرژوازی و تۆکمەکانی بۆرژوازی لەناو سۆسیالیزم.

ئازادی وشەیەکی گەورەیە، بەڵام لەژێر سێبەری ئازادی پیشەسازیدا، تاڵانچیانەترین شەڕەکان رێکخراوە و لەژێر سێبەری ئازادی کاردا، زەحمەتکێشان تاڵاندەکرێن. بەکارهێنانی وشەی «ئازادی رەخنەگرتن» ئەمڕۆکەش ئەوەندە چەواشەکارانەیە، کە ناوەڕۆکی راستەقینەی چینەکانی پێدەشارنەوە. کەسانێک

کە بەراستی پێیانوایە لایەنی زانستییان بەرەوپێشەوەبردووە، نابێت خوازیاری ئازادی تیۆرە تازەکان لە تەنیشت تیۆریە کۆنەکان بن، بەڵکو دەبێت یەکەمیان، واتە تیۆری نوێ بە جێگای دووهەمیان، واتە تیۆری کۆن دابنێن، بەڵام هات و هاواری «بژی ئازادی رەخنەگرتن» کە ئەمڕۆکە گوێی فەلەک کەڕدەکات، گوێزی پووچەڵ بەبیر دێنێتەوە.

ئێمە وەکو گروپێکی یەکگرتووی بچوک، لە رێگایەکی پڕ لە سەغڵەت و دژواردا، قورس و قایم دەستی یەکترینمان گرتووە و بـەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرین. دوژمنەکانمان لە هەمووو لایەکەوە گەمارۆیان داوین و هەمیشە دەبێت لەژێر ئاگربارانی ئەوانەوە بپەڕینەوە. یەکگرتوویی ئێمە بەپێی بڕیارێکی ئازادانەیە کە داومانە، بڕیارێک کە بەو بۆنەوە گرتومانە کە لەگەڵ دوژمنەکانمان خەبات بکەین و نەکەوینە نێو قووڕاوی دەوروبەرمان. سەیر لەوەدایە دانیشتوانی ئەو قووڕاوە هەر لەسەرەتاوە بەو بۆنەوە، کە وەکو دەستەیەکی تایبەتی جیاواز، نەک تەنها رێگەی سات و سەودامان نەگرتۆتەبەر، بەڵکو رێگای خەباتمان هەڵبژاردووە، لۆمەمان دەکەن.

ئێستا لەنێو ئێمەدا هەندێک کەس هاوار دەکەن: بۆ ئەو زەلکاوە بڕۆین! کاتێکیش کە لۆمەیان دەکەن، بە نارەزایەتیەوە دەڵێن: چ خەڵکێکی دواکەوتوون! شەرم ناکەن کە ئازادی ئێمە بۆ بانگهێشت کردنتان بەرەو رێگایەکی دیکە رەتدەکەنەوە. بەڵێ، ئاغایان ئێوە ئازادن نە تەنها داوامان لێبکەن، بەڵکو دەتوانن بۆ هەر شوێنێک دڵتان دەخوازێت بڕۆن و ملتان بشکێنن، تەنانەت ئەگەر زەلکاویش بێت. ئێمە پێمان وایە جێگای راستەقینەی ئێوە هەر لەنێو ئەو زەلکاوەدایە، و بۆ کۆچکردنتان بۆ نێو ئەو زەلکاوە، بەراستی تا ئەو جێگایەی لە توانامانداە بێت یارمەتیتان دەدەین، بەڵام لانیکەم دەست لەسەر ئێمە هەڵگرن و خۆتان بە ئێمەوە مەلکێنن و وشەی مەزنی ئازادیش پیس

مەکەن، چونکە ئێمەش «ئازادین» بۆ هەر کوێ دڵمان دەخوازێت بڕۆین و ئازادیم نەک تەنها لە دژی زەلکاو، بەڵکو لەگەڵ هەر کەسێکیشدا کە ڕێگاکەمان بەرەو زەلکاو بە لاڕێدا دەبات، خەبات بکەین!

**ب) بەرگریکارانی نوێی «ئازادی رەخنەگرتن»**

لەم دواییانەدا گۆڤاری ”رابۆچیە دێلۆ“ (ژمارە 10) ئۆرگانی «یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسی» دانیشتووی دەرەوە بە دەبدەبە و کەبکەبەوە ئەم دروشمە، واتە «ئازادی رەخنەگرتن»ی هێناوەتە گۆڕ، ئەویش نەک وەکو بنەمایەکی تیۆریک، بەڵکو وەکو خواستێکی سیاسی و وەڵام بەو پرسیارە کە: «ئایا یەکێتی رێکخراوەکانی سۆسیال دیموکراتی روسیا کە لە دەرەوەدا کاردەکەن، مومکینە؟» بۆ  یەکێتی بەردەوام، «ئازادی رەخنەگرتن» پێویستە، (لاپەڕەی 36).

دەتوانین لەم قسەیە بە دوو دەرئەنجامی راشکاو بگەین: یەکەم، «رابۆچیە دێلۆ» لەناو سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییدا رەوتی ئۆپۆرتۆنیستی دەگرێتە ژێر باڵی خۆی و پشتیوانی دەکات. دووەم، ”رابۆچیە دێلۆ“ خوازیاری ئازادی ئۆپۆرتۆنیزم لەناو سۆسیال دیموکراسی روسیادایە. ئێستا ئەم دوو دەرئەنجامە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ا-”رابۆچیە دێلۆ“ «بە تایبەتی لە مەیلی» ئیسکرا» و «زاریا» (3)، لە پێشبینی کردنی پچڕانی پردی پەیوەندی نێوان مۆنتانیار و ژیرۆندێنی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی دەسڵەمێنەوە(3).

ب.کریچۆفسکی سەرنووسەری گۆڤاری رابۆچیە دێلۆ» دەنوسێت: «لە بنەڕەتدا بە رای ئێمە قسەکردن دەربارەی مۆنتانیار و ژیرۆندێن لە ریزی سۆسیال دیموکراسی، پێوەرێکی رووکەشیە و نوسینی لەلایەن مارکسیستێکەوە سەیرە: مۆنتانیار و ژیرۆندێن، بەو چەشنەی کە لەوانەیە ئایدۆلۆگەکانی

مێژوونوس بیری لێبکەنەوە، دوو ڕەوتی فیکریی جۆراوجۆر نەبوون، بەڵکو چین، یان توێژی جۆراوجۆر، واتە لە لایەکەوە بۆرژوازی مامناوەند، لە لایەکی دیکەوە وردە بۆرژوازی و پڕۆلیتاریا بوون، بەڵام لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئێستادا، ناکۆکی بەرژەوەندی چینایەتی لەگۆڕێدا نییە. ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای تەواوی جۆراوجۆریەکەیەوە، کە سەرقورسترین بێرنشتاینییەکانیش لەو زومرەیەن، بەرژەوەندی چینایەتی پڕۆلیتاریا و خەباتی چینایەتی ئەو لەرێگای ئازادی سیاسی و ئابوری ڕەچاو دەکات.

بانگەشەیەکی فێڵبازانەیە! ئایا ب.کریچۆفسکی تا ئێستا راستیەک، کە ماوەیەکە بەچاو دەبینرێت و باس لەوە دەکات، کە بەشداری بەرینی توێژی «ئاکادێمیسیەنەکان» لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم ساڵانەی دوایی بواری بۆ تەشەنەسەندنی بەخێرایی بێرنیشتاینیزم خۆشکردووە، نەبیستەوە؟ بەڵام کاکڵەی قسەکە ئەوەیە، کە ئایا نوسەر باوەڕی خۆی سەبارەت بەوەی کە «سەرقورسترین بێرنیشتاینییەکان»یش خەباتی چینایەتی بۆ ئازادی سیاسی و ئابوری پڕۆلیتاریا ڕەچاو دەکەن، لەسەر چ بنەمایەک دادەمەزرێنێت؟ ئەمەیان روون نییە. بەرگریکردنی راشکاوانە لە سەرقورسترین بێرنیشتاینییەکان هیچ چەشنە هۆکار، یان لۆژیکێکی بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێدا نییە. لەوانەیە نوسەر خەیاڵ بکات هەرچی سەرقورسترین بێرنیشتاینییەکان سەبارەت بە خۆیان دەیڵێن بیجوێتەوە، ئیتر بانگەشەی پێویستی بە سەلماندن نییە و روونکراوەتەوە، بەڵام ئایا «ساویلکانەتر» لەوە شتێکی تر هەیە، کە مرۆڤ دەربارەی ڕەوتێکی سیاسی و فیکری تەواو لەڕووی ئەوەی کە نوێنەرانی ئەو ڕەوتە دەربارەی خۆیان دەیڵێن، داوەری بکات؟ ئایا شتێک «ساوێلکانەتر» لەو «دەرئەنجامە مەعنەویە» کە دواتر سەبارەت بە دوو تیپ و تاقم و دوو ڕێگای کامڵی حزبی کە لەگەڵ یەکترن، جیاوازییان هەیە، تەنانەت بە تەواوی لەگەڵ یەکتریندا ناکۆکن،

دەگیردرێت (ل 34–35 «رابۆچیە دێلۆ») دەکەوێنە بیری مرۆڤ؟ دەبینن کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا ئازادی تەواویی رەخنەگرتنیان قبووڵە، بەڵام فەرەنسییەکان قبووڵیان نییە و ئەم هەڵسوکەوتەیان کە «زیانەکانی لەسەرخۆ نەبوون» بە تەواوی نیشاندەدات.

وەڵامی ئێمە ئەوەیە، کە هەر بەو شێوەیەی بابەتی ب.کریچۆفسکی نیشانیدەدات، کە چۆن جاروبار کەسانێک کە مێژوو لە «روانگەی ئیلۆوایسکی» یـەوە دەبینین، خۆیان ناودەنێن مارکسیست. گوایە رووندەبێتەوە بۆ شیکردنەوەی هۆکاری یەکێتی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا و پەرشوبڵاوی حزبی فەرەنسا، پێویستناکات باسێک لە تایبەتمەندی مێژوویی ئەو دوو وڵاتە بێنینە گۆڕێ، بارودۆخی نیوە سەربازی و سیستەمی پەرلەمانی کۆمار لەگەڵ یەکترین هەڵسەنگێنین، ئاکامەکانی کۆمۆن و یاسای چاوەڕواننەکراو لە دژی سۆسیالیستەکان (4) بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ژیان و گەشەی ئابوری سەنگ و سووک بکەین، بەبیر بێنینەوە کە چۆن «گەشەی بێوێنەی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا» بە خەباتێکی بێوچان هاتۆتە ئارا کە لە مێژووی سۆسیالیزمدا بێوێنەیە، ئەو خەباتە نە تەنها لە دژی هەڵە تیۆرییەکانی (مولبرگێر، دورینگ، سۆسیالیستەکانی کورسی نشین)»4«، بەڵکو لە دژی هەڵە تاکتیکییەکانی (لاساڵ) و هیتر و هیتر بەرێوەچووە، گوایە هەمووو ئەمانە زیادەیە! فەرەنسییەکان حەز بە موناقەشەدەکەن، چونکە لەسەرخۆنین، ئەڵمانییەکان یەکگرتوون، چونکە منداڵێکی ژیرن.

دەبینن کە لە رێگەی ئەم بیر قووڵییە بێوێنەیەوە ئەو راستییە کە بەرگریکردن لە بیرنیشتاینییەکان بە تەواوی پووچەڵ دەکاتەوە «وەلا دەنرێت». ئەو مەسەلەیە کە ئایا ئەوان رێگای خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا رەچـاو دەکـەن یان نا، تەنها لـەرووی ئەزموونی مێژییەوە دەکرێت

یەکلابکرێتەوە و بە تەواووی چارەسەربکرێت. هەر بۆیە لەم بابەتەدا، واتە لە بابەتی فەرەنسادا کە ئەوپەڕی گرینگی پەیدادەکات، چونکە تاقە وڵاتێکە کە تێیدا بێرنیشتاینییەکان هەوڵیاندا بە گلۆپ سەوزی هاوپیاڵە ئەڵمانییەکانی خۆیان (بەشێک لە ئۆپۆرتۆنیسنەکانی روس، بڕواننە گۆڤاری ”رابۆچیە دێلۆ“ ژمارە 2–3 ل. 83–84)، بە شێوەی سەربەخۆ لەسەر پێ راوەستن. پشتبەستن بە «لە ئاشتی نەهاتویی» فەڕەنسییەکان بێجگە لە لایەنی «پشێویخوازانە و ئاژاوەگێڕانە» (بە مانای نێزدێرفی) «4» تەنها هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی راستیەکی زۆر لەژێر وشەگەلێکی تێکەڵ بە تووڕەیی، بەڵام ئێمە نامانەوێت بەهیچ شێوەیەک ئەڵمانییەکان بە ب.کریچۆفسکی و بەرگریکارانی جۆراوجۆری دیکەی «ئازادی رەخنەگرتن» پێشکەش بکەین.

ئەگەر هێشتا بوونی «سەرقورسترین بێرنیشتاینییەکان» لەنێو حزبی ئەڵمانیادا تەحەمول دەکرێت، ئەوە تەنها تا ئەو جێگایەیە کە ئەوان هەم مل بۆ بڕیارنامەی هانۆڤێر دەدەن کە «پێداچوونەوەکانی» بێرنیشتاینی رەتکردۆتەوە و هەم بڕیارنامەی لۆبێک کە (سەرەڕای زمانی دیپلۆماتیکی خۆی) بە راشکاوی گوێی بێرنیشتاینی کێشاوە. لێرەدا دەتوانین لەسەر ئەو بابەتە کە لە روانگەی بەرژەوەندی حزبی ئەڵمانیاوە، ئەم زمانە دیپلۆماتیکە تا چ رادەیەک بەجێ بووە، یان ئەوەی کە ئایا ئاشتی ناسالم لە ململانێی سالم باشتر بوو، قسە بکەین. بەکورتی دەتوانین لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە کە کام شێوەی رەتکردنەوەی بێرنیشتاینیزم باشە، جیاوازی بیروڕامان هەبێت، بەڵام ناتوانین ئەو راستیە لەبەرچاو نەگرین، کە حزبی ئەڵمانیا جارێکی دیکە بێرنیشتاینیزمی رەتکردۆتەوە. بەم هۆیەوە ئەگەر خەیاڵ بکەین، کە نمونەی ئەڵمانییەکان جەخت لەسەر ئەو دیعایەی کە « سەرقورسترین بێرنشتاینییەکانیش بەرژەوەندی چینایەتی پڕۆلیتاریا و

خەباتی چینایەتی ئەو لەرێگای ئازادی سیاسی و ئابوری رەچاو دەکەن»، ماناکەی ئێنەگەیشتنی تەواو لە رەوتێکە کە لە بەرچاوی هەمووواندا لە ئارادایە «4».

بێجگە لەوە، گۆڤاری "رابۆچیە دێلۆ" هەروەک ئاماژەمان پێدا لە سۆسیال دیموکراسی داوای «ئازادی رەخنەگرتن» دەکات و بەرگری لەبێرنیشتاینیزم دەکات. واپێدەچێت "رابۆچیە دێلۆ" لەوە دڵنیابۆتەوە، کە لێرەدا بەناهەق «رەخنەگران»ی خۆیی و بێرنیشتاینیەکانیان ئێشاندووە، بەڵام کامیان؟ کێ؟ لەکوێ؟ و چ کاتێک دڵیان ئێشاندووە؟ و ئەم کردەوە بەناهەقە چی بووە؟ "رابۆچیە دێلۆ" بێدەنگی لەم بابەتە کردووە، تەنانەت بۆ جارێکیش ناوی رەخنەگرێکی روسی و بێرنیشتاینی ناهێنێت! ئەوەی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە لەم دوو گومانە یەکیانە، یان ئەوەی کە ئەو لایەنەی بەناهەق دڵیان ئێشاندووە، "رابۆچیە دێلۆ" خۆیەتی (ئەوەی نیشانیدەدات ئەمەیان دروستە ئەو مەسەلەیە، کە لەهەر دوو بابەتی ژمارە 10دا تەنها قسە لەسەر ئەوەیە کە «زاریا»و «ئیسکرا» دڵی "رابۆچیە دێلۆ"یان ئێشاندووە). ئەگەر وایە هۆکاری ئەم هەڵسوکەوتە سەرسوورهێنەرە چییە، کە "رابۆچیە دێلۆ" سەرەرای ئەوەی کە بەردەوام سەرسەختانە لە دەربرینی هەر چەشنە هاوپشتیەک لەگەڵ بێرنیشتاینیزم خۆی بوواردووە، نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات، تەنانەت وشەیەکیش بەقازانجی «سەرقورسترین بێرنیشتاینیەکان» و ئازادی رەخنەگرتن بەزمان بڵێت؟ یان بەوجۆرە نییەو ئەو کەسانەی بەناهەق دڵیان ئێشاوە، کەسانێکی دیکەن. ئەگەر وایە هۆکاری ئەوەیە "رابۆچیە دێلۆ" لەبەرانبەریدا بێ دەنگە دەکات، چییە؟

بەمشێوەیە دەبینین کە «رابۆچیە دێلۆ» یاری قەرە قەرەی خۆی درێژە پێبدات، کە (هەروەک دواتر نیشانی دەدەین)، هەر لەسەرەتای پەیدابونیەوە گرتبویە بەر. دواتر بە وردی ئێرامان لەسەر ئەوە بکەن، کە کاری ئەم «ئازادی

ڕەخنەگرتنە» شوناسێک کە لە یەکەمین جاردا بە کردەوە بەکار برا، بەکوێ گەیشت. لە کردەوەدا نەک تەنها دەستبەجێ نەبوونی هەرچەشنە ڕەخنەیەکی لێکەوتەوە، بەڵکو بە گشتی بوو بەهۆی نەبونی هەرچەشنە هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ. هەر ئەو "ڕابۆچیە دێلۆ"یە کە سەبارەت بە بێرنیشتاینیزمی ڕوس. بە وتەی (سایب ستاروێر)، وەکو نەخۆشینێکی نهێنی بێدەنگە، پێنشیار دەکات کە بەبێ شەرم کردن بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیانە دوایین نوسخەی ئەڵمانی سەبارەت بەخەبات لەگەڵ شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەڵمانی ئەو نەخۆشینە ڕێنوس بکرێتەوە! بە جێگای ئازادی ڕەخنەگرتنی کۆیلەوار و لەوەش خراپتر: وەکو مەیمون، ئۆپۆرتۆنیزمی نێونەتەوەیی ئێستا بەپێی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی لە شێوازی جۆراوجۆردا دەردەکەوێت، بەڵام ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی سیاسی لە هەمووو حاڵەتەکانیدا هەر یەک شتە. لە وڵاتێکدا دەستەیەک لە ئۆپۆڕتۆنیستەکان لەمێژە لەژێر ئاڵایەکی تایبەتدا ڕمبازێن دەکەن، لە وڵاتێکی دیکەدا ئۆپۆرتۆنیستەکان گرنگیەک بە تیۆر نادەن و لە کردەوەدا سیاسەتی ڕادیکاڵ سۆسیالیستەکان بەڕێوە دەبەن. لە وڵاتی سێهەمدا ژمارەیەک لە ئەندامانی حزبی شۆڕشگێڕ بۆ کەمپی ئۆپۆرتۆنیزم هەڵاتووە و هەوڵیان ئەوە نییە، کە لە ڕێگەی خەباتێکی ئاشکرا و لەڕێگای پرەنسیپ و تاکتیکە نوێکان بە مەنزڵگە بگەن، بەڵکو هەوڵیان ئەوەیە بە داڕزاندنی حزب وردە وردە و بە شێنەیی (ئەگەر ئەم ڕستەیە دروسیات بێت) بەبێ سەرئێشە بە مەنزڵگەی خۆیان بگەن. لە وڵاتی چوارەمدا، ئەم چەشنە هەڵاتووانە، لە تاریکی خەفەقانی سیاسی و لە بارودۆخێکدا کە پەیوەندیەکی چڕوپڕ و تایبەتی لەنێوان هەڵسوڕانی» ئاشکرا و نهێنی»دا هەیە.

یەکێک لەم شێوانە بەکاردەبەن، بەڵام باسکردنی ئازادی ڕەخنەگرتن و بێرنیشتاینیزم، وەکو مەرجی یەکگرتنی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا چی؟

ئاگاداری و لە هەمانکاتدا لێکنەدانەوەی ئەوەی کە ئایا بێرنیشتاینیزمی روسی لە چ شتێکی تایبەتدا رەنگیداوەتەوە و چ ئاکامێکی تایبەتی بەدواوە بووە، ماناکەی ئەوەیە، کە دەمت بکەیتەوە، بەڵام قسە نەکەیت. ئێستا با هەوڵبدەین خۆمان، هەرچەند لە چەند وشەیەکدا، ئەو شتەی کە "رابۆچیە دێلۆ" نەیویستووە بیڵێت (یان لەوانەیە نەیتوانیوە لێی تێبگات)، باسی بکەین.

### ج) رەخنە لە روسیا

تایبەتمەندی سەرەکی روسیا لە بواری بابەتی جێگای باسمانە و بریتییە لەوەی، کە بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاری لە لایەکەوە وەرچەرخانی بیروڕای گشتی بەرەو سۆسیالیزم بووە، لە لایەکی دیکەوە هەر لە هەمان سەرەتاوە وەکو کۆبوونەوەی تۆخمگەلێکی جۆراوجۆر لەژێر ئاڵایەکی گشتی و بۆ خەبات لە دژی دوژمنی هاوبەش (بە جیهانبینی کۆن و دارزاوی کۆمەڵایەتی و سیاسی) یەوە»4« سەریهەڵدا. مەبەستی ئێمە بەرهەمی «مارکسیزمی ئاشکرا»یە. بەگشتی ئەمە دیاردەیەکی نوێ بوو، کە تەنانەت لە ساڵەکانی دەیەی 80 و سەرەتای دەیەی 90یشدا کەس نەیدەتوانی چاوەڕوانی بکات. لە وڵاتێکی ستەمکاری کە چاپەمەنییەکان تێیدا بە تەواوی دیلکرابوون، لە وڵاتی سەردەمی کۆنەپەرستی رووهەڵماڵدراو کە بچوکترین نەمامی نارەزایەتی دەربڕینی سیاسیان لە ریشەوە هەڵدەکێشا، تیۆری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بە زمانی ئەزۆپ، کە بە هەرحاڵ هۆگرانی بە باشی لێی تێدەگەیشتن، لە ناکاو رێگای چوونە نێو ئەو گۆڤارانەی لەژێر تیغی سانسۆردا بوون، دەکاتەوە.

دەسەڵات خوی بەوەوە گرتووە، تەنها تیۆری (شۆڕشگێڕانە)ی نارۆدنیا وێلیا بە مەترسیدار بزانێت، بەبێ ئەوەی لە گەشەی وردە وردەی دەروونی ئەو تیۆریە ئاگادار بێت، هەر بەم بۆنەشەوە هەرچەشنە رەخنەیەک لەو

ئیۆرە بکرایە، پێی خۆشبوو. هەتا حکومەت تێگەیشت و سوپای قورسی سانسۆرچییەکان و جەندرمەکانی خستەگەڕ و بە شوێن دوژمنی تازەدا گەڕاو دۆزیەوە و هێرشی کردە سەری، (بەپێی روس) کاتێکی زۆری خایاند. لەم ماوەیەدا کتێبی مارکسیستی یەک لـەدوای یەک لەچاپ دەدرا، گۆڤار و رۆژنامەی مارکسیستی دەکرایەوە، دەستبەجێ هەمووان بوون بە مارکسیست، بە باڵای مارکسیستەکاندا هەڵیاندەگوت، مارکسیستەکانیان نازدەدا و بڵاوگەکان لە گەرمبوونی بێوێنەی بازاڕی فرۆشی کتێبی مارکسیستی دەوروژاند. ئاساییە کە لەنێو ئەو مارکسیستە تازەکارانەدا کە دووکەڵ سەرتاپێیانی داگرتبوو، لە چەشنی «نووسەرێک کە خۆی ونکردووە»4» کەم نەبوون.

ئێستا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، کە ئەو سەردەمە بەسەر چووە. لە کەس شاراوە نییە کە پشکوتنی کاتیی مارکسیزم لەسەر بەستێنی رووکەشی گۆڤارەکانی ئێمە، بەرهەمی یەکگرتنی کەسانی توندڕەو لەگەڵ کەسانی بە زۆری میانەڕەو بوو. کەسانی میانەڕەو لە ناوەڕۆکدا دیموکرات- بۆرژوا بوون و ئەم هەڵێنجانە (کە کامڵی «رەخنەگرانەی» دواتری ئەم کەسانە بە ڕوونی نیشانیدا)، هەر لەو کاتەشدا کە ئەم یەکێتییە هێشتا یەکپارچە بوو و دەستی لێنەدرابوو، هەروا وەک خۆی مابۆوە، هەندێک کەس لێی ئاگادار بوون «4».

بەڵام ئەگەر راستیەکەی بەو جۆرەیە ئایا زۆربەی بەرپرسارێتی «بشێوی»یەک کە دواتر روویدا، ناکەوێتە گەردەنی سۆسیال دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان، کە لەگەڵ «رەخنەگران»ی داهاتوو پەیمانی یەکێتیان بەست؟ کەسانێک وەڵامی ئەرێ بەو پرسیارە دەدەنەوە، کە بە زۆری یەک لایەنە چاو لە بابەتەکە دەکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەم کەسانە بەرحەق نین. تەنها کەسێک لە یەکێتی کاتیی، تەنانەت لەگەڵ کەسانێکی راڕا دەترسێت، کە بڕوای بەخۆی نەبێت، بەبێ ئەم چەشنە یەکێتیانە هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت درێژە بە تەمەنی

خۆی بداث. هاوپەیمان بوون لەگەڵ مارکسیستەکان، بە ئاشکرا جۆرێک یەکێتی سەرەتایی سیاسی سۆسیال دیموکراسی روسیا بوو. لە ئاکامی ئەم یەکێتیەدا، ئامانجی زاڵبوون بەسەر نارۆدنیکەکان بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر بەدیهات و بیروبۆچوونەکانی مارکسیزم (ئەگەرچی بەشێوەی عامیانە و ناشیرین) بە شێوەیەکی بەرین تەشەنەی سەند، لە هەمانکاتدا دەبێث وەبیری بێنینەوە کە ئەم یەکگرتنە بە تەواوی بێ «کۆث و مەرج»یش نەبوو. هۆکاری سەلماندنی ئەوەش کۆمەڵە بەرهەمەکانی مارکسیستی» بەڵگەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی تەکامولی ئابوری روسیا»یە کە لە ساڵی 1895 لەلایەن سانسۆرچییەکانەوە سووتێنرا. ئەگەر لێکچواندنی سازشی چاپەمەنی لەگەڵ مارکسیستەکانی عەلەنی بە یەکێتی سیاسی ڕێگاپێدراو بوو، لێکچواندنی ئەو کنێبەش بەگرێبەستی سیاسی ڕێگا پێدراوە.

هەڵبەث هۆکاری دابڕان ئەوە نەبوو، کە «هاوپەیمانان» لە کوانووی تاقیکردنەوەدا بۆرژوا-دیموکراث هاتنەدەر. بە پێچەوانەوە، تاکو ئەو جێگایەی قسە لەسەر ئەرکەکانی دیموکراتیکی سۆسیال دیموکراسیە و لە بارودۆخی ئەمڕۆکەی روسیادا لە پلەی یەکەمی گرنگیدان، نوێنەرانی دیموکراسی بۆرژوازی هاوپەیمانانی ئاسایی و باشی سۆسیال دیموکراسین، بەڵام مەرجی پێویسث بۆ ئەو چەشنە یەکگرتنانە ئەوەیە، کە سۆسیالیستەکان بە تەواوی بواری ئەوەیان هەبێث ناکۆکیەکی لە ئاشتی نەهاتوو، کە لەنێوان بەرژەوەندی چینی کرێکار و بەرژەوەندی بۆرژوازیدا هەیە، بۆ چینی کرێکار لەقاو بداث. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بێرنیشتاینیزم و ئەو ستراتیژە» رەخنەگرانە»ی کە زۆرینەی مارکسیستەکانی عەلەنی بە کۆمەڵ کەوتنە داوێنی، بە داشکاندنی مارکسیزم و بە مەوعیزەکردنی تیۆری دابەزاندنی توندوتۆڵی ناکۆکیە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە تیۆری شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا بە

تاڵە و بە دابەزاندنی جێگاو شوێنی بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی چینایەتی تا ئاستی تریدیۆنیۆنیزمی بەرتەسک و خەباتێکی «رێئالیستی» بۆ گەیشتن بە ریفۆرمی بەشێنەیی بەرتەسک، دەرفەتی لە چینی کرێکار زەوت دەکرد و خۆئاگایی سۆسیالیستی دەگەناند. ئەمە بە تەواوی وەکو ئەوە وابوو، کە دیموکراسی بۆرژوازی حاشا لە مافی سەربەخۆی سۆسیالیزم و لە ئاکامدا مافی درێژەدان بە چالاکییەکانی بدات. واتەی ئەمە لە کردەوەدا، هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بکات بە دارەدەستی لیبراڵەکان.

ئاساییە لە بارودۆخێکی وەهادا پچڕانی پەیوەندی لەگەڵیان پێویست بوو، بەڵام تایبەتمەندی «تایبەتی» روسیا بەمشێوەیە خۆی دەرخست، کە پچڕانی ئەم پەیوەندییە بە شێوەی ساکار بووە هۆی دووربونەوەی سۆسیال دیموکراتەکان لە چاپەمەنییەکانی «عەلەنی»، چاپەمەنیەک کە زیاتر لە هەمووو شتێک لەبەردەستی جەماوەردا بو و بە شێوەیەکی بەرین بڵاودەبووەوە. لەم چاپەمەنییانەدا، «مارکسیستەکانی پێشوو» کە «بە دروشمی رەخنەگرتن» راپەڕیبوون و لە جنێودان بە مارکسیزمدا جڵەوی هەر کۆنەپەرستێک کەوتبوون، جێگایان گرتەوە. هاواری «بمرێ ئۆرتۆدۆکسەکان» و «بژی ئازادی رەخنەگرتن» (کە ئێستا «رابۆچیە دێلۆ» دووپاتی دەکاتەوە) بە یەکجاری بوو بە قسە باوەکانی سەردەم، سانسۆرچییەکان و جەندرمەکانیش لە بەرانبەریدا خۆڕاگریان نەکرد. ئەو راستیە لەم بابەتەوە رووندەبێتەوە، کە کتێبی بێرنیشتاینی بەناوبانگ (بەناوبانگ بە تەرزی هێرستراتی) سێجار بە زمانی روسی لەچاپدرا یان زۆباتۆف «4»، خوێندنەوەی کتێبەکانی بێرنیشتاین و پرۆکۆپویچ و ئەوانی دیکەی پێشنیار دەکرد ژمارە 10ی»ئیسکرا». ئێستا ئیتر ئەرکێک کەوتبووە سەرشانی سۆسیال دیموکراتەکان کە خۆی لەخۆیدا دژوار بو و کۆسپی دەرەکیش بە شێوەیەکی بێوێنە دژوارتری کردبوو، ئەویش خەبات لەگەڵ رەوتی نوێدا بوو. ئەو رەوتە

تەنها بە بواری چاپەمەنییەکان بەرتەسک نەبۆوە. گەڕانەوە بەرەو «رەخنەگرتن» بە راکێشانی سۆسیال دیموکراتە پڕاتیسییەنەکان بەرەو «ئێکۆنۆمیزم» هاتە ئارا.

ئەوەی کە پەیوەندی و وابەستەیی نێوان رەخنەگرتنی ئاشکراو ئێکۆنۆمیزمی نهێنی چۆن پەیدابوو گەشەی کرد، بابەتێکی سەرنجڕاکێشە کە دەتوانێت بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت. لێرەدا تەنها پێویستە ئەوە روونبکەینەوە، کە بێگومان ئەو پەیوەندیە هەبووە. هەر بەم بۆنەشەوەCredoی «4» درۆینە هەر ئەوەندە ناوبانگی دەرکرد، کە ئەو پەیوەندیەی بە ئاشکرا درکاند و بەبێ ئەنقەست بنەمای مەیلی سیاسی «ئێکۆنۆمیستی» لەقاودا: با کرێکاران سەرقاڵی خەباتی ئابوری بن (دروستتر ئەوەیە بڵێین: خەباتی تریدیۆنیۆنی، چونکە ئەو خەباتە هەندێک خەباتی سیاسیشی دەگرتەوە، کە لە چوارچێوەی تریدیۆنیۆنی واوەتر نەدەچوو)، رووناکبیرانی مارکسیستیش بۆ «خەباتی» سیاسی لەگەڵ لیبراڵەکاندا تێکەڵ بن. هەڵسووڕانی تریدیۆنیۆنی «لەنێو جەماوەر»دا بووە هۆی ئەوەی کە نیوەی یەکەم بەڕێوە بچێت، رەخنەی ئاشکراش، بە کردەوە دەرهێنانی نیوەی دووهەمی وەکو ئەرکی خۆی دیاریکرد. ئەم قسانە ئەوەندە چەکێکی باش لە دژی ئێکۆنۆمیزم بوو، کە ئەگەر «Credo» نەبووایە، پێویستی دەکرد کرێدۆیەکی بۆ بناشن.

«Credo» نەتاشرا، بەڵام سەربەخۆ لە ئیرادەی خولقێنەرانی و لەوانەیە تەنانەت سەرەڕای ئیرادەی ئەوان بڵاو بووەوە. ئەم پەرەگرافانە کە لە ئاشکراکردنی (بەرنامە)ی نوێدا«4» بەشدار بووە، جاروبار هەندێک گلەیی و گازندەی بیستووە لەسەر ئەوەی بۆچی کورتکراوێک کە لەلایەن ووتاربێژانەوە دەربارەی تیۆرییەکانیان ئامادە کرابوو بەشێوەی رونووس بڵاوکراوەتەوەو مارکی «Credo»ی بەخۆیەوە گرت، تەنانەت لەگەڵ هەندێک نارەزایەتیدا لەچاپەمەنیەکاندا بڵاوکرایەوە! ئەم بەسەرهاتەم بەو

بۆنەوە بیرهێنایەوە، کە یەکێک لەتایبەتمەندیە سەیرەکانی ئێکۆنۆمیزم ئاشکرا دەکات، کە ئەویش ترس لە لە قاودرانە. ئەوە تەنها تایبەتمەندی نووسەرانی«Credo» نییە، بەڵکو تایبەتمەندی ئێکۆنۆمیزم بەگشتییە. هەم «رابۆچایا میسێل» کە شەریفترین و راستگۆترین لایەنگری ئێکۆنۆمیزمە و هەم "رابۆچیە دێلۆ" (کە لە بڵاوبوونەوەی بەڵگە «ئابورییەکان» لە Vedemecum تووڕەیە) و هەم کۆمیتەی کییف کە نزیکەی دوو ساڵ لەوەوپێش نەیویست رێگا بداث «de foi Prefession» بە رەتکردنەوەی نامەیەک کە لە دژی نوسرابوو چاپبکرێث)»8»، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی جیاجیای ئێکۆنۆمیزم ئەم تایبەتمەندییانەیان لەخۆیان نیشانداوە.

ئەم ترسە لە رەخنەگرتن کە لایەنگرانی ئازادی رەخنەگرتن لە خۆیان نیشانی دەدەن، هۆکارەکەی تەنها فێل و تەڵەکە و ساختەکاری نییە (هەرچەند کە بە دڵنیاییەوە هەندێک جار دوور لە فێل و ساختەکاریش نییە، چونکە دانانی نەمامی پێنەگەیشتووی ستراتێژێکی نوێ لەبەردەم ئامانجی هێرشی دوژمن، دوور لە عەقڵە)، تا زۆربەی ئێکۆنۆمیستەکان بەوپەڕی راستگۆییەوە بە چاوێکی خراپەوە دەڕواننە هەر چەشنە موناقەشەیەکی تیۆریک، ناکۆکیەکی فراکسیۆنی، پرسەکانی بەرینتری سیاسی، پڕۆژەکانی رێکخستنی شۆڕشگێڕان و هیتر، (بەپێی ناوەڕۆکی ئێکۆنۆمیستیان دەبێث هەر بەوجۆرە بڕوانن). یەکێک لە ئێکۆنۆمیستەکان کە زۆریش شێلگیرە کاتێک بەمنی وث: «زۆر باشە گشث ئەو کارانە بە دەرەوە بسپێرین!». ئەو بەو قسەیەی خۆی تیۆریەکی زۆر باو (دیسانەوە تریدیۆنیۆنی) درکاند، کە باس لەوە دەکات، کاری ئێمە تەنها هەڵسوڕان لەنێو بزووتنەوەی کرێکاری و رێکخراوە کرێکارییەکانە لێرە، واتە لە

شوێنی ژیانماندایه گوایه شتەکانی دیکه کۆمەڵێک پرەنسیپی وشکن که له خۆوه دەریانهێناوه. به وتەی نوسەرانی نامەی چاپکراو لەژماره (12) ی «ئیسکرا» که لەگەڵ ژماره (10)ی "رابۆچیه دێلۆ"دا هاوڕابوون، «زۆر بایەخدان به ئایدئۆلۆژی»یه.

ئێستا ئەو پرسیاره دێته گۆڕێ که: بەم تایبەتمەندییانەی «رەخنەگرتنی» روسی و بێرنیشتاینیزمی روسی، ئایا ئەرکی ئەو کەسانەی که نەک تەنها له قسەکردندا، بەڵکو له کردەوەشدا دەیانەوێت لەگەڵ ئۆپۆرتۆنیزم دژایەتی بکەن، دەبێت چی بێت؟ یەکەم، دەبێت قۆڵی لێ هەڵماڵن و ئەو هەڵسوڕانه تیۆریکە، که ماوەیەک لەوەوپێش له قۆناغی مارکسیزمی عەلەنیدا دەستپێکرد و ئێستا دیسانەوه کەوتۆته سەر شانی هەڵسوڕاوانی بەشی نهێنی، دەستپێبکەنەوه. بەبێ وەها هەڵسوڕانێک، گەشەی سەرکەوتووانەی بزووتنەوەکەمان مومکین نییه. دووەم، پێویست بوو چالاکانه له دژی «رەخنەگرتنی» عەلەنی که بیرو زەینی هەمووانی کۆت و بەند دەکرد، خەبات بکرێت. سێهەم، پێویست بوو له بزووتنەوەی پراکتیکدا چالاکانه له دژی دووبەرەکایەتی و ڕاڕایی خەباتبکرێت و پەرده لەسەر هەر چەشنه چەواشەکاریەکی خوازراو، یان نەخوازراو، که به مەبەستی سوککردنی بەرنامه و تاکتیک دەدرێت، هەڵبماڵرێت و رەتبکرێتەوه.

ئەوەی که "رابۆچیه دێلۆ" نه یەکەمیانی ئەنجامدا و نه دووەم و نه سێیەم. زۆر روونه و پێویسته له خوارەوه له رووی جیا جیاوه به تێروتەسەلی ئەو راستیه روون بکەینەوه، بەڵام ئێستا دەمانەوێت نیشانی بدەین، که له لایەکەوه چ ناکۆکیەکی بەرچاو لەنێوان خواستی «ئازادی رەخنەگرتن» و له لایەکی دیکەوه تایبەتمەندییەکانی «رەخنەگرتن» له وڵاتی ئێمه و ئێکۆنۆمیزمی روسی هەیه. له راستیشدا چاو به دەقی بڕیارنامەیەکدا بخشێنین، که تێیدا «یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای دانیشتوی دەرەوه، جەختی له

بۆچوونی ”رابۆچیە دێلۆ“ی کردەوە:

«بێگومان ئـازادی رەخنەگرتن لە تیۆری سۆسیال دیموکراسی لەنێو چاپەمەنییەکانی حزبی، لە ئاستێکدا کە ئەو رەخنەیە لەگەڵ لایەنی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی ئەو تیۆرە ناکۆک نەبێت، بۆ گەشەی سۆسیال دیموکراسی بە پێویست دەزانین». («دوو کۆنگرێس» ل 10).

بەڵام هۆکار: بڕیارنامە «لە بەشی یەکەمی خۆیدا تەبای  بڕیارنامەی حزبی لۆبێکە کە دەربارەی بێرنیشتاین دەرکراوە»، هاوپەیمانان لە جیهانی ساوێلکەی خۆیاندا نابینن، کە بەم رێنوسکردنە چۆن testimonium pauperatatis (گەواهینامەی هەژاری) خۆیان واژۆ دەکەن!... «بەڵام لەبەشی دووەمی خۆی، تەنانەت زیاتر لە کۆنگرەی حزبی ئازادی رەخنەگرتن بەرتەسک دەکاتەوە».

کەوایە بڕیارنامەی ئەم «یەکێتییە» لە دژی بێرنیشتاینەکانی روسیا؟ بێجگە لەوە ئاماژەکردن بە کۆنگرەی لۆبێک تەواو بێمانا دەبێت! بەڵام کە دەوترێت ئەو بڕیارنامەیە « ئازادی رەخنەگرتن بەرتەسک دەکاتەوە»، راست نییە. ئەڵمانەکان لە بڕیارنامەی هانۆڤەی خۆیاندا خاڵ بەخاڵ ئەو پێداچونەوانەیان رەتکردەوە، کە بێرنیشتاین پێشنیاریکردووە و لە بڕیارنامەی لۆبێکیشدا هەڕەشەیان لە بێرنیشتاین کرد و لە بڕیارنامەکەدا بە تایبەتی ناویان هێنا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هیچکام لە لاساییکەرەوەکانی «ئـازاد»ی ئێمە سەبارەت بە هیچکام لە نیشانەکانی»رەخنەگرتن»ی تایبەتی روسیا و ئێکۆنۆمیزمی روس وشەیەکیشیان نەوتووە. بەو شێوەیە بێدەنگی گرتن و تەنها ئاماژەپێدان بە لایەنی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی تیۆری زۆر زیاتر رێگە بۆ ئەوە دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی هەڵە تێی بگەن و رێگا بۆ چەواشەکاری خۆش دەکات، بە تایبەتی هەر کاتێک ئەم «یەکێتییە» نەیەوێت «ئێکۆنۆمیزم» لەدەستەی ئۆپۆرتۆنیزم دابنێت (دوو کۆنگرە- ل 8، خاڵی یەک)، بەڵێ ئەمە پەراوێز بوو. خاڵی سەرەکی ئەوەیە

هەڵوێستێک کە ئۆپۆرتۆنیستەکان بەرانبەر بە سۆسیال دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان گرتویانەتە بەر، لە ئەڵمانیا و روسیا بە تەواوی لەگەڵ یەک دێتەوە. هەروەک ئاگادارین لە ئەڵمانیا، سۆسیال دیموکراتەکانی شۆڕشگێڕ لایەنگری ئەوەن ئەو شتەی ئێستا لە ئارادایە رابگرن، واتە لایەنگری ئەو بەرنامە و تاکتیکە دێرینەن کە هەمووان لێی ئاگادارن و ئەزمونی دەیان ساڵە بە تەواوی وردەکارییەکانیەوە روونیکردۆتەوە، بەڵام «رەخنەگران» دەیانەوێت گۆڕانکاری جێگای سەرنجی خۆیان تێدا بکەن و بەهۆی ئەوەی، کە ئەم رەخنەگرانە کەمینەیەکی کەم و هەوڵی رێویزیۆنیستییان زۆر ترسنۆکانەیە، هەر بۆیە دەتوانین لەوە تێبگەین، کە بۆچی زۆرینە تەنها بەرەنگردنەوەی «رێویزیۆنیستەکان» قەناعەتیان کردووە.

لە روسیای ئێمەشدا، رەخنەگران و ئێکۆنۆمیستەکان لایەنگری راگرتنی ئەو شتەن کە ئێستا هەیە: «رەخنەگران» دەیانەوێت دیسانەوە خۆیان بە مارکسیست دابنێن و ئازادی رەخنەگرتنیان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی کەڵک لە هەموو بابەتەکان وەربگرن (چونکە لەراستیدا ئەوان هیچکاتێک هیچ چەشنە نەزم و فۆرم و پەیوەندیەکی حزبیان قبوڵ نەبووە»8» و ئێمەش خاوەنی ناوەندێکی حزبی وەها نەبوین کە بە پێشنیاریش بوویێت، بتوانێت ئازادی رەخنەگرتن «بەرتەسک» بکاتەوە). ئێکۆنۆمیستەکان دەیانەوێت شۆڕشگێڕان دان بە «بەجێ بون و تەواو کامڵبونی بزووتنەوەی ئێستا»(رابۆچیە دێلۆ» ژمارە10 ل25)، واتە »یاسایی بونی» ئەو شتەی لە ئارادایە، بنێن و پشتگیری بکەن.

ئەوان دەیانەوێت «ئایدۆلۆگەکان» بۆ بەلارێدابردنی بزووتنەوەکە لە رێگایەکەوە کە «لە رێگەی کاریگەری توخمەکانی مادی و شوێنی مادی دیاریدەکرێت (نامە لە ژمارە 12ی «ئیسکرا») هەوڵنەدەن. ئەوان دەیانەوێت خەباتێک کە کرێکاران لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانن باشی بکەن و ئەو خەباتەی، کە لە راستیدا لەم ساتەدا کردوویانە بە مومکین بناسرێت، (پەراوێزی

جیاوازی «رابۆچا یامیسێل» ل 14). بە پێچەوانەوە، ئێمە سۆسیال دیموکراتەکان، لە کڕنۆش بردن بۆ رەوتی خۆڕسک، واتە لە بەرانبەر ئەو شتەی کە «لەم ساتەدا» بونی هەیە، ناڕازین. ئێمە خوازیاری گۆڕانکاریەکی تاکتیکین، کە لەم ساڵانەی دواییدا فەرمانڕەوایی کردووە، ئێمە دەڵێین «پێش ئەوەی کە یەکبگرین و بۆ ئەوەی کە یەکبگرین سەرەتا و بە راشکاوی پێویستە، سنوری نێوان خۆمان دیاری بکەین» (وەرگیراو لە ئاگاداری پەیوەندیدار بە بڵاوکردنەوەی ئیسکرا) «8». بە کورتی ئەڵمانییەکان لە بەرانبەر ئەوە دەمێننەوە کە ئێستا هەیە و هەرچەشنە گۆڕانێک رەتدەکەنەوە، بەڵام ئێمە خوازیاری ئەوەین، کە ئەوەی هەیە بگۆڕێت و کڕنوش بردن بۆی و سات و سەوداکردن لەگەڵی رەتدەکەینەوە.

ئەوانەی لەم جیاوازییە ‹چکۆڵە›یە حاڵی نەبوون کە روونوسیان لە »ئازادی رەخنەگرتن»ی بڕیارنامەکانی ئەڵمانی کردووە.

د) ئەنگڵس دەربارەی گرنگی خەباتی تیۆریک

«دەمارگیری، پرەنسیپی پەرەستی وشک»، «چەقبەستویی حزب سزای ئەو کەسانەیە، کە بە زۆرەملێ بیریان کۆتکردووە»، ئەمانەن ئەو دووژمنانەی کە پاڵەوانانی «ئازادی رەخنەگرتن› دژی "رابۆچیە دێلۆ"دا دەستییان دایە چەک. ئێمە لە هاتنە گۆڕی ئەم کێشەیە وەکو کێشەیەکی رۆژ خۆمان زۆر بە خۆشحاڵ دەزانین و پێشنیاردەکەین ئەم کێشەیە بە پرسیارێک تەواو بکرێت:

### دادوەران کێن؟

دوو ئاگاداری سەبارەت بە گۆڤارەکان لە بەردەممان دایە. یەکێکیان «بەرنامەی "رابۆچیە دێلۆ" ئۆرگانی بەردەوامی یەکێتی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا»، (کۆپی ژمارەی یەکەمی "رابۆچیە دێلۆ"). ئەوی دیکەیان «ئاگاداری

سەبارەت بە نوێکردنەوەی گۆڤارەکانی گروپی»ئازادی کار«ە. رێکەوتی هەر دوو ئاگاداریەکە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی 1899 کە لەو ساڵەدا «قەیرانی مارکسیزم» دەمێک بوو کەوتبووە بەرنامەی کاری رۆژەوە، بەڵام لەو ئاگاداریانەدا چ دەبینین؟ ئەگەر بنانەوێت لەو بەرهەمەدا، ئاماژەی یەکەم بەم دیاردەیە (واتە پێویستی کاری تیۆریک) و دەربڕینێکی راشکاوانە سەبارەت بە مێتۆدێک کە ئۆرگانی نوێ دەیەوێت بیگرێتە بەر، بدۆزنەوە و بێهۆ دەگەڕێن. نە لەم بەرنامەیەدا و نە لە پاشکۆکانی کە لە ساڵی 190 لە کۆنگرەی سێیەمی» یەکێتی »دا پەسەند کراوە، (دوو کۆنگرە ل 18–15)، تەنانەت یەک وشەش سەبارەت بە هەڵسوڕانی تیۆریک و ئەو ئەرکانەی لە ئێستادا لە بەردەممماندایە، باس نەکراوە. سەرەڕای ئەوەی کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، بابەتە تیۆرییەکان بواری بۆ نیگەرانی هەمووو سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان خۆشکردووە، بەڵام دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ”رابۆچیە دێلۆ“ ئەو بابەتانەی وەلاناوە و پشتگوێی خستوون.

بە پێچەوانەوە لە ئاگاداریەکی دیکەدا (زاریـا) پێش لە هەر شتێک وەبیری دێنێتەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا هەڵسوڕانی تیۆریک لاواز بووە و شێلگیرانە خوازیاری ئەوەیە، کە «سەرنجێکی زۆرتر بە لایەنی تیۆریکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بدرێت» و داوا دەکات کە لە بزووتنەوەکەماندا «شێلگیرانە هێرش بکرێتە سەر مەیلەکانی بێرنیشتاینیزم و مەیلەکانی دیکەی دژی شۆڕش». ژمارەکانی بڵاوکراوەی گۆڤاری »زاریا» نیشانیدەدەن، کە چۆن ئەم بەرنامەیە پراکتیزە دەکرا.

بەمشێوەیە دەبینین کە رستە بریقەدارەکانی دژی چەقبەستوویی فیکری و هێتر پەردەیەکە، کە لەسەر کەمتەرخەمی و داماوی گەشەپێدانی بیری تیۆریک هەڵدەماڵرێت. نمونەی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا بە شێوەیەکی

تایبەتی دیاردەیەک کە لە ئەوروپادا گشتییە (ماوەیەکە کە مارکسیستەکانی ئەڵمانیش پەنجەی بۆ درێژ دەکەن) نیشاندەدات. ئەو دیاردەیەش باس لەوە دەکات، کە مانای ئازادی رەخنەگرتنی درۆیینە گۆڕینی تیۆرێک بە تیۆرێکی نوێ نەبووە، بەڵکو ئازادی لە هەرچەشنە تیۆریەکی هەمەلایەنە و قووڵ، یان بە واتەیەکی دیکە ئێکلێکتیسیزم و بێ پرەنسیپە. هەرکەس تەنانەت تۆسقاڵێکیش ئاشنای بارودۆخی راستەقینەی بزووتنەوەکەمان بێت، ناتوانێت ئەوە نەبینێت کە بڵاوبوونەوەی فراوانی مارکسیزم بە دابەزینی ئاستی تیۆریک هاتۆتە ئارا.

بەهۆی گرنگی و پێشکەوتنی بزووتنەوەکە ژمارەیەکی زۆر چونەپاڵ ئەو بزووتنەوەیە کە لە بواری تیۆریەوە ئامادەییەکی زۆر کەم یان، تەنانەت هیچ ئامادەییەکیان نەبووە، هەر بۆیە دەتوانین داوەری بکەین، کاتێک کە "رابۆچیە دێلۆ" حاڵەتێکی سەرکەوتووانە بە خۆیەوە دەگرێت و لە مارکس بەڵگە دەهێنێتەوە «هەر هەنگاوێک کە بزووتنەوە لە کردەوەدا هەڵیدەگرێت، لە یەک دوو خەروار بەرنامەش گرنگترە»، چەندە بەدوورە لە هەر چەشنە هەست و هەڵسەنگاندنێکی راستەقینە. دووپاتکردنەوەی ئەم قسانە لەم قۆناغە لە شپرزەیی تیۆریکدا وەکو ئەوە وایە کە کەسێک لە کاتی بینینی بە خاک سپاردندا هاوار بکات: «خوا بازاڕتان بات و هەرچی دەبەن تەواو نەبێت!» ئەوە لەحاڵێکدایە، کە ئەم قسانەی مارکس لە نامەیەک وەرگیراوە کە سەبارەت بە بەرنامەی گۆتا نووسیویەتی و لەو نامەیەیدا بەزۆری لە تەرزی نوسینی پرەنسیپەکان بە شێوەی ئێکلێکتیسیزم رەخنە دەگرێت.

مارکس لەم نامەیەدا بۆ سەرانی حزب نوسیبووی کە: «ئەگەر یەکێتی بە پێویست دەزانن بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوە، لە کردەوەدا هەندێک پەیمان ببەستن، بەڵام پرەنسیپ فرۆشی نەکەن و لەبواری

تیۆریکەوە گوزەشتتان نەبێت.» مارکس ئا بەو شێوەیە بیری دەکردەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کەسانێک لەنێو ئێمەدا پەیدا دەبن، کە هەوڵدەدەن لە گرنگی تیۆری کەم بکەنەوە!

بەبێ تیۆریەکی شۆڕشگێڕانە، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەش نابێت. لەوەها بارودۆخێکدا کە بە ئامەزۆرییەوە دوای شێوەکانی بەرتەسکی هەڵسوڕان دەکەون و لە هەمانکاتدا لەگەڵ مەوعیزەی باوکراوی ئۆپۆرتۆنیزم هاودەنگ دەبن، ناتوانن بە باشی لەسەر ئەم بیرە پێداگری بکەن، بەڵام گرنگی خەباتی تیۆریک بۆ حزبی ئێمە بە سێ هۆکار تایبەتمەندیەکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێت کە فەرامۆشی دەکەن: یەکەم، حزبی ئێمە تازە خەریکە پێکدێت، تازە قەوارە پەیدا دەکات و هێشتاش حسێبی خۆی لە ڕەوتەکانی فیکری شۆڕشگێڕانەی دیکە دەرنەکردووە، کە هەڕەشەی ئەوەیان لە بزووتنەوەکە دەکرد بە لاڕێیدا بەرن.

بە پێچەوانەوە، تایبەتمەندی ئەم ڕۆژانەی دوایی (هەروەک چۆن ئاکسلرۆد ماوەیەک لەمەوپێش بۆ ئێکۆنۆمیستەکانی پێشبینی دەکرد)، ئەوەیە کە ڕەوتەکانی ناشۆڕشگێڕی سۆسیال دیموکراتیک ببوژێننەوە. لەم بارودۆخەدا، هەڵەیەک کە لە ڕوانینی یەکەمدا «گرنگ» نایەتە بەرچاو دەتوانێت دڵتەزێنترین ئاسەواری لێ بکەوێتەوە و تەنها کەسانی کورتبین، دەتوانن قسەو باسی فراکسیۆنی و دیاریکردنی وردە ناکۆکییەکان بە نابەوەخت یان قسەی زۆر بە ئەژمار بێنن. لەوانەیە داهاتووی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا بۆ ساڵیانێکی دوور و درێژ بە پتەوبوونی ئەم یان ئەو «وردە ناکۆکی»یەوە گرێ بخوات.

دووهــەم، بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی بەپێی ناوەڕۆکی خۆی تایبەتمەندی نێونەتەوەیی هەیە. مانای ئەوە نەک تەنها ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ شۆڤێنیزمی نەتەوەییدا خەبات بکەین، بەڵکو ئەوەشە کە بزووتنەوەیەک

لە وڵاتێکی تازەدا دەست پێدەکات، تەنها لە بارودۆخێکدا دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت کە ئەزموونی وڵاتانی دیکە بەکاربهێنێت. بۆ ئەو کارەش تەنها ئاشنایی ساکار لەگەڵ ئەم ئەزموونە یان تەنها رونووسکردنی ساکاری دوایین بڕیارنامەکان بەس نییە. بۆ ئەو کارە دەبێت بتوانین بە چاوێکی رەخنەگرانەوە بڕوانینە ئەو ئەزموونە و لێی بکۆڵینەوە. هەر کەسێک ئەگەر هەر ئەوەندە لەبیری خۆیدا وێنای بکات، کە بزووتنەوەی کرێکاری ئێستا بە چ مەزنیەکەوە گەشە و رەگئاژۆی کردووە، تێدەگات کە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکە چ هێزێکی تیۆریک و ئەزموونێکی سیاسی (هەروەها ئەزموونی شۆڕشگێڕانە) پێویستە.

سێهەم، ئەرکەکانی نەتەوەیی سۆسیال دیموکراسی روسیا بە شێوەیەکە، کە تا ئێستا ئەو ئەرکانە نەکەوتۆتە سەرشانی هیچ حزبێکی سۆسیال دیموکرات لە جیهاندا. پێویستە لە خوارەوە باسی ئەو ئەرکە سیاسی و رێکخراوەییانە بکەین، کە کێشەی رزگاری تەواوی خەڵک لەکۆت و بەندی حکومەتی رەها دەیخاتە ئەستۆمان، بەڵام ئێستا تەنها ئەوە بیردێنینەوە، کە «تەنها حزبێک دەتوانێت دەوری تێکۆشەری پێشڕەو ببینێت کە تیۆری پێشڕەو رێنوێنی بێت، بەڵام بۆئەوەی کە واتەی ئەم رستەیە لانیکەم بەشێوەی دیاریکراو بێتە بەرچاو، با خوێنەر کەسانێک لە پێشینیانی سۆسیال دیموکراسی روسیا وەکو گێرتسێن، بلینێسکی، چێرنیشێفسکی و تووێژی پڕ لە شانازی شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردو بیربینێتەوە، با سەبارەت بەگرنگیەکی جیهانی، کە ئێستا ئێتر ئەدەبیاتی روسیا دەستەبەری دەکات بیربکاتەوە، هەر ئەمەش بەسە!

ئێستا کاتی ئەوەیە تێبینییەکانی ئەنگڵس سەبارەت بە گرنگی تیۆری لە بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتیک، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1874، بێنینەوە. ئەنگڵس بە پێچەوانەی ئەوەی، کە لەلای هەندێک کەس باوە، دوو شێوە (سیاسی

و ئابوری) بۆ خەباتی گەورەی سۆسیال دیموکراسی دادەنێت، بەڵکو خەباتی تیۆریکیشی لە ریزی ئەو خەباتانە داناوە و سێ شێوەی بۆ دادەنێت. فەرمانی ئەو بە بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمانیا، کە لە بواری کردەوە و سیاسییەوە پتەو بووە، ئەوەندە بۆ قسەو باسەکانی سەردەمی ئێمە جێگای دەرس لێوەرگرتنە، کە هیوادارین کاتێک بەشێکی دوور و درێژ لە پێشەکی بەرهەمی «Der deutsche Bauernkrieg که ماوەیەکی زۆرە لەناو پەرتووکەکانی یەکێک لە گەورەترین هەڵکەوتووان هاتووە، بۆ خوێنەر هەڵیدەهێنجین، خوێنەر گلەییمان لێ نەکات.

«کرێکارانی ئەڵمانیا لەچاو کرێکارانی ئەوروپی خۆیان دوو تایبەتمەندی باشیان هەیە. یەکەم، ئـەوان سەر بە خەڵکێکن، کە لەبواری تیۆرییەوە لە پێشەوەی تەواوی ئەوروپادان و لەبواری تیۆرییەوە ئەو لێهاتوییەی کە چینەکانی بەناو »خوێندەوار»ی ئەڵمانیا بە تەواوی لەدەستیان داوە، لەواندا ماوەتەوە. بەبێ فەلسەفەی ئەڵمانیای پێش سۆسیالیزمی زانستی و بەتایبەتی بەبێ فەلسەفەی هێگڵ، هەرگیز سۆسیالیزمی بە کردەوەی ئەڵمانیا، کە تاقە سۆسیالیزمی زانستیە و لە مێژوودا هەرگیز وێنەی نەبووە، پێکنەدەهات.

ئەگەر لەنێو کرێکاراندا لێهاتوویی تیۆریک نەبووایە، ئەم سۆسیالیزمە زانستیە هیچ کاتێک لەو ئاستەدا کە ئێستا دەیبینین لەناو کرێکاراندا، رەگاژۆی نەدەکرد. دوو شت مەزنی بەبێ ئەوپەڕی ئەم تایبەتمەندییە باشە دەریدەخات. یەکەم، بێمەیلی ئینگلیزەکان بەرانبەر بە هەر چەشنە تیۆریەک، پێمان نیشاندەدات یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو مەسەلەیە، کە بۆچی بزووتنەوەی کرێکاری ئینگلیز سەرەڕای ئەوەی لەبواری رێکخراوەییەوە لە هەندێک لە پیشەکاندا بە شێوەیەکی درەوشاوەی رێکخراوە، بەڵام ئەوەندە بە هێوری بەرەوپێش دەچێت. دووەم، ئەم تایبەتمەندیەی بزووتنەوەی

کرێکاری ئەڵمانیا شپرزەیی و ڕاڕاییەک نیشاندەداتـ کە پڕۆدۆنیزم لە شێوەی سەرەتاییدا تۆخمەکەی لەنێو فەرەنسییەکان و بەلجیکییەکاندا چاندووە و لە شێوەیەکی بودەڵەییدا کە باکۆنین پێی بەخشیوە، لەنێو ئیسپانییەکان و ئیتاڵییەکاندا چاندویەتی.

تایبەتمەندیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەڵمانییەکان لە هەموووان درەنگتر بەشدارییان لە بزووتنەوەی کرێکاری کرد. هەروەک چۆن سۆسیالیزمی تیۆریکی ئەڵمانیا هەرگیز لەبیری ناباتەوە، کە بەردی بناغەکەی لەسەر شانی سان سیمۆن و فێوریە و ئۆئێن، واتە سێ بیرمەند راوەستاوە، کە سەرەڕای تەواوی لایەنە نادیار و خەیاڵییەکانی فێرکارییەکانیان لە دەستەی گەورەترین بیرمەندانی هەموووو سەردەمەکان بە ئەژمار دێن و بە شێوەیەکی داهێنەرانە و لەپێشدا لەوەها راستییەک تێگەیشتن، کە ئەمڕۆکە ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی زانستی بیسەلمێنین، بزووتنەوەی بە کردەوەی کرێکارانی ئەڵمانیاش نابێتـ هەرگیز لەبیری بباتەوە کە لەسەر شانی بزووتنەوەی کرێکاری ئینگلیز و فەرەنسا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە و ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساوە لە ئەزمونێک کەڵک وەربگرێتـ کە ئەوان بە بەهایەکی گران بەدەستیان هێناوە و لە ئێستادا بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمانیا ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساوە لەو هەڵانەی، کە لەو سەردەمانەدا لە زۆربەی بابەتەکاندا شتێکی چارەهەڵنەگر بوو، خۆببوێرن.

بە راستی ئەگەر نمونەی تریدیۆنەکانی ئینگلیز و خەباتی سیاسی کرێکارانی فەرەنسا نەبووایە، ئەگەر هەژاندنی مەزنی کومۆنی پاریس نەبوایە، ئێمە ئێستا لەکوێدا دەبووین؟ دەبێتـ حەق بە کرێکارانی ئەڵمانیا بدەین کە بە کارزانیەکی بێوێنەوە لە تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتنی خۆیان کەڵکیان وەرگرتـ. لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی کرێکاری پەیدا بووە، ئەمە

یەکەمجارە کە خەباتی کرێکاران بە ڕێکوپێکی بە ئاراستەی هەر سێ ڕێگاکەدا لە ئارادایە: بە ئاراستەی تیۆریک، بە ئاراستەی سیاسی و بە ئاراستەی ئابوری کردەوە، (خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرمایەداران). هێزی لە شکست نەهاتوی بزووتنەوەی ئەڵمانیا بەبۆنەی ئەم هێرشە تەرکیز کراوەوەیە.

کرێکارانی ئەڵمانیا بەهۆی ئەم جێگاو شوێنە تایبەتەی خۆیان لە لایەکەوە و قەتیس مانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری ئینگلیز لەو وڵاتە و سەرکوتی بزووتنەوەی کرێکاری فەرەنسا بە ئاگر و ئاسن لە لایەکی دیکەوە، لە کاتی ئێستادا لە سەرەوەی خەباتی چینی کرێکاردان. ئەوەی کە ڕەوتی ڕووداوەکان تا چ ماوەیەک ڕێگایان پێدەدات ئەو جێگاو شوێنە بۆ خۆیان بپارێزن، بابەتێکە کە هەر لە ئێستاوە ناتوانین پێشبینی بکەین، بەڵام تا کاتێک کە ئەم جێگاو شوێنە بۆ خۆیان دەپارێزن، دەبێت هیوادار بین کە ئەو ئەرکانەی ئەو جێگاو شوێنە دەیخاتە سەرشانیان، بە باشی بە ئەنجامی بگەیەنن.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارە پێویستە هەوڵەکان لەبواری خەبات و بانگەشەدا چڕتر بێنەوە. ئەرکی پێشەوایان بە تایبەتی بریتییە لەوەی کە لە بابەتە تیۆریکەکاندا زیاتر لە جاران بیر و زەینی خۆیان ڕوونبکەنەوە، زیاتر لەجاران لەژێر باری نفوزی ڕستەکانی سوننەتی جیهانبینی کۆن ڕزگاربن و هەمیشە ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە لەو کاتەوە سۆسیالیزم بووە بە زانست، ئەوە دەخوازێت وەکو زانست لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکرێت، واتە بدرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم خۆئاگاییە کە بەمشێوەیە بەدەست هاتووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەریکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، پێویستە بەوپەڕی جدیەوە لەنێو جەماوەردا پەرەی پێبدرێت و ڕێکخراوی حزب و ڕێکخراوی یەکێتییە کرێکارییەکان زیاتر لە جاران قورس و قایم و پتەو بکرێن..

هەر کاتێک کرێکارانی ئەڵمانیا بەمشێوەیە پێشڕەوی بکەن ئەو کاتە ئەوان ئیتر کەسێک نابن کە لەسەر سەری بزووتنەوەوە هەنگاو هەڵدەگرن، چونکە ئەوەی کە کرێکارانی نەتەوەیەک لە سەرەوەی بزووتنەوەدا هەنگاو هەڵبگرین بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی بزووتنەوەکەمان نییە، بەڵکو لە ریزی خەباتکاراندا جێگاو شوێنێکی جێگای رێز بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن و ئەگەر لە ناکاو تاقیکردنەوەی سەخت یان رووداوی چاوەڕواننەکراوی مێژوویی ئازایەتی زۆرتر و ورەی پتەوتر و وزەی زۆرتـری لێ بوێن، هەمیشە چەک بەدەست و ئامادە دەبن».

قسەکانی ئەنگڵس، لە کوانووی تاقیکردنەوەدا پێشبینیانە هاتەدەر. پاش چەند ساڵ لەپڕا بە دەرکردنی یاسای چاوەڕواننەکراوی دژە سۆسیالیستەکان، کرێکاران کەوتنە نێو گەلێک کوانووی تاقیکردنەوەی ئەستەمەوە و بە راستی کرێکارانی ئەڵمانیا چەک بەدەست بەرە و پێشوازی چوون و توانییان لە کوانووی تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتووانە بێنەدەر.

پڕۆلیتاریای روسیا تاقیکردنەوەی زۆر لەوە ئەستەمتری لەبەردەمدایە، خەبات لە دژی دێوەزمەیەکی لەبەردەمدایە کە یاسای چاوەڕواننەکراو لە وڵاتی مەشروتە لەچاو ئەو وەکو مێروو وایە. لەم سەردەمەدا مێژوو نزیکترین ئەرکی لەبەردەم داناوین کە دەتوانم بڵێم لە هەمووو ئەرکە هەنوکەییەکانی پڕۆلیتاریای هەر وڵاتێکی دیکە شۆڕشگێڕانەترە. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە، واتە تێکڕووخانی پاڵپشتی کۆنەپەرەستی، کە نە تەنها لە ئەوروپا، بەڵکو (ئێستا دەتوانین بڵێین) لە ئاسیاش بەهێزترین پاڵپشتی هەیە. پڕۆلیتاریای روسی دەکاتە پێشەنگی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕی نێونەتەوەیی.

ئێمە حەقمانە هیواداربین، ئەو جێگاو شوێنە جێگای رێزەمان هەبێت، کە پێشینیەکانمان، واتە شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی دەیەی حەفتاکان لەخۆیان

نیشانیاندا، بەڵام بەو مەرجەی کە بتوانین بزووتنەوەکەی خۆمان، کە هەزارجار پان و بەرینتر و قوڵتر لەو بزووتنەوەیە، کە لەو سەردەمەدا لەئارادا بوو، بەو تین و تەوژمە تەیار بکەین.

2. بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەری و هۆشیاری سۆسیال دیموکراسی

وتمان بزووتنەوەکەمان کە لە چاو بزووتنەوەی ساڵەکانی دەیەی (70) دا قوڵتر و بەرینترە. دەبێت بە تین و تەوژم وزەی بێدرێغی ئەو کات تەیار بکریت. لەراستیدا تا ئێستاش گوایە کەس گومانی لەوە نەبووە، کە خاڵی بەهێزی بزووتنەوەی ئەمڕۆ کە لە خەبەرهاتنی جەماوەر (بە تایبەتی پڕۆلیتاریای پیشەسازی)دایە و خاڵی لاوازیشی لە ناتەواوی هۆشیاری و رۆحیدا هێنانی رێبەرانی شۆڕشگێڕیدایە. گوایە لەمدواییانەدا کەشفێکی سوکەسەرانە کراوە، کە هەڕەشەی رووخاندنی تەواوی ئەو تیۆرییانە دەکات کە تا ئەم کاتە لەو بارەیەوە زاڵبووە. ئەم کەشفە لەلایەن ”رابۆچیە دێلۆ“وە کراوە کە وێڕای موناقەشە لەگەڵ «ئیسکرا» و «زاریا»، قەناعەتی بە نارەزایەتی لە وردەکاریدا نەکردووە، بەڵکو هەوڵیداوە «ناکۆکیە گشتییەکان بگەیەنێتە ریشەیەکی قوڵتر، واتە »ناکۆکی لە هەڵسەنگاندنی گرنگی رێژەیی توخمی خۆڕسک و توخمی «رێکوپێک»ی وشیاری.

تێزی «رابۆچیەدیلۆ» بۆ تۆمەتبارکردنی»ئیسکرا» و»زاریا»باس لەوە دەکات: «زلکردنەوەی دابەزاندنی گرنگی فاکتەری بابەتییانە رەوتی خۆڕسکی تەکامول». ئێمە لە بەرانبەریدا دەڵێین: ئەگەریش موناقەشەی «ئیسکرا» و «زاریا» لە بنەڕەتدا هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی بێجگە لەو ئاکامەی کە بیری ”رابۆچیە دێلۆ“ی بەو «ناکۆکیە گشتییانە» گەیاندووە، نەدەگەیاند، دیسانەوە دەرئەنجامێک ئێمەی بە قەناعەت دەگەیاند، چونکە ئەو تێزە مانایەکی زۆری هەیە و بە باشترین شێوە گشت ناوەڕۆکی ناکۆکییە تیۆری و سیاسیەکانی ئێستا

،که له نێوان سۆسیال دیموکراتەکانی روسیادا له ئارادایه، رووندەکاتەوه. هەر بەم هۆیەشەوەیه که پەیوەندی نێوان هۆشیاری و جوڵانی خۆڕسک گرنگیەکی گشتی زۆری پەیدا کردووه و پێویسته به ئێرو ئەسەلی ئێی ڕابمێنین.

ا) دەستپێکی هەڵچوونی بزووتنەوەی خۆڕسک

له بەشی پێشوودا، ئامەزرۆیی گشتی لاوانی خوێندەواری روسیا، له ناوەڕاستی ساڵەکانی دەیەی نەوەدمان، بەرانبەر به ئیۆریەکانی مارکسیزم بیرهێنایەوه، هاوکات مانگرتنه کرێکارییەکانی پاش جەنگی ناسراو به جەنگی پیشەسازی له ساڵی1896یش که له پترسبۆرگ هاته ئارا، لایەنێکی گشتی بەخۆیەوه گرت. ئەشەنەسەندنی ئەم مانگرتنانه له سەرانسەری روسیا نیشانەیەکی ئاشکرای قوڵایی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بوو که سەر لەنوێ بەرەو هەڵچوون دەچوو. ئەگەر بمانەوێت سەبارەت به «ئوخمی خۆڕسک» قسه بکەین، هەڵبەت پێویسته پێش له هەر شتێک ئەم بزووتنەوەی مانگرتنه به بزووتنەوەیەکی خۆڕسک بزانین، بەڵام بزووتنەوەکانی خۆڕسک پێکەوه جیاوازییان هەیه. له ساڵەکانی دەیەی حەفتاو له ساڵەکانی دەیەی شەست (ئەنانەت لەنیوەی یەکەمی سەدەی19) له روسیاشدا گەلێک مانگرتن هاتنه ئارا که ئێکشکاندنی «خۆڕسک»ی مەکینەکان و هیتری بەدواوه بوو. ئەنانەت مانگرتنەکانی ساڵەکانی دەیەی نەوەد لەچاو ئەم «هەڵچوونانه» جۆرێک خەباتی «هۆشیارانه» به ئەژمار دەهات. هەنگاوێک که بزووتنەوەی کرێکاری لەو ماوەیەدا بەرەو پێشەوه هەڵیگرتووه، تا ئەو ڕاده گەورەیه.

ئەمه پێمان نیشاندەدات که «ئوخمی خۆڕسک» لەڕاستیدا هەمان شێوازی ساوایی وشیاریه. لەم کاتەدا هەڵچوونەکانی سەرەتاییش ئیتر سیمبولی به خەبەرهاتنی رۆحی وشیاری بوو: کرێکاران ئیمانی دێرینی خۆیان به هەتا هەتایی بوونی ئەو نەزمەی که گوشاری دەخسته سەریان، لەدەستدا بوو

ورده ورده پێویستی خۆڕاگری بە کۆمەڵیان هەست پێدەکرد و بە راستی لە ملکەچبونی کۆیلەئاسا بەرانبەر بە ئاغاکانی سەرمایەدار خۆیان دەبوارد، بەڵام ئەمە زۆرتر دەربڕینی بێهیوایی و تۆڵە بوو، تاکو خەبات. مانگرتنەکانی ساڵەکانی دەیەی نەوەدەکان دەرکەوتنی وشیاری لە ئاستێکی زۆرتردا نیشاندەدەن.

لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک داواکاری دیاریکراو دێنەگۆڕێ، لەپێشەوە ساتی گونجاو لەبەرچاو دەگیرێت، رووداو و نمونە بەرچاوەکانی شوێنەکانی دیکە قسەو باسیان لەسەر دەکرێت و هیترو هیتر. ئەگەر یاخیبونەکان تەنها راپەڕینی خەڵکانی ستەملێکراو بوو، لە بەرانبەردا مانگرتنی یەک لە دوای یەک تۆوی خەباتی چینایەتی بوون، بەڵام تەنها تووخمی خەباتی چینایەتی بوون، نەک شتێکی دیکە. ئەم مانگرتنانە خۆی لە خۆیدا هێشتا خەباتی سۆسیال دیموکراتیک نەبوون، بەڵکو خەباتی تریدیۆنیۆنی بوو، ئەمە هێمای بە خەبەرهاتنی دوژمنایەتی لە ئاشتی نەهاتوی کرێکاران و خاوەنکاران بەرامبەر بەیەک بوو، بەڵام کرێکاران لەو کاتەدا لە ناکۆکیەکی ئانتاگۆنیستی کە لە نێوان بەرژەوەندی ئەوان و گشت رژیمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا بوو، وشیار نەبوون و نەیاندەتوانی ئاگاداربن، بە واتەیەکی دیکە ئەوان وشیاری سۆسیال دیموکراتیکیان نەبوو. ئەگەر لەم بوارەوە سوک و سەنگی بکەین، مانگرتنەکانی ساڵەکانی دەیەی نەوەد سەرەڕای ئەوەی کە لەچاو «یاخی بوونەکان» پێشکەوتنێکی گەورە بە ئەژمار دەهاتن، بەڵام دیسانەوە هەر تایبەتمەندی بە تەواوی خۆڕسکیان هەبوو، یان بەواتەیەکی دیکە بە تەواوی خۆڕسک بوون.

ئێمە وتمان وشیاری سۆسیال دیموکراتیک، نەیدەتوانی لە بنەڕەتدا لەنێو کرێکاراندا بوونی هەبێت. ئەم وشیاریە تەنها دەتوانێت لە دەرەوە بچێتە نێو کرێکاران. مێژووی هەمووو وڵاتان نیشانیدەدات، کە چینی کرێکار بەهێزی

خۆی تەنها دەتوانێت وشیاری تریدیۆنیۆنیستی بەدەست بێنێت، واتە باوەڕ بەوە بێنێت، کە دەبێت یەکێتی کرێکاری پێکبهێنێت، لە دژی خاوەنکاران خەبات بکات و دەوڵەت ناچار بکات هەندێک یاسا دەربکات کە بۆ کرێکاران پێویستە و هیتر «10»، بەڵام فێرکاریەکانی سۆسیالیزم لەو تیۆریە فەلسەفی، مێژوویی و ئابوریانەوە پەیدا بووە و گەشەی کردووە کە نوێنەرانی بیرمەندی چینەکانی دەوڵەمەند و روناکبیر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. تەنانەت مارکس و ئەنگڵس، داهێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی هاوچەرخیش لە بواری جێگاو شوێنی کۆمەڵایەتیەوە لە دەستەی روناکبیرانی بۆرژوازی بوون. فێرکاریەکانی تیۆریکی سۆسیال دیموکراسی لە روسیاش هەر بەمشێوەیە بە تەواوی سەربەخۆ لە گەشەی خۆڕسکی بزووتنەوەی کرێکاری، وەکو دەرئەنجامی سروشتی و چارهەڵنەگری تەکامولی فیکری روناکبیرانی شۆڕشگێڕی سۆسیالیست پێکهاتووە.

لە سەرەتای قۆناغی جێگای باسی ئێمەدا، واتە دەستپێکی ناوەڕاستی ساڵەکانی دەیەی نەوەددا ئەم فێرکارییە نە تەنها بەرنامەیەکی رێکوپێکی گروپی «ئازادیکار» بوو، بەڵکو زۆربەی لاوانی شۆڕشگێڕی روسیاشی بەرەو لای خۆی راکێشابوو.

بەمشێوەیە لەم کاتەدا هەم بە خەبەرهاتنی خۆڕسکی جەماوەری کرێکار، واتە بە خەبەرهاتنی رۆحی ژیان و خەباتی وشیارانە بوونی هەبوو، هەم لاوانێکی شۆڕشگێڕ کە بە تیۆری سۆسیال دیموکراسی تەیار بوون و روویان هێنابووە کرێکاران. لەم بابەتەوە راستیەک کە هەمیشە لەبیر دەکرێت و (کەمتر لێی ئاگادارن) بە تایبەتی زۆر گرنگەو ئەویش ئەوەی کە یەکەمین سۆسیال دیموکراتەکانی ئەو قۆناغە بە گەرم و گوڕی سەرقاڵی تەبلیغاتی ئابوریبوون (لەم بوارەدا، فەرمانە باشەکانی نامێلکەی «سەبارەت بە بانگەشە»یان لەبەرچاو دەگرێت، کە لەو کاتەدا هێشتا دەستنووس بوو)، بەڵام ئەم بانگەشە ئابوریەیان،

نەک تەنها بە تاقە ئەرکی سەرشانی خۆیان نەدەزانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە هەمان سەرەتاوە بەرینترین ئەرکی مێژوویی سۆسیال دیموکراسی روسی و رووخاندنی حکومەتی رەهایان بە تایبەتی دەهێنایە گۆڕێ. بۆ نمونە ئەو دەستەیە لە سۆسیال دیموکراتەکانی سەن پترسبۆرگ کە «یەکێتی خەباث لە رێگای رزگاری چینی کرێکار»یان دامەزراند، هەر لە کۆتایی ساڵی1895 یەکەم ژمارەی گۆڤاری"رابۆچیە دێلۆ"یان دیاریکرد. ئەم ژمارەیەی رابۆچیە دێلۆ کە بە تەواوی بۆ چاپ ئامادەبوو، جەندرمەکان لەکاتی هێرشی شەوانەی شەوی نۆی دێسەمبەری1895، لەلای ئەندامێکی ئەم گروپە بە ناوی ئاناتۆلی ئالێکسیۆ ویچوانیۆف کەشفیان کردو بەمشێوەیە "رابۆچیە دێلۆ" لەشێوەی سەرەتایی خۆیدا نەیتوانی رووی بڵاوبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت.

سەروتاری ئەم رۆژنامەیە (کە لەوانەیە بۆ وێنە پاش سی ساڵ روسکایا ئیستارینا «ییەک لە ئەرشیفی ئیدارەی پۆلیسدا بیدۆزێتەوە)، ئەرکەکانی مێژوویی چینی کرێکاری لە روسیا وەسفدەکرد و بەدەستهێنانی ئازادی سیاسی لە سەرووی ئەو ئەرکانە دانابوو. دواتر بابەتێک لە ژێر ناوی «وەزیرانی ئێمە چۆن بیردەکەنەوە» هاتبوو، کە بۆ کێشەی قەڵاچۆکردنی کومیتەکانی فێرکاری نەخوێندەواران لەلایەن پۆلیسەوە تەرخان کرابوو، بێجگە لەوە زنجیرەیەک نامەی تێدابوو، کە تەنها پترسبۆرگی نەدەگرتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە شوێنەکانی دیکەی روسیاوە هەبوو. (بۆ وێنە سەبارەت بە لێدان و ئەزیەت و ئازاری کرێکاران لە ویلایەتی یاروسلاول). بەمشێوەیە دەبینین ئەم رۆژنامەیە، کە ئەگەر هەڵەم نەکردبێت «یەکەمین تاقیکردنەوە»ی سۆسیال دیموکراتەکانی روس لە ساڵەکانی دەیەی نەوەد بوو، تایبەتمەندی بەرتەسکو تایبەتمەندی «ئابوری» نەبوو، بەڵکو هەوڵیدەدا خەبات و مانگرتنی کرێکاران لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە دژی حکومەتی رەها یەکبخات و تەواوی ئەو

کەسانەی، کە لە سیاسەتی کۆنەپەرەستی زیانیان پێگەیشتووە، بۆ پشتیوانی لە سۆسیال دیموکراسی رابکێشن.

هەر کەسێک تۆسقاڵێک لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمەدا ئاشنایی بووبێت، بێگومان دەڵێت کە وەها رۆژنامەیەک بەوپەڕی حەزەوە لەلایەن کرێکارانی پایتەخت و رووناکبیرانی شۆڕشگێڕەوە پێشوازی لێدەکراو بە شێوەیەکی بەرین بڵاودەکرایەوە، بەڵام سەرنەکەوتنی ئەم کارە تەنها نیشانەی ئەوەیە کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەو سەردەمە بەهۆی کەمبوونی ئەزمونی شۆڕشگێڕانە و نەبوونی ئامادەیی بە کردەوە لە ئەستۆی دابینکردنی پێویستیەکانی هەنووکەیی ئەو سەردەمە نەهاتن. دەبێت سەبارەت بە «سان پێتێر بورگسکی رابۆچی لیستیک (لاپەڕەی کرێکاری سەن پترسبۆرگ)»12» و بەتایبەتی سەبارەت بە «رابۆچایا گازیتا» واتە (رۆژنامەی کرێکاری) و سەبارەت بە»مانیفێست»ی حزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی روسیاش، کە لە ساڵی 1898 پێکهاتبوو، هەر ئەوە بڵێین.

ئاساییە کە تەنانەت ئەوەش بەبیرماندا نایەت، کە هۆکاری نەبوونی ئەو ئامادەییە بخەینە مل رێبەرانی ئەو سەردەمە، بەڵام بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئەزمونی بزووتنەوەکە و دەرس وەرگرتن لەو ئەزمونە، پێویستە بە تەواوی لە هۆکارەکان و گرنگی ئەم یان ئەو کەموکوڕییە تێبگەین. هەر بەم بۆنەشەوە سەلماندنی ئەم بابەتە زۆر گرنگە کە بەشێک (لەوانەیە زۆرینەی) ئەو سۆسیال دیموکراتانەی کە لە ساڵەکانی 1895–1898 هەڵدەسوڕان، هەر لەو کاتەدا، واتە لە هەمان سەرەتای دەستپێکی بزووتنەوەی «خۆڕسک»دا بە تەواوی خۆیان بە حەق و بەجێ دەزانی، کە بە بەرینترین بەرنامە و بە تاکتیکێکی خەباتکارانە بێنە مەیدان «12»، ئامادە نەبوونی شۆڕشگێڕانیش کە رووداوێکی زۆر ئاسایی بوو، نەیدەتوانی هیچ چەشنە نیگەرانیەکی تایبەتی لێبکەوێتەوە.

بەهۆی ئەوەی کە شێوەی تێگەیشتن لە ئەرکەکان دروسیاڵ بو و بۆ هەوڵی بەردەوام لە ڕێگای بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکانە تین و تەوژم و وزەی پێویسڵ هەبوو، بێئاکام مانەوەی کاتیش نیوەی نەهامەتیەک بوو. لێزانی شۆڕشگێڕانە و کارزانی لە ڕێکخستن تایبەتمەندیەکە تەنها دەتوانین بە دەستی بێنین. تەنها پێویستە مەیلی پێویسڵ بۆ بارهێنان لە تاکەکەسدا هەبێڵ! تەنها دەبێڵ شعوری تێگەیشتن لەکەموکڕییەکان لە کاری شۆڕشگێڕانە، کە لەگەڵ نیوەی چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان یەکسانە، هەبێڵ!

بەڵام کاتێک کە ئەم شعورە بەرەو لە ناوچوون چوو (لە ریزی ڕێبەرانی ئاماژەپێکراودا ئەو وشیاریە زۆر بەهێز بوو)، کاتێک کە هەندێک کەس (تەنانەڵ ئۆرگانەکانی سۆسیال دیموکراتیک) پەیدا بوون کە ئامادەبوون کەموکوڕییەکان، تا ئاستی خاڵی بەهێز ببەنە سەرەوە، و تەنانەڵ هەوڵیاندا کڕنوش بردنی خۆیان بۆ بزووتنەوەی خۆڕسک بە ڕوونکردنەوەی تیۆریک پاساو بدەن، ئەو کاتە ئەو نەهامەتییە بوو بە نەهامەتیەکی گران. کاتی ئەوەیە لەو ڕەوتەی کە ناوەڕۆکەکەی بە شێوەیەکی نادروسیاڵ بە واتەی «ئێکۆنۆمیزم»، بە واتەیەک شیدەکرێتەوە کە بۆ دەربڕینی زۆر کەمە، بە دەرئەنجامێک بگەین.

### ب) چۆکدادان لە بەرامبەر بزووتنەوەی خۆڕسکدا «رابۆچایا میسێل»

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ڕەنگدانەوەکانی ئەم کورنوش بردنە بۆ بزووتنەوەی خۆڕسک، ڕاستی تایبەتی خوارەوە (کە لەو سەرچاوەیەوە بە ئاگاداریمان گەیشتووە) بەبیر دێنینەوە. ئەم ڕاستییە تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن لەنێو ئەو هاوڕێیانەی کە لە پترسبۆرگدا کاریان دەکرد، ناکۆکی

لەنێوان دوو ستراتیژی داهاتووی سۆسیال دیموکراسی روس پەیدا بووە و گەشەیکردووە. لە سەرەتای ساڵی 1897 بۆ ئا.ئا وانییێف و هەندێک لە هاوڕێیانی، پێشئەوەی کە بۆ سیبیریا دووربخرێنەوە، رەوتی رووداوەکان بە شێوەیەک چووە پێشەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا«12» کە ئەندامانی (پیر) و (لاو)ی یەکێتی خەبات لەرێگای رزگاری چینی کرێکار لە دەوری یەک کۆبوونەوە، بەشداری بکەن.

بەشی سەرەکی قسەو باسەکان لەسەر رێکخراو و بە تایبەتی سەبارەت بە «پێڕەوی ناوخۆی سندوقی کرێکاری» بوو کە لە ژمارە 9–10ی «لیستێک رابۆۆتنیکا» (لاپەڕەی 46) چاپ و بڵاوکرایەوە. لەناکاو لەنێوان (پیران) (یان بەو چەشنەی کە سۆسیال دیموکراتەکانی پترسبۆرگ لەو کاتەدا بە گاڵتە پێیاندەوت «دێکابریستەکان») و ژمارەیەک لە«لاوان» (کە دواتر لەنزیکەوە لە «رابۆچایا میسێل»دا بەشدار بوون) ناکۆکیەکی بەرچاو و موناقەشەیەکی گەرموگوڕ هاتە ئارا. «لاوان» بەرگرییان لە بنەماکانی پێڕەوی ناوخۆ هەر بەو شێوەیەی کە چاپکرابوو، دەکرد. «پیران» بە پێچەوانەوە دەیانوت کە ئەوەی پێش هەر شتێک بۆ ئێمە پێویستە قایمکردنی «یەکێتی خەبات لە رێگای رزگاری چینی کرێکار» و کردنی بە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەیە، کە دەبێت هەمووو سندوقە کرێکارییەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تایبەتی فێرکاری پرەنسیپەکان لە نێوان لاوانی خوێندکار و هیتردا رێبەرایەتی بکات.

ئاساییە کە ئەو کەسانە لە سەرەتادا نەیاندەتوانی سەرەتای جیابوونەوە لەو ناکۆکییانەدا ببیننەوە و جەوهەری ناکۆکییەکان روون نەبوو، بە پێچەوانەوە وەکو ناکۆکیەکی بە هەڵکەوت چاوییان دەکرد، بەڵام ئەم راستیە نیشانیدەدات، کە سەرهەڵدان و باوبوونی «ئێکۆنۆمیزم» لە روسیاش هەرگیز بەبێ خەبات دژ بە سۆسیال دیموکراتە» پیرەکان» بەڕێوە نەچووە (زۆربەی ئێکۆنۆمیستەکان ئەمە

لەبیر دەکەن). ئەگەریش ئەم خەباتە لەزۆر بابەتدا ئاسەوارێکی «بەڵگەمەند»ی بەدوای خۆیدا بەجێ نەهێشت، تاقە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەندامانی کۆڕ و کۆمەڵەکان بە خێرایی گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات و خێرا بەخێرا لەلایەن جەندرمەکانەوە دەستبەسەر دەکران و کۆڕ و کۆمەڵێکی نوێ دەهاتە جێگای و هیچ چەشنە ئیدامەکارییەک بوونی نەبو و بەم پێیە ناکۆکییەکان لەهیچ بەڵگەنامەیەکدا تۆمار نەدەکرا.

سەرهەڵدانی «رابۆچایا میسێل» ئێکۆنۆمیزمی دەرخست، بەڵام ئەمەش لە ناکاو و لەپڕانێک نەبوو. دەبێت بارودۆخی کار و تەمەنی کورتی زۆرینەی کۆڕ و کۆمەڵەکانی روسیا بە تایبەتی لە بەرچاو بگرین (ئەمەش تەنها کەسێک دەتوانێت بە تایبەتی لەبەرچاوی بگرێت کە ئەو رەوتەی بە چاوی خۆی بینیبێت). بۆ ئەوەی بزانین کە سەرکەوتن، یان بێئاکام مانەوەی ستراتێژی نوێ لەشارە جۆراوجۆرەکان چ شتێکی بە هەڵکەوتی زۆری تێدایە و چۆن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ نە تەنها هاودەنگەکان، بەڵکو نەیارانی ئەو ستراتیژە «نوێ»یەش هیچکامیان نەیاندەتوانی و هیچ ئامرازێکیان لەبەردەستدا نەبوو کە ئەو بابەتە روون بکەنەوە و بزانین ئایا بە راستی ئەمە ستراتێژێکی تایبەتە یان ئەوەی کە تەنها نیشانەیەکە لەنەبوونی ئامادەیی هەندێک کەس.

بۆ نمونە لە ژمارەکانی یەکەمی «رابۆچایا میسێلا» کە لەسەر نایلۆن چاپکرابوو، زۆربەی هەرەزۆری سۆسیال دیموکراتەکان تەنانەت بەهیچ شێوەیەک ئاگادار نەبوون و ئەگەر ئێستا دەتوانین پشت بە سەروتاری ژمارەیەکی ببەستین تەنها بەو بۆنەوەیە کە ئەو سەروتارە لەبابەتی و.ئی. سەرلەنوێ چاپ کرابوو («لیستیک رابۆتنیکا» ژمارە 9–10 ل 47 و ژمارەی دواتر) و ئاساییە کە نووسەری ئەو بابەتەش لەوە چاوپۆشی نەکرد کە بەوپەڕی جدیەوە (کە لەگەڵ عەقڵدا نایەتەوە) تاریفی ئەو رۆژنامە نوێیە، کە لەگەڵ رۆژنامەکان و

پرۆژەکانی ڕۆژنامەکانی سەرەوە جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو، بداتەوە«12». ئەو سەروتارە تەواوی ناوەڕۆکی «رابۆچایا میسێل» و بەگشتی «ئێکۆنۆمیزمی بەشێوەیەک بەیان کردووە کە جێگای خۆیەتی بیدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئەو سەروتارە بەبیرمان دێنێتەوە کە دەستی ناو قۆڵی شین«12»، ناتوانێت پێش بە تەکامولی بزووتنەوەی کرێکاری بگرێت و دواتر لە درێژەدا دەڵێت: «بزووتنەوەی کرێکاری قەرزداری ئەم توانایییەی خۆیەتی کە کرێکار سەرئەنجام جڵەوی چارەنووسی خۆی لەدەست ڕێبەران دەرهێناوە و بە دەستیەوە گرتووە». دواتر بەتێرو تەسەلی تێزە بنەڕەتییە شیدەکەینەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ،کە پۆلیس بە خێرایی ڕێبەرانی (واتە سۆسیال دیموکراتەکانی ڕێکخەری» یەکێتی خەبات لەرێگای رزگاری چینی کرێکار» لەدەست کرێکاران دەرهاویشت «12»، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە سەرەوەدا شتێکی دیکە وتراوە کە گوایە کرێکاران لە دژی ڕێبەرانی خۆیان ڕاپەڕیون و لە کۆت و بەندی ئەوان رزگاریان بووە! بە جێگای بانگەوازی خەبات بەرەو پێشەوە، واتە بەرە و پەرەوکردنی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانە و پەرەپێدانی هەڵسوڕانی سیاسی، بانگەوازی بەرەوداچوون، واتە خەبات بەرەو تریدیۆنیۆنیزمیان کرد.

ڕایانگەیاند کە «هەوڵی بەردەوام بۆ لەبیر نەکردنی ئامانجی سیاسی، کاریگەری لەسەر بنەمای ئابوری بزووتنەوەکە دادەنێت و دروشمی بزووتنەوەی کرێکاری بریتیە لە خەبات لەپێناوی بارودۆخی ئابوری (!) یان بە واتەیەکی باشتر «کرێکاران بۆ کرێکاران». ڕایانگەیاند کە سندوقەکانی مانگرتن «لە سەد ڕێکخراوی دیکە بۆ بزووتنەوەکەمان گرنگترن». (ئەم دیعایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئۆکتۆبەری ساڵی 1897 لەگەڵ قسەو باسی «دێکابریستەکان» لەگەڵ لاوان لە سەرەتای ساڵی 1897 قیاس بکەن) و هیتر و هیتر. قسەو باسی لەو چەشنە کە دەبێت کرێکاری «مامناوەند» یان کرێکاری ئاسایی لەبەرچاو بگیردرێت نەک

«سەرگوڵ»ی کرێکاران و ئەوەی کە «سیاسەتێ هەمیشە لە ئابوری پێڕەوی دەکات»12» و هێتر و هێتر باو ببوو و لەسەر لاوانێکدا کە بە بزووتنەوەکە پەیوەست دەبوون و زۆربەیان تەنها لەگەڵ چەند پارچەیەک لە مارکسیزم کە لە چاپەمەنییە عەلەنییەکاندا بڵاودەکرایەوە، ئاشنا بوون، کاریگەریەکی زۆری دانا.

ئەم ڕەوتە نیشانەی چەککردنی بە تەواوەتی وشیاری لەلایەن ڕەوتی خۆڕسکەوە بوو، ڕەوتی خۆڕسکی ئەو «سۆسیال دیموکراتانەی» کە بیرۆکەکانی ئاغاو. و یان دووپات دەکردەوە، خۆڕسکی ئەو کرێکارانەی کە لە بەرامبەر ئەم قسەیەدا چۆکیان دەدا، کە دەڵێت: چوونە سەرەوەی یەک کۆپێک لە هەر چەشنە سۆسیالیزم و هەر چەشنە سیاسەتێک بەدڵ نزیکتر و بەنرختره و کرێکاران دەبێت»بە وشیاری تەواو بۆ ئەوە خەبات بکەن کە بزانن بۆ خۆیان و منداڵەکانیان خەباتدەکەن، نەک بۆ نەوەکانی داهاتوو»: (سەروتاری «رابۆچایا میسێل» ژمارە یەک).

ئەم چەشنە رستانە هەمیشە جێگای پەسەندی ئەو بۆرژوایانەی ئەوروپای رۆژئاوا بووە کە بەهۆی رق و کینەیان لە سۆسیالیزم (وەکو گیرش سۆسیال، سیاسەتوانی ئەڵمانی) کە بۆ چەقاندنی تەمامی تریدیۆنیۆنیزمی ئینگلیز لە شوێنی لەدایکبوونی خۆیاندا کارییان دەکرد و بەکرێکارانیان دەوت تەنها خەباتێک، کە بۆ خۆیان و منداڵەکانی خۆیانە، نە بۆ نەوەکانی داهاتوو و فلانە سۆسیالیزمی ئایندە، خەباتی پیشەییە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێستا «و.و.ەکانی سۆسیال دیموکراسی روسیا» ئەم رستانەی بۆرژوازی دەجوێنەوە. لێرەدا وەبیرهێنانەوەی سێ تۆخم کە لەکاتی لێکدانەوەی دواتری ناکۆکییەکاندا بە کەڵکمان دێت، زۆر گرنگە»12».

سەرەتا دەبێت بڵێم، کە ئەم چەککردنەی وشیاری لەلایەن ڕەوتی خۆڕسکیشەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە شێوەیەکی خۆڕسک بەڕێوە

چووە. لە رواڵەتدا ئەمە یاریکردن بە وشەکانە، بەڵام هەیهات! ئەمە راستییەکی تاڵە. ئەمە لە رێگەی خەباتێکی ئاشکرای دوو جیهانبینی بە تەواووی ناکۆک و سەرکەوتنی یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیان رووی نەداوە، بەڵکو لە رێگای «ریشەکێشکردن»ی ژمارەیەکی زۆر لە »پیران»ی شۆڕشگێڕ لەلایەن ژاندارمەکان و لە رێگای هێنانە سەر کاری رۆژ لە دوای رۆژی «لاوان»، واتە «و.و.ە‌کانی سۆسیال دیموکراسی روس»ەوە هاتۆتە ئارا.

هەر کەسێک کە تەنانەت لە نێو بزووتنەوەی ئێستای روسیادا بەشداریشی نەکردبێت، بەڵام تەنها هەناسەیەکی تێدا هەڵکێشابێت، زۆر باش دەزانێت، کە مەسەلەکە بەوجۆرەیە. ئەگەر ئێمە بە تایبەتی لەسەر ئەم مەسەلەیە تەرکیز دەکەین، بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو راستیەی بۆ ئاشکرا بێت، ئەگەر بۆ روونتر بوونەوەی مەسەلەکە، هەندێک بەڵگە سەبارەت بەفۆرماسیۆنی سەرەتایی "رابۆچیە دێلۆ" و قسەو باسێک کە لە سەرەتای ساڵی 1897 لە نێوان «پیران» و «لاوان» روویدا، وەکو شایەت دێنینەوە، ئەوە بەو هۆیەیە کەسانێک کە شانازی بە «دیموکراتیزم»ی خۆیانەوە دەکەن لە نەزانی کۆمەڵی فراوان (یان لاوانی بە تەواوی تازە پێگەیشتو) کەڵکاوەژو دەکەن، دواتر دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو مەسەلەیە.

دووەم، ئەوەی کە لە هەمان سەرەتای پەیدابوونی ئێکۆنۆمیزم لەنێو چاپەمەنیەکاندا دیاردەیەک دەبینین، کە زۆر تازەیە. ئەو دیاردەیە بۆ تێگەیشتن لە گشت ناکۆکیەکانی نێوان سۆسیال دیموکراتەکانی ئێستا گرینگیەکی بێ سنوری هەیە. بەڵام ئەو دیاردەیە چییە؟ ئەو دیاردەیە ئەوەیە، کە لایەنگرانی «بزووتنەوەی لە سەدا سەد کرێکاری»، واتە ئەوانەی کوڕنۆش بۆ نزیکترین و «ناوخۆیی»ترین (رستەی "رابۆچیە دێلۆ"یە) پەیوەندی بە خەباتی پڕۆلیتاری دەبەن و نەیارانی هەرچەشنە رووناکبیرێکی غەیرە کرێکارین (ئەگەریش

رووناکبیری سۆسیالیست بێت)، ناچارن بۆ بەرگری لە تیۆرەکانی خۆیان پەنا بۆ ئەو هۆکارانە ببەن کە «تریدیۆنیۆنیستەکان»ی بۆرژوازی دەیهێنینەوە. ئەوە پێمان نیشان دەداتا کە «رابۆچایا میسێل» هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت، بۆ بە کردەوە دەرهێنانی بەرنامەی «Credo» دەست بەکار بووە. ئەوە نیشانیدەدات کە "رابۆچیە دێلۆ" بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لەوەحاڵی بێت کە هەرچەشنە کوڕنوش بردنێک بۆ رەوتی بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاری، هەرچەشنە بچووک کردنەوەی رۆڵی «وشیاری»، واتە رۆڵی سۆسیال دیموکراسی، ئەو کەسە چ بیەوێت یان نەیەوێت، ماناکەی بەهێز کردنی نفوزی ئایدئۆلۆژیای بۆرژوازی لەناو کرێکاراندایە. گشت ئەو کەسانەی کە باس لە «زلکردنەوە رۆڵی ئایدئۆلۆژیا» و زۆر بایەخدان بە رۆڵی وشیاری و هێنر دەکەن، پێیانوایە کە بزووتنەوەی لەسەدا سەد کرێکاری خۆی لەخۆیدا دەتوانێت ئایدئۆلۆژیایەکی سەربەخۆ بۆ خۆی دابڕێژێت و دایدەڕێژێت؟ گوایە تەنها پێویستە کرێکاران «چارەنووسی خۆیان لەدەست رێبەرەکانیان دەربکێشن؟»، بەڵام ئەمە هەڵەیەکی بەرچاوە. بۆ تەواوکردنی ئەو بابەتانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، قسەکانی خوارەوەی کارڵ کائۆتێسکی کە زۆر گرنگ و بەجێیە و سەبارەت بە گەڵاڵەی بەرنامەی نوێی حزبی سۆسیال دیموکراسی نەمسا وتراوە، وەکو شایەت دێنمەوە(14).

«زۆربەی رەخنەگرانی ریڤیژینیستیمان پێیانوایە کە گوایە مارکس دیعایەی کردووە کە تەکامولی ئابوری و خەباتی چینایەتی نەک تەنها بارودۆخی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی، بەڵکو بەشیوەی راستەوخۆ هۆشیاری پێویستی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیش پێکدەهێنێت. بەو بۆنەوەیە کە ئەم رەخنەگرانە ناڕەزایەتی دەردەبڕن و دەڵێن چۆن وڵاتی ئینگلیز، کە سەرمایەداری تێیدا لە هەمووو شوێنێکی دیکە زیاتر گەشەی کردووە، زیاتر لە هەموووان

لەو وشیاری بە دوورە. لە رووی ئەم گەڵاڵەوە لەوانەیە وا بێنە بەرچاو کە کومیسیۆنی داڕشتنی بەرنامەی نەمساش لەگەڵ ئەو بۆچوونە بەناو ئۆرتۆدۆکسە لە مارکسیستییە، کە بەو شێوەیەی سەرەوە رەتدەکرێتەوە، شەریکە.

لەو گەڵاڵەیەدا دەوترێت: «بە هەر رادەیەک تەکامولی سەرمایەداری ژمارەی پرۆلیتاریا زیاتر دەکات، هەر بەو رادەیەش پرۆلیتاریا ناچار دەبێت و ئەو بارودۆخەی بۆ دەرەخسێت، کە لە دژی سەرمایەداری خەبات بکات. پرۆلیتاریا وردە وردە تێدەگات کە سۆسیالیزم نەک مومکینە، بەڵکو پێویستە». ئەگەر ئەو پەیوەندیە بە فەرمی بناسین، ئەوکات وادێنە بەرچاو کە وشیاری سۆسیالیستی دەرئەنجامی چارەهەڵنەگر و راستەوخۆی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو قسەیە بە هیچ شێوەیەک راست نییە. ئاساییە کە سۆسیالیزم، وەکو فێرکاریەک، هەرئەوەندە لە پەیوەندییە ئابورییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لەو پەیوەندیانەدا ریشەی هەیە، هەر ئەوەندەش ئەم خەباتە چینایەتییە لە خەبات لە دژی هەژاری و بێدەرەتانی جەماوەر کە بەرهەمی سەرمایەداریە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام سۆسیالیزم و خەباتی چینایەتی یەکیان لەدایکبوی ئەوەی دیکەیان نەبووە، بەڵکو لە پاڵ یەکتریدا پێکدێن و پەیدابونیان بەرهەمی پێشەکیەکی جۆراوجۆرە. وشیاری سۆسیالیستی ئێستا تەنها دەتوانێت لە سەر بنەمای زانیاریەکی قوڵی زانستی پەیدا بێت.

لە راستیدا زانستی ئابوری سەردەمی ئێمە هەر بەو رادەیە مەرجی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستیە، کە بۆ وێنە تەکنیکی ئێستا ئەو مەرجەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە پرۆلیتاریا سەرەڕای تەواوی مەیلێک کە بۆ ئەوە هەیەتی، ناتوانێت نە ئەمیان و نە ئەوییان پێکبێنێت. هەردووکیان لە رەوتی خەباتی

کۆمەڵایەتی ئێستاوە سەرچاوە دەگرێت. پڕۆلیتاریا هەڵگری زانستیش نییە، بەڵکو رووناکبیرانی سۆسیالیستی هەڵگری زانستن: سۆسیالیزمی ئێستاش لە مێشکی تاکەکانی ئەم تووێژەدا پەیدا بووە و لەلایەن ئەوانەوە بۆ پڕۆلیتاریایەک، کە لە بواری تەکامولی فیکریەوە بەرچاوە، دەگوازرێتەوە و دواتر لە جێگایەکدا کە بارودۆخ لەبار بێت، دەیبەنە نێو خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریاوە. بەمپێیە،وشیاری سۆسیالیستی شتێکە، کە لە دەرەوە دێتە نێو خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا و لەو خەباتەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەسەر ئەم بنەمایەش لە بەرنامەی کۆنی »هاینفیلڵد«دا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە وترابوو، کە ئەرکی سۆسیال دیموکراسی بریتییە لەوەی کە وشیاری سەبارەت بە جێگاو شوێنی پڕۆلیتاریا و وشیاری سەبارەت بە ئەرکەکانی بباتە نێو بیرو مێشکی پڕۆلیتاریاوە. (وەرگێڕانی وشە بە وشە دەبێتە ئەوەی کە مێشکی پڕۆلیتاریا لەو وشیاریە پڕبکاتەوە). ئەگەر ئەو وشیاریە بە شێوەی خۆڕسک لە خەباتی چینایەتیەوە سەرچاوەی بگرتایە، ئیتر پێویستی باسکردنی ئەوە لە گۆڕێدا نەبوو، بەڵام گەلاڵەی تازەی ئەم بنەمایەی لە بەرنامەی کۆن وەرگرتووە و بەو پرەنسیپەوە پەیوەندی داوەتەوە، بەڵام ئەمە بە تەواوی رەوتی بیرکردنەوەی پچڕاندووە..«.

ئێستا کە ناتوانین باس لەئایدۆلۆژیایەکی سەربەخۆ بکەین، کە جەماوەری کرێکار لە رەوتی بزووتنەوەکەی خۆیاندا پێکیانهێنابێت، تەنها دەتوانین بابەتەکە بەیەک شێوە بێنینە گۆڕێ: یان ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی یان ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی. لێرەدا ئایدۆلۆژیایەکی ناوەڕاست بوونی نییە (چونکە مرۆڤایەتی تا ئێستا ئایدئۆلۆژیایەکی «سێهەم»ی پێکنەهێناوە و بە گشتی لە کۆمەڵگایەکدا کە گیرۆدەی ناکۆکی چینایەتییە، هیچ چەشنە ئایدۆلۆژیەک لە دەرەوەی چینەکان نابێت).

بەم پێیە هەرچەشنە داشکاندنێکی گرنگی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی و هەر چەشنە خۆبە دوورگرتنێک لە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی خۆی لە خۆیدا بە واتەی بەهێزکردنی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازیە. قسە لە ڕەوتی خۆڕسک دەکەن، بەڵام تەکامولی خۆڕسکی بزووتنەوەی کرێکاری تەنها دەبێتە هۆی ئەوەی کە تابیعی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی بن و ئەو ڕەوتە بەپێی بەرنامەی «Credo» بەڕێوە دەچێت، چونکە بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاران هەر ئەو تریدیۆنیۆنیزم و (Nur–Gewerkschaftlerei)ەیە و تریدیۆنیۆنیزم شتێک نییە، بێجگە لە دیلیەتی ئایدۆلۆژیکی کرێکاران لەلایەن بۆرژوازیەوە، هەر بۆیە ئەرکی ئێمە، واتە ئەرکی سۆسیال دیموکراسی خەبات لە دژی ڕەوتی خۆڕسکە، ئەرکی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیە، کە بزووتنەوەی کرێکاری لە مەیلی خۆڕسکی تریدیۆنیۆنیزم کە خۆی دەکێشێتە ژێر باڵ و سایەی بۆرژوازیەوە لابدات و بیکێشێتە ژێر سێبەری سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕەوە.

بەم هۆیە ڕستەسازییەکانی نووسەرانی نامەی «ئابوری» لە ژمارە 12ی «ئیسکرا»دا سەبارەت بـەوەی کە هیچکام لە هەوڵەکانی سەرمەشقترین ئایدۆلۆژیاکانیش نابێت بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕێگایەک لابدات، کە کاریگەری تۆخمەکانی ماددی و شوێنی ماددی دیاریکردووە، بە مانای خۆبواردن لە سۆسیالیزمە و ئەگەر ئەم نووسەرانە بیانتوانیایە بەبێ ترس و شێلگیرانە ئەوەی کە دەڵێن سەنگ و سووک بکەن، واتە هەر ئەو کارە بکەن کە هەر کەسێک دەچێتە نێو هەڵسوڕانی چاپەمەنی و کۆمەڵایەتیەوە دەبێت بیکات، ئیتر کارێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە، بێجگە لەوەی کە «دەستی نازەروری خۆیان لەسەر سینەی خاڵی دابنێن» و مەیدانی کردەوە یان بۆ ئاغایانی سترۆوەکان و پرۆکۆپوویچەکان کە بزووتنەوەی کرێکاری «بەرەو ڕێگای کەمترین خۆڕاگری»، واتە بەرەو ڕێگای تریدیۆنیۆنیزمی بۆرژوازی پاڵ پێوەدەنێن، یان بۆ ئاغایانی

زۆباتۆفەکان کە بەرەو ڕێگای «ئایدۆلۆژیا»ی قەشەیی و ژاندارمی دەیبەن، خاڵی بکەن.

نمونەی ئەڵمانیا بەبیر بێننەوە. خزمەتی مێژوویی لاساڵ بە بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمانیا چی بوو؟ گەورەترین خزمەتی لاساڵ ئەوە بو کە بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕێگای تریدیۆنیۆنیزمی پرۆگرسیست و کێئۆپراتیویزم کە بەشێوەی خۆڕسک (بە بەشداری خێرخوازانەی شولتسە-دێلیچ و لەو چەشنە) بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچوو، لابدەن. بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە شتێک پێویست بوو کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ قسەو باسەکانی داشکاندنی گرنگی خەباتی خۆڕسک و تاکتیک-پڕۆسە و کاریگەری توخمەکان و شوێن و هیتر لەسەر یەکتری وەکو یەک نەبوو.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە خەباتێکی تووندوتۆڵ لە دژی ڕەوتی خۆڕسک پێویست بوو. تەنها لە ئاکامی وەها خەباتێکدا، کە چەندین ساڵی بەردەوام بوو، بۆ وێنە ئەو سەرکەوتنە بە دەستهات کە کرێکارانی بەرلین لە پاڵپشتی حزبی پرۆگرسیستەوە بوون بە یەکێک لەباشترین قەڵاکانی سۆسیال دیموکراسی. ئەم خەباتە (بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی کەسانێک کە مێژووی بزووتنەوەی ئەڵمانیا لەڕوانگەی پرۆکۆویچ و فەلسەفە لە ڕوانگەی سترۆوەوە دەخوێننەوە) تا ئێستاش بەهیچ شێوەیەک بە سەر ئەنجامی خۆی نەگەیشتووە.

ئێستاش چینی کرێکاری ئەڵمانیا، ئەگەر وەها ڕستەیەک لە جێگای خۆیدا بێت، لەنێوان چەند ئایدۆلۆژیادا پارچە پارچە بووە: بەشێک لە کرێکاران لە یەکێتییە کرێکارییەکانی کاسۆلیک و پاشایەتیخوازەکاندا گردو کۆبوونەتەوە، بەشێکیان لە یەکێتییەکانی گیرش و یونکر، کە لە لایەن ناوچەکانی بۆرژوای تریدیۆنیۆنیزمی ئینگلیزەوە دامەزراون و بەشی سێیەم لە یەکێتییە کرێکارییەکانی سۆسیال دیموکراتیکدا ڕێکخراو بوون. ئەم بەشەی دواییان، واتە کرێکارانی

سۆسیال دیموکراتی لە بەشەکانی دیکە زۆر زیاترە، بەڵام ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکراسی تەنها لە ڕێگەی خەباتی بێوچان لە دژی ئایدۆلۆژیاکانی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازییەوە ئەو دەسکەوتەی بەدەستهێناوە و تەنها لەم ڕێگایەوە دەتوانێت پارێزراو بمێنێتەوە.

لەوانەیە خوێنەر لە خۆی بپرسێت کە بۆچی بزووتنەوەی خۆڕسک و بزووتنەوەی «کەمترین خۆڕاگری»، بە ئاراستەیەکدا دەچێت کە لە کۆتاییدا ئایدۆلۆژیایی بۆرژوازی بەسەریدا زاڵدەبێت؟ بەم هۆکارە ساکارەوە، کە مێژووی پەیدابوونی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی زۆر کۆنتر لە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستیە و بە شێوەیەکی هەمەلایەنەتر داڕێژراوەو بۆ بڵاوبوونەوەی خۆی ئامرازی زۆرتری لەبەردەستدایە . بەم پێیە بە هەر ڕادەیەک کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە وڵاتێکدا لاوتر بێت، هەر بەو ڕادەیەش خەبات لە دژی هەمووو چنگخستنانەی کە بۆ پنەوکردنی ئایدئۆلۆژیای نا سۆسیالیستی دەکرێت، دەبێت تووندوتۆڵتر بێت و هەر بەو ڕادەیەش دەبێت بە ڕاشکاویەکی زۆرتـرەوە کرێکاران لە ڕاوێژکارانی خراپ، کە هاواریان لە دژی «زۆر بایەخدان بە ئایدئۆلۆژی» و لەو چەشنە بەرز بۆتەوە، بەدوور ڕابگرین. سەیر لەوەدایە نووسەرانی نامەی «ئابوری» هاوڕای ”ڕابۆچیە دێلۆ“ و پشو درێژ نەبوون کە تایبەتمەندی قۆناغی ساوایی بزووتنەوەکەمانە، دەکوتن.

ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین بزووتنەوەکەمان بە ڕاستی لە سەردەمی ساوایی خۆیدایە و بۆ ئەوەی کە خێراتر پێبگات، دەبێت بە تایبەتی لە بەرامبەر کەسانێکدا کە بە کڕنوش بردن بۆ ڕەوتی خۆڕسک پێش بە گەشەکردنی دەگرن، بەکاوەخۆ نەبین، هیچ شتێک گاڵتەجاڕانەتر و زیانبارتر لەوە نییە کە کەسێک بیەوێت خۆی بە پیرێک پیشان بدات کە دەڵێی ماوەیەکە هەمووو قۆناغەکانی خەباتی خۆی تێپەڕاندووە!.

سێیەم، ژمارە یەکی گۆڤاری «رابۆچایا میسێل» هەوڵدەداتْ نیشانی بداتْ کە ناوی «ئێکۆنۆمیزم»، هەڵبەتْ ئێمە نامانەوێتْ دانانی ئەو ناوە لەسەر ئێکۆنۆمیستەکان دەستْ هەڵبگرین، چونکە پڕ بە پێستیانە و بە هەرحاڵ ئێستا ئیتر باو بووە)، بە قەد پێویستْ ناوەڕۆکی رەوتی نویّ بە وردی بەیان ناکاتْ. «رابۆچایا میسێل» بە گشتی نکۆڵی لە خەباتی سیاسی ناکاتْ: لە پێڕەوی ناوخۆی سەبارەتْ بە سندوق کە لە ژمارەیەکی «رابۆچایا میسێل»دا هاتووە، باس لە خەباتْ دژ بە حکومەتْ دەکرێتْ، بەڵام «رابۆچایا میسێل» تەنها لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «سیاسەتْ هەمیشە لە ئابوری پێڕەوی دەکاتْ» (”رابۆچیە دێلۆ“ شێوەی ئەو ئێزەی گۆڕیوە و لە بەرنامەکەی خۆیدا جەختی کردۆتەوە کە «لە روسیادا، زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە خەباتی ئابوری لە خەباتی سیاسی جیانەکراوەیە».

ئەگەر مەبەستْ لە سیاسەتْ، سیاسەتی سۆسیال دیموکراسی بێتْ، ئەو ئێزانەی «رابۆچایا میسێل» و ”رابۆچیە دێلۆ“ بە تەواوی نادروستە. هەروەک دیتومانە لەوانەیە خەباتی ئابوری کرێکاران بە سیاسەتی بۆرژوازی و ئایینی و لەو چەشنە وابەستە بێتْ (تەنانەتْ ئەگەریش ئەم وابەستەییە جیانەکراوە نەبێتْ)، بەڵام ئەگەر مەبەستْ لە سیاسەتْ، سیاسەتی تریدیۆنیۆنیستی بێتْ، واتە تێکۆشانی گشتی هەموو کرێکاران بۆ ناچارکردنی دەوڵەتْ کە هەندێک رێوشوێنی گشتی بگرێتە بەر بۆ ئەوەی بارودۆخی نالەباری کرێکاران باشتر کرێکاران بێتْ، بەڵام ئەم بارودۆخە نالەبارە بە شێوەی ریشەیی نەگۆڕێتْ و چارەسەری نەکاتْ، واتە ملکەچبونی کار لە سەرمایە لە نێو نەباتْ، ئێزەکانی ”رابۆچیە دێلۆ“ دروستە. لە راستیدا، ئەم هەوڵە چ بۆ تریدیۆنیۆنیستەکانی ئینگلیز، کە بەرامبەر بە سۆسیالیزم هەڵوێستێکی رق لە دڵانەیان هەیە، چ بۆ کرێکارانی کاسۆلیک، چ بۆ کرێکارانی «زۆباتۆفی» و چ بۆ کرێکارانی دیکە

باوە. کەوایە سیاسەت لەگەڵ سیاسەت فەرق دەکات.

بەمشێوەیە دەبینین کە «رابۆچایا میسێل» زیاتر لەوەی خەباتی سیاسەتی رەت بکاتەوە، کڕنۆش بۆ رەوتی خۆڕسکی سیاسەت و لایەنی ناوشیارانەی دەبات. «رابۆچایا میسێل» لە حاڵێکدا کە خەباتی سیاسی (یان بە واتەیەکی دروستتر: مەیل و داواکاری سیاسی کرێکاران) کە بە شێوەی خۆڕسک لەسەر بەستێنی بزووتنەوەی کرێکاری دێتە ئارا، بە تەواوی قبوڵ دەکات، لە داڕشتنی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەرکەکانی گشتی سۆسیالیستی و بارودۆخی ئێستای روسیادا بێتەوە، بە تەواوی خۆی دەبوێرێت. لە خوارەوە نیشانی دەدەین کە هەڵەی ”رابۆچیە دێلۆ“ش هەر ئەوەیە.

ج) گروپی «ساموا سواباژدینیە» (رزگاری بەدەستی خۆ) و ”رابۆچیە دێلۆ“:

ئێمە بەو بۆنەوە سەروتاری ژمارە یەکی «رابۆچایا میسێل»مان بە ئێروتەسەلی دایە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبو و ئەمڕۆ بە تەواوی ئەو راستییە لەبیر کراوە، ئەو سەروتارە رەوتێکی گشتی، کە دواتر لە کون و کەلەبەری ورد و بێئەژمارەوە پەیدا بوو. زووتر لە هەموو شتێک و بەرچاوتر لە هەموو شتێک دەردەخات. و.ئی. بە تەواوی هەقی بوو کە لە کاتی بە باڵاهەڵگوتانی ژمارە یەک و سەروتاری «رابۆچایا میسێل»دا رایگەیاند کە ئەو سەروتارە بە شێوەیەکی«توندوتیژ و ئاگرین» نوسراوە («لاپەڕەی رابۆتنیک» ژمارە 10–9 ل 49). هەر کەس کە لە باوەڕی خۆی دڵنیایە و پێیوایە کە شتێکی تازەی هێناوەتە گۆڕێ، بە گڕو تەوژمەوە دەنوسێت و بە شێوەیەک دەنوسێت، کە بۆچوونەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو دەربڕێت. تەنها کەسانێک کە خویان بە دانیشتن لە بەینی کورسیەکان

گرتووە لە نوسراوەکان و وتارەکانیاندا هیچ چەشنە «گرو تەوژمێکی»پێوە دیار نییە، تەنها ئەو کەسانەن، کە دەتوانن سەرەڕای ئەوەی کە تا دوێنێ بۆ بەگرو تەوژمبوونی»رابۆچایا میسێل» کڕنۆشیان دەبرد، ئەمڕۆکە بەهۆی «بەگرو تەوژمبوونی موناقەشەوە» هێرش بکەنە سەر نەیارانی خۆیان.

ئێمە لەسەر «پاشکۆی جیاوازی» «رابۆچایا میسێل» ماتڵ نابین راناوەستین (لە خوارەوە ناچار دەبین بە هۆکاری جۆراوجۆر ئاماژە بەو بەرهەمە بکەین کە لە هەموویان شێلگیرانەتر بیروڕای ئێکۆنۆمیستەکان دەردەبڕێت)، تەنها کورتەیەک لە «بەیانی گروپی رزگاری کرێکار بەدەستی خۆ» (مارسی ساڵی 1899)، ئەم بەیانیەیە لە ژویەی ساڵی 1899 لەژمارە (7)ی رۆژنامەی (لەسەروبەند)ی چاپی لەندەن سەرلەنوێ چاپ کراوەتەوە)، دێنینەوە. نوسەرانی ئەو راگەیاندنە زۆر بەجێ رایدەگەیەنن کە «روسیای کرێکاری» تازە خەریکە بەخەبەر دێت، تازە خەریکە چاو لە دەوروپشتی خۆی دەکات و لەڕووی غەریزەی سروشتیەوە دەست بۆ یەکەمین ئامرازێکی خەبات دەبات کە گیری دەکەوێت»، بەڵام ئەوانیش هەر بەو دەرئەنجامە نادروستەی «رابۆچایا میسێل» دەگەن و فەرامۆشی دەکەن کە غەریزی بوون هەر ئەو نەبوونی وشیاری (خۆڕسک بوونە)یە کە سۆسیالیستەکان دەبێت بۆ چارەسەرکردنی، قۆڵی لێ هەڵماڵن.

ئەوان فەرامۆشیدەکەن کە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا «یەکەم» ئامرازی خەبات کە «گیر دەکەوێت»، هەمیشە ئامرازی تریدیۆنیۆنیە و «یەکەم» ئایدۆلۆژیایەک، کە «گیر دەکەوێت» ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی (تریدیۆنیۆنی) ە، هەروەها ئەم نوسەرانە سیاسەت «رەتناکەنەوە»، بەڵام (تەنها!) وەکو بەڕێز و.و رایدەگەیەنن کە سیاسەت سەرخانەو بەم پێیە «دەبێتە تەبلیغاتی سیاسیش سەرخانی تەبلیغات بۆ خەباتی ئابوری بێت، دەبێت لەسەر بنەمای

ئەو زەمینەیە خەبات گەشە بکات و پەیڕەوی بکات».

بەڵام ”رابۆچیە دێلۆ“ هەڵسوڕانی خۆی یەکسەرە لە «بەرگری» لە ئێکۆنۆمیستەکانەوە دەستپێدەکات. ”رابۆچیە دێلۆ“ پاش ئەوەی، کە لەژمارەیەکی خۆیدا (ژمارە 1 ل 141–142) بێ شەرمانە درۆدەکات و رایدەگەیەنێت، کە گوایە «نازانێت مەبەستی ئاکسلرۆد کام هاوڕێیانی لاو بووە» کە لە بەرهەمی بەناوبانگی خۆیدا داوای لە ئێکۆنۆمیستەکان کردووە خۆیانی لێ بە دوور بگرن، ناچار بوو لە موناقەشەیەکدا، کە لە سەر ئەم درۆیە لەگەڵ ئاکسلرۆد و پلێخانۆف هاتە ئارا، دان بەوەدا بنێت کە ئەو «بە دەربڕینی سەرسووڕمانی خۆی ویستوویەتی لە بەرامبەر ئەم تۆمەتە ناڕەوایەدا (تۆمەتبارکردنی ئاکسلرۆد و ئێکۆنۆمیستەکان بە بیرتەسکی) لە گشت سۆسیال دیموکراتەکانی دانیشتوی دەرەوە کە لاوترن بەرگری بکات». بەڵام لە راستیدا، ئەم تۆمەتە بە تەواوی رەوا بو و ”رابۆچیە دێلۆ“ بە باشی دەیزانی، کە ئەو تۆمەتە لەوانەیە و.ئی ئەندامی دەستەی نوسەرانیش بگرێتەوە. لە هەمانکاتدا پێویستە بەبیری بێنمەوە، کە لەو مەناقەشەیەدا بە تەواوی هەق بە ئاکسلرۆد بو و راڤەکانی”رابۆچیە دێلۆ“ لەسەر بەرهەمەکەی من: «ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی روس» بە تەواوی نادروسیات بووە.

ئەم بەرهەمە لەساڵی 1897 نوسرابوو، واتە کاتێک کە هێشتا «رابۆچایا میسێل» بڵاو نەکرابووە و من ستراتێژی سەرەتایی «یەکێتی خەباتی سەن پترسبۆرگ»م (کە لە سەرەوە شیمان کردەوە)، بە ستراتێژی زاڵ دەزانی و هەقیشم بوو بەو چەشنە بە ئەژماری بێنم. ئەم ستراتێژە لانیکەم لە ناوەڕاستی ساڵی 1898دا بە راستی زاڵبو. هەر بۆیە، ”رابۆچیە دێلۆ“ کەمترین هەقیشی نەبوو، کە بۆ رەتکردنەوەی بوون و مەترسی ئێکۆنۆمیزم

ئاماژە بە بەرهەمێک بکات کە لەو بەرهەمەدا بۆچوونێک شیکراوەتەوە، کە بیروبۆچوونە «ئێکۆنۆمیستیەکان» لە ساڵەکانی 1897–1898 لە سان پترسبۆرگ مەیدانی لێ تەسک کردبوو.

بەڵام "رابۆچیە دێلۆ" نە تەنها بەرگری لە ئێکۆنۆمیستەکان دەکرد، بەڵکو بەردەوام بۆخۆی تووشی هەڵەی ئەوان دەبوو. سەرچاوەی بەلارێداچوون لە واتەی دوولایەنی ئێزی خوارەوەی بەرنامەی "رابۆچیە دێلۆ"دایە: «ئێمە بزوتنەوەی جەماوەری کرێکاری کە لەم ساڵانەی دوایی پێکهاتووە، بە گرنگترین دیاردە لەژیانی روسیا دەزانین کە کاری سەرەکی دیاریکردنی ئەرکەکان و بواری هەڵسووڕانی چاپەمەنی یەکێتی دەبێت». لەسەر ئەوە کە بزووتنەوەی جەماوەری گرینگترین دیاردەیە قسەیەکمان نییە، بەڵام کاکڵەی بابەتەکە لەوەدایە کە چۆن لەدیاردەی «دیاریکردنی ئەرکەکان» بگەین، کە بەدەستی ئەم بزووتنەوە جەماوەریە دیاری دەکرێت. دەتوانین بە دوو شێوە لەوە تێبگەین: یان ئەمە بەمانای کڕنۆش بردن بۆ رەوتی خۆڕسکی ئەو بزووتنەوە، واتە هێنانەخوارەوە و داشکاندنی رۆڵی دیموکراسی هەتا ئاستی چۆکدادان لە بەرانبەر بزووتنەوەیەکی کرێکاری لەو چەشنەیە (شێوەیەک کە «رابۆچایا میسێل»، «گروپی رزگاری بە دەستی خۆی» و ئێکۆنۆمیستەکانی دیکە لێی حاڵی دەبن)، یان بەو واتەیەیە، کە بزووتنەوەی جەماوەری کۆمەڵێک ئەرکی تازەی تیۆری و سیاسی و رێکخراوەیی لەبەردەماندا داناوە کە لەچاو ئەو ئەرکانەی کە لە قۆناغی پێش پەیدابوونی بزووتنەوەی جەماوەری دەمانتوانی قەناعەتی پێ بکەین، زۆر ئاڵۆزتر و گەورەترن. "رابۆچیە دێلۆ" مەیلی بەرەو واتەی یەکەم بووەو هەیە، چونکە سەبارەت بە هیچ ئەرکێکی تازە قسەیەکی نەکردووە، بەڵکو بە تایبەتی هەڵسەنگاندنی هەمیشە بەو شێوەیە بووە، کە گوایە «هاتنە ئارای بزووتنەوە جەماوەری» لە پێویستی تێگەیشتن لەو ئەرکە تازانەی کە

لەلایەن بزووتنەوەی جەماوەریەوە هاتوونەتە گۆڕێ، رزگارمان دەکات.

ئەوە بەسە بەبیری بێنینەوە کە "رابۆچیە دێلۆ" رووخاندنی حکومەتی رەها وەکو یەکەمین ئەرکی بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاری بە نامومکین دەزانێت و ئەو ئەرکەی (بە ناوی بزووتنەوەی جەماوەریەوە) تا ئاستی ئەرکی خەبات بۆ داخوازییە سیاسییەکانی هەنووکەیی دادەشکاند (نامێلکەی «وەڵام» ل 25).

ئێمە بابەتی ب.کریچۆفسکی سەرنووسەری گۆڤاری "رابۆچیە دێلۆ" لە ژمارەی (7)ی ئەو گۆڤارە لەژێر ناوی «خەباتی ئابوری و سیاسی لەنێو بزووتنەوەی روسیا»، کە ئەو هەڵانە دووپات دەکاتەوە، وەلادەنێین و بە شێوەی راستەوخۆ دەچینە سەر ژمارە (10)ی "رابۆچیە دێلۆ". هەڵبەت ئێمە ناپەرژینە سەر لێکدانەوەی نارەزایەتیە جیاوازەکانی ب. کریچۆفسکی و مارتینێف لە دژی «زاریا»و «ئیسکرا». لێرەدا تەنها سەرنجمان بەرەولای ئەو مێتۆدە سەرەکیەی کە "رابۆچیە دێلۆ" لە ژمارەی دەی خۆیدا گرتویەتەبەر، رادەکێشین. بۆ نمونە ئەم بابەتە گاڵتەجارە کە "رابۆچیە دێلۆ" لەنێوان دوو پرەنسیپی خوارەوەدا «ناکۆکیەکی بنەڕەتی» دەبینێت، باس ناکەین. گوێ لەوە بگرن، پرەنسیپی یەکەم:

«سۆسیال دیموکراسی دەست و باڵی خۆی نابەستێتەوە و هەڵسوڕانی خۆی بە نەخشە یان شێوەیەکی لە پێشدا دیاریکراوی خەباتی سیاسی بەرتەسک ناکاتەوە. سۆسیال دیموکراسی هەر چەشنە ئامرازێک قبوڵ دەکات، تەنها بەو مەرجەی کە ئەم ئامرازانە لەگەڵ ئەو هێزانەی ئێستا حزب لێی بەهرەمەندە، هاوتەریب بێت» و هیتر (ژمارە 1 «ئیسکرا»).

پرەنسیپی دووهەم:

لە بارودۆخێکدا کە رێکخراوێکی قورس و قایم کە لە هەموو خەباتێکی سیاسی و هەر چەشنە بارودۆخ و هەر قۆناغێکدا خاراو بێت، بونی نەبێت

ناتوانین سەبارەت بە نەخشەیەکی ڕێکوپێکی هەڵسووڕان، کە بە بنەمایەکی بەکاوەخۆ و ڕوون و بەبێ لادان بە کردەوە دەرهاتبێت و تەنها ئەو نەخشەیە کە شیاوی ئەوەیە ناوی بنێین تاکتیک، تەنانەت قسەیش بکەین» («ئیسکرا» ژمارە 4) (50).

تێکەڵکردنی دوو بابەتی خوارەوە: یەکیان دۆزینەوەی پرەنسیپی گشت ئامرازەکانی خەبات و گشت ئەو نەخشە و شێوانە بەو مەرجەی بە قازانج و گونجاو بن و ئەوی دیکەیان ئەو خواستەیە کە لەکاتی سیاسی ئێستادا، ئەگەر بمانەوێت قسە لە تاکتیک بکەین، دەبێت بەبێ لادان لە نەخشەیەک پێڕەوی بکەین. مانای ئەوەیە کە بۆ وێنە ئەم بابەتە کە پزیشک هەمووو سیستەمە دەرمانییەکانی قبوڵە لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکی دیاریکراودا دەبێت سیستەمێک ڕەچاو بکرێت، تێکەڵ بکەین، بەڵام کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە "ڕابۆچیە دێلۆ" بۆ خۆی تووشی نەخۆشینێکە کە ئێمە ناوی دادەنێین «کڕنۆش بردن بۆ ڕەوتی خۆڕسک» و بە ڕاستیش دووبارەی دەکەمەوە کە پڕ بە پێستیەتی، بەڵام نایەوێت مل بۆ هیچ چەشنە «سیستەمێک بۆ چارەسەرکردنی» ئەو نەخۆشینە بدات.

هەر بەم هۆیەشەوە کەشفێکی سەیریکردووە، سەبارەت بەوەی کە «تاکتیک-نەخشە ڕێک لە بەرامبەر دەقی جەوهەری مارکسیزمدایە» (ژمارە 10 ل 18) و تاکتیک بریتییە لە «پڕۆسەی گەشەی ئەرکەکانی حزب، کە وێڕای حزب گەشە دەکەن» (ل 11). ئەو وشە زەبەلاحەی سەرەوە هەمووو جۆرە بەختێکی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە وشەی زەبەلاح و هەتاهەتایی «ڕێبازی» "ڕابۆچیە دێلۆ". ئۆرگانی ڕێبەرایەتی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیاری: «دەبێت بۆ کوێ بڕۆین؟» دەداتەوە. بزووتن پڕۆسەیەکە کە مەودای شوێنی دەستپێک و شوێنەکانی دیکەی حەرەکەت دەگۆڕێت، بەڵام ئەو بە ناو بیر قوڵییە بێوێنەیە

تەنها بابەتێکی سەیر نییە، (ئەگەر بەوجۆرە بوایە بایەخی ئەوەی نەبوو زۆر لەسەری تەرکیز بکەین)، بەڵکو بەرنامەی ڕێبازێکی تەواو و کەماڵیشە: هەر ئەو بەرنامەیەی کە ر.م. (لە «پاشکۆی جیاوازی» «رابۆچایا میسێل»)دا بەم وشانە رایگەیاندووە: خەباتێک باشە کە نزیک لە ڕوودان بێت و خەباتێکیش، کە نزیک لە ڕوودانە هەر ئەو خەباتەیە کە لە کاتی ئێستادا لە ئارادایە.

ئەمە ڕێگای ئەو ئۆپۆرتۆنیزمە بێکۆتاییەیە کە لەم ساتەدا لەئارادایە. ئەمە ڕێگای ئەو ئۆپۆرتۆنیزمە بێ کۆتاییەیە، کە بەشێوەیەکی پاسیڤ خۆی لەگەڵ ڕەوتی خۆڕسکدا هاوئاهەنگ دەکات.

«تاکتیک- نەخشە لە بەرامبەری دەقی راشکاوی مارکسیزمدایە!»، ئەمە تۆمەتێکە کە لە مارکسیزم دەدرێت و ئەویش برینیە لە کردنی مارکسیزم بە بودەڵەیەکی بێکەڵک کە نارۆدنیکەکان لە جەنگ لەگەڵ ئێمەدا بەکاریاندەهێنا. ئەمە داشکاندنی ئاستی داهێنان و وزەی خەباتکارانی وشیارە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە مارکسیزم بە پێچەوانەوە بەرینترین ئاسۆ بەرەو ڕووی سۆسیال دیموکراسی دەکاتەوە و (ئەگەر بتوانین بەم شێوەیە رایبگەیەنین) هێزێکی لەبن نەهاتوو لە ملیۆنان کەس لە چینی کرێکار کە «بە شێوەی خۆڕسک» دەست دەدەنە خەبات، دەخاتە بەردەستی و لەو ڕێگەیەوە رادەی داهێنان و وزەی سۆسیال دیموکراسی لە ئاستێکی گەورەدا دەوروژێنێت! مێژووی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی لێوانلێوە لەو نەخشانەیە، کە جاروبار لەلایەن ئەم و جاروبار لەلایەن ئەو پێشەوای سیاسیەوە هاتۆتە گۆڕێ و راستی و دروسیاتی دووربینی بۆچوونە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی یەکێکیانی نیشان داوەو کورتبینی و هەڵەی سیاسی ئەوی دیکەی ئاشکرا کردووە. کاتێک کە ئەڵمانیا یەکێک لە گەورەترین گۆڕانکاریە مێژووییەکانی خۆی، واتە پێکهێنانی ئیمپراتۆری، کردنەوەی رایشتاگ و دانی مافی هەڵبژاردنی گشتی تێپەڕدەکرد.

لیبکنێخت سەبارەت بە سیاسەت و هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراسی بە گشتی پلانێکی گشتی هەبو و شۆینسێر پلانێکی دیکە. لە کاتێکدا کە یاسای چاوەڕواننەکراو بەسەر سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیادا رووخا، مۆست و هاسڵمان کە تەنها بانگهێشتی ئەوەیان دەکرد دەبێت دەست بۆ زۆر و تیرۆر ببەن، نەخشەیەکیان هەبوو. هێشبێرگ، شێرام و تا رادەیەک (بێرنیشتاین) کە مەوعیزەی بۆ سۆسیال دیموکراتەکان دەکرد کە ئێوە بە توندوتیژی نواندن و شۆڕشگێڕی بێعەقڵانەی خۆتان بوونەتە هۆی ئەو یاسایە و دەبێت بە شێوەیەک ملکەچی خۆتان نیشانبدەن کە شیاوی لێبوردن بن، نەخشەیەکی دیکەی هەبوو، هەروەها کەسانێک کە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی ئۆرگانێکی نهێنییان ئامادە دەکرد نەخشەیەکی دیکەیان هەبوو.

ئێستاو پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی دوور و درێژ بەسەر ئەو سەردەمەدا کە خەبات لەسەر کێشەی هەڵبژاردنی ستراتیژی کۆتایی پێکهاتووە و مێژوو دوایین بڕیاری خۆی سەبارەت بە بەکەڵکبونی ستراتیژی هەڵبژێردراو راگەیاندووە، هەڵبەت وتنی قسەی زل دەربارەی «پڕۆسەی گەشەی ئەرکەکانی حزب، کە وێڕای حزب گەشە دەکەن» دژوار نییە، بەڵام لە کاتی پشێویدا ، لە کاتێکدا کە «رەخنەگران» و ئێکۆنۆمیستەکانی روسی سۆسیال دیموکراسیان هەتا ئاستی تریدیۆنیۆنیزم داشکاندووە و هەرزان فرۆشیان کردووە و تیرۆریستەکانیش بە قەد قبوڵی «تاکنیک-پڕۆسە» خەریکن هەڵەکانی پێشوی خۆیان دووپات دەکەنەوە و مەوعیزەی دەکەن، لە وەها بارودۆخێکدا قەناعەتکردن بەو چەشنە قوڵ بیریانە بە واتەی ئەوەیە کە «ئیجازەی هەژاری» خۆمان دەرکردبێت. لە کاتێکدا کە عەیبی ژمارەیەکی زۆر لە سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا کەمبونی رۆحی داهێنەرانەو وزە، کەمبوونی «ئاستی داوێنەی بارهینان و ئاژیتاسیۆن و رێکخراوی سیاسی و کەمبوونی «نەخشەی» بەرینتری هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەیە.

لە وەها کاتێکدا وتنی ئەوەی کە: «تاکتیک-نەخشە رێک لە بەرامبەر دەقی جەوهەری مارکسیزمدایە» نە تەنها لە بواری تیۆریەوە بە مانای پیسکردنی مارکسیزمە، بەڵکو لەبواری عەمەلیشەوە بە مانای بەرەودوا بردنی حزبە.

دواتر "رابۆچیە دێلۆ" گوایە فێرمان دەکات کە «ئەرکی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕ ئەوەیە کە لەرێگەی هەڵسوڕانی وشیارانەی خۆیەوە ئەمری تەکامولی عەینی (بابەتی) تەنها خێراتر بکاتەوە، نەک ئەوەی، کە رایبگرێت یان بە جێگای نەخشەی زەینی دابنێت. «ئیسکرا» لە تیۆریدا هەمووو ئەمانە دەزانێت، بەڵام بە راستی مارکسیزم گرینگیەکی زۆر بەکاری وشیارانەی شۆڕشگێڕانە دەدات. «ئیسکرا» بەهۆی هەبوونی تیۆری دەمارگرژانە سەبارەت بە تاکتیک، لە کردەوەدا بەرەو زلکردنەوەی دابەزینی گرنگی توخمی بابەتی، یان خۆڕسکی تەکامول دەڕوات» (ل 18).

ئەمەش دیسانەوە یەکێک لە گەورەترین ئاڵۆزییە فکرییەکانە کە شایستەی برایانی (و.و)وە. ئێمە دەمانەوێت لە فەیلەسوفی بەڕێزی! خۆمان بپرسین کە: «دابەزاندنی» گرنگی تەکامولی بابەتی لەلایەن کەسێکەوە کە نەخشەی زەینی دادەڕێژێت دەتوانێت لە چ شتێکدا رەنگ بداتەوە؟ وا پێدەچێت کە ئەو لەوە چاوپۆشی دەکات کە ئەو تەکامولە بابەتییە، فڵانە چین، تووێژ، گروپ، فڵانە نەتەوە، یان گروپێک لەو نەتەوانە و لەو چەشنە پێکدەهێنێت یان بەهێز دەکات، لەنێو دەبات یان لاواز دەکات و لەم رێگەیەوە فڵانە ریزبەندی نێونەتەوەیی سیاسی هێز، فڵانە بارودۆخی حزبی شۆڕشگێڕ و هیتر بە خۆیەوە گرێدەدات، بەڵام لە وەها بارودۆخێکدا تاوانی ئەو داڕێژەرە گەورەکردنەوەی دابەزاندنی گرینگی توخمی خۆڕسک نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە رادە بەدەر ئاستی گرنگی توخمی وشیاری بە بچکۆڵە نیشاندەدات، چونکە وشیاری ئەو بۆ تێگەیشتنی دروست لە تەکامولی بابەتی بەس نییە. بەمپێیە، تەنها ئەو وتووێژە

سەبارەت بە «هەڵسەنگاندنی گرینگی ڕێژەیی» ڕەوتی خۆڕسک و وشیاری، ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە «وشیاری» بەتەواوەتی بوونی نییە. هەر کات ئەو «توخمە خۆڕسکانەی تەکامول» کە بۆ هەموووان ئاشکرایە و بەگشتی شعوری مرۆڤ توانایی ئەوەی هەبێت تێی بگات، لە وەها بارودۆخێکدا بەدەستەوەدانی هەڵسەنگاندنێکی هەڵە لەو بابەتەوە بە مانای «زلکردنەوەی دابەزینی گرنگی فاکتەری وشیاری» دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم توخمانە بۆ شعووری مرۆڤ قابیلی دەرک نەبێت، ئەوسا ئێمە ناياننانسين و ناتوانين لەسەریان قسە بکەین.

کەوایە ب. کریچۆفسکی باسی چی دەکات؟ ئەگەر ئەو پێی وایە «نەخشەکانی زەینی» «ئیسکرا» هەڵەیە (ئەو بە تایبەتی بە هەڵە رایاندەگەیەنێت)، دەبێت نیشانی بدایە کە ئەو نەخشانە بەرامبەر بە کام ڕاستی بابەتی تایبەت کەمنەرخەمن و دواتر «ئیسکرا»ی بە بۆنەی ئەم کەمنەرخەمیەوە بە نەبونی وشیاری و بەوتەی خۆی «زڵکردنەوەی دابەزینی گرنگی توخمی خۆڕسک» تۆمەتبار بکردایە، بەڵام ئەگەر ئەو کە لە نەخشەکانی زەینی «ئیسکرا» ناڕازیە، بێجگە لە ئاماژەکردن بە «زڵکردنەوەی دابەزینی گرنگی توخمی خۆڕسک»، بەڵگەیەکی دیکەی بەدەستەوە نییە، لەو ڕێگەیەوە تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە یەکەم، لە بواری تیۆریەوە وەکو کارێیفەکان و میخایلۆفسکییەکان لە مارکسیزم حاڵییە کە لە جێگای خۆیدا لەلایەن (بیلتۆف) ەوە ڕەخنەی لێگیراوە، دووەم، لە کردەوەدا لەو «توخمە خۆڕسکانەی تەکامول» کە کاری مارکسیستەکانی ئاشکرای ئێمەی تا ئاستی بێرنیشتاینیزم و سۆسیال دیموکراتەکانی ئێمەی هەتا ئێکۆنۆمیزم دابەزاندووە بە تەواوی ڕازیە، بەڵام لەو کەسانەی بڕیارییان داوە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت سۆسیال دیموکراسی ڕوس لەرێگای تەکامولی «خۆڕسک» بنێنە دەرەوە و ئاراستەیەکی وشیارانەی پێبدەن «زۆر ناڕازیە».

بەڵام ئەوەی کە بە دوای ئەم بابەتەدا دێت، زۆر بەتامە. «هەروەک

چۆن سەرەڕای ئەوەی کە ئەو هەموو سەرکەوتنە لە زانستەکانی سروشتیدا بەدەستهاتوو، هێشتا تاکەکان بەپێی بنەماکانی باوو باپیرانیان زاوزێ دەکەن، هەر بەو چەشنەش پەیدابوونی سیستەمی نوێی کۆمەڵایەتیش لە جیهاندا سەرەڕای تەواوی ئەو سەرکەوتنانەی لە زانستەکانی کۆمەڵایەتیدا هاتۆتە ئاراوە و تێکۆشەرانی وشیار گەشەیان کردووە، لە داهاتوودا زۆرتر دەرئەنجامی تەقینەوەی خۆڕسک دەبێت.» (ل 19). هەر وەک چۆن عەقڵی باوو باپیرانمان دەڵێت: کێیە عەقڵی بە لەدایکبونی منداڵی لە دایکی نەشکێت؟ هەر بەو جۆرەش عەقڵی «سۆسیالیستە تازەکان».

(نێرسیس تۆپۆریلۆف ) دەڵێت کە: عەقڵی هەمووو کەس بۆ بەشداریکردن لە پەیدابوونی خۆڕسکی سیستەمی نوێی کۆمەڵایەتی دەشکێت. ئێمەش پێمانوایە کە عەقڵی هەمووو کەس بۆ ئەو کارە دەشکێت. بۆ وەها بەشداربوونێک ئەوە بەسە کە تاک لە کاتێکدا کە ئێکۆنۆمیزم باوە مل بە ئێکۆنۆمیزم بسپێرێت و لە کاتێکدا کە تیرۆریزم پەیدا دەبێت مل بە تیرۆریزم بداث. بۆ وێنە "رابۆچیە دێلۆ" لە بەهاری ئەمساڵدا، لە کاتێکدا کە ئەرکێکی زۆر گرنگ لەسەر شانی سۆسیالیستەکان بوو، ئەویش ئەوەی کە تاکەکان لە ئامەزرۆبوون بە تیرۆر دوور رابگرین، لە بەرامبەر کێشەیەکدا کە بۆ ئەو تازە بوو، واقی وڕما، بەڵام ئێستا کە شەش مانگ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕ دەبێت و بابەتەکە ئیتر بە رۆژ نییە و کۆن کەوتووە. "رابۆچیە دێلۆ" لە یەککاتدا، هەم رایدەگەیەنێت کە: «ئێمە پێمانوایە ئەرکی سۆسیال دیموکراسی ناتوانێت و نابێت دژایەتیکردن لەگەڵ گەشەکردنی ورەی تیرۆر بێت»("رابۆچیە دێلۆ" ژمارە 1 ل 23) و هەم لە بڕیارنامەی کۆنگرەی خۆیدا دەڵێت: «کۆنگرە، تیرۆری هێرشبەرانە بە ناوەخت دەزانێت» (دوو کۆنگرە ل 18).

بەراستی کە چەندە روون و لۆژیکیە! دژایەتی ناکەین، بەڵام ناوەختی رادەگەیەنین و لە هەمانکاتدا رایدەگەیەنین، کە تیرۆری بەرگریکارانە لە»بڕیارنامە»دا ناگونجێندرێت. دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە وەها بڕیارنامەیەک زۆر بێکەڵک و بێ دەردیسەریە، وەکو ئەوە وایە کەسێک بۆ ئەوە قسە بکات، کە بەدوور بێت لە دەردی سەری! بۆ داڕشتنی وەها بڕیارنامەیەک تەنها یەک شت پێویستە و ئەویش تەکنیکی ئەوەیە کە بە گۆچان و شەلەشەل شوێنی بزووتنەوە بکەویت. کاتێک کە «ئیسکرا» رەخنەی لەم بابەتە گرت کە ”رابۆچیە دێلۆ“ کێشەی تیرۆری بە کێشەیەکی تازە راگەیاندووە، ”رابۆچیە دێلۆ“ دەست بە گۆچان «ئیسکرا»ی بەوە تۆمەتبار کردووە کە «دیعایەکانی بۆ داسەپاندنی ئەو رێگایە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی تاکتیکی بەرێکخراوی حزبی 15 ساڵ لەوەپێش لەلایەن گروپێک لە نوسەرانی کۆچبەرەوە هاتبووە گۆڕێ، بە تەواوی لە عەقڵ بەدوورە» (ل 24). بە راستیش چ دیعایەیەکی سەیر و چ زلکردنەوەیەک لە گرنگی تۆخمی وشیاری: چارەسەرکردنی لە پێشدای کێشەکان لەبواری تیۆریەوە بۆ ئەوەی کە دواتر بتوانێت هەم رێکخراو، هەم حزب و هەم جەماوەر بە دروستی بە قەناعەت بگەیەنێت! ئەوە باشترە کە مرۆڤ ئەو شتانەی روون و ئاشکران دووپاتبکاتەوە و بەبێ «داسەپاندنی» شتێک بەسەر کەسێکدا بەبێ هەر چەشنە «وەرگەڕانەوەیەک» چ بەرەو ئێکۆنۆمیزم و چ بەرەو تیرۆریزم رەچاوی بکات.

”رابۆچیە دێلۆ“ تەنانەت ئەم حیکمەتە گەورەیەی ژیان پەرەپێدەدات و «ئیسکرا» و «زاریا» بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەرنامەکەی خۆی وەکو رۆحێک لەبان سەری کەسانی بێشکڵدا هەڵدەفڕێت و لە بەرامبەر بزووتنەوەدا دادەنێت» (ل 29). ئایا دەور و نەخشی سۆسیال دیموکراسی بێجگە لەوەی کە «رۆحێک» بێت کە نەک تەنها لەبان سەری بزووتنەوەکەوە هەڵفڕێت،

بەڵکو ئەوانیش تا ئاستی «بەرنامەکەی خۆی» بگەیەنێت و گەشەی پێبدات، چییە؟ هەڵبەت نەخشی سۆسیال دیموکراسی ئەوە نییە کە شەلەشەل بەدوای بزووتنەوەدا هەنگاو هەڵبگرێت: لە باشترین حاڵەتدا، ئەمە بۆ بزووتنەوەکەمان بێکەڵکە و لە خراپترین حاڵەتیشدا زیانی پێدەگەیەنێت، بەڵام "رابۆچیە دێلۆ" نە تەنها شوێنی «تاکتیک-پڕۆسە» دەکەوێت، بەڵکو هەتا ئاستی پرەنسیپیش دەیباتە سەرەوە و کڕنۆشی بۆ دەبات، بە شێوەیەک کە دروستتر ئەوەیە کە رێگای ئەوان بەئۆپۆڕتۆنیزمی پاشکۆ ناو ببەین. ناتوانین دان بەوەشدا نەنێین، کە ئەوانەی  ورەی قورس و قایمیان هەیە هەمیشە وەکو کلکی بزووتنەوە بە دوایەوە بن، بۆ هەتاهەتایە لە «زلکردنەوەی دابەزینی گرنگی تۆخمی خۆڕسکی تەکامول» لە ئەماندا دەمێننەوە.

***

بەم شێوەیە بۆمان سەلما، کە هەڵەی بنەڕەتی «رێبازی نوێ» لە سۆسیال دیموکراسی روسدا بریتیە لە کڕنۆش بردن بۆ رەوتی خۆڕسک و تێنەگەیشتن لەو پێویستییە کە رەوتی خۆڕسکی جەماوەر وشیاریەکی زۆری لە سۆسیال دیموکراتەکان دەوێت. بە هەر رادەیەک کە گەشەی خۆڕسکی جەماوەر زۆرتر بێت، بەهەر رادەیەک پانتایی بزووتنەوەکە بەرینتر بێت، هەر ئەوەندەش پێویستی بە وشیاری زۆر، چ لە کاری تیۆریک، چ لە کاری سیاسی و چ لە کاری رێکخراوەیی بۆ سۆسیال دیموکراسی بە خێراییەکی بێوێنەوە زۆرتر دەبێت.

گەشەکردنی خۆڕسکی بزووتنەوەی جەماوەری لە روسیا ئەوەندە بەخێرایی رووی دا (و هێشتاش روو دەدات) کە لاوانی سۆسیال دیموکرات هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە گەورانە ئامادە بکەن. ئامادە نەبوون لەم بوارەدا بۆ هەمووومان، بۆ گشت سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا نەهامەتی بەئەژمار دێت. پێشکەوتنی جەماوەر بەردەوام لەئارادابو و گەشەی

دەکردو نەک تەنها بەو شوێنانەی کە لەوێوە دەستیپێکرد قەتیس نەدەمایەوە، بەڵکو شوێنی تازەو تووێژی نوێی خەڵکیشی دەگرتەوە (بۆ نمونە لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاریدا، جموجوڵی لاوانی خوێندکارو بە گشتی رووناکبیران و تەنانەت جوتیارانیش پەرەی سەند)، بەڵام شۆڕشگێڕانێک تەواوی بزووتنەوەکەیان رێبەری دەکرد کە چ لە تیۆر بداتْ و چ لە هەڵسوڕانیاندا لەو هەڵچونە دوادەکەوتن و نەیاندەتوانی رێکخراوێکی بەردەوام، کە ئیدامەکاری خۆی بپارێزێتْ، پێکبهێنن.

لە بەشی یەکەمدا ئەوەمان سەلماند، کە ”رابۆچیە دێلۆ“ گرنگی ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی لە بواری تیۆریەوە دادەشکێنێتْ و «هەر لە خۆیەوە» دروشمی باوکراوی «ئازادی رەخنەگرتن» دووپاتدەکاتەوە: «وشیاری» ئەوانەی ئەو دروشمەیان دەجویەوە بەو ئاسنە نەگەیشتن کە لە ناکۆکی نێوان ستراتێژی «رەخنەگران»ی ئۆپۆرتۆنیستْ و شۆڕشگێڕان لە ئەڵمانیا و روسیا تێبگەن.

لە بەشەکانی دواتردا دەبینین کە ئەم کڕنۆش بردنە بۆ رەوتی خۆڕسک چۆن لەو بەشەشدا کە پەیوەندی بە ئەرکە سیاسییەکان و هەڵسوڕانی رێکخراوەیی سۆسیال دیموکراسی هەیە، رەنگی داوەتەوە.

### 3. سیاسەتی تریدیۆنیۆنیستی و سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک

دیسانەوەش لە هەڵبەستنەکانی «رابۆچیە دێلۆ»وە دەستپێدەکەین. مارتینێف «بەرهەمی لەقاودەرانە و خەباتی پرۆلیتاری» کردۆتە سەردێڕی بابەتەکەی خۆی سەبارەتْ بە ناکۆکییەکان لەگەڵ «ئیسکرا» کە لە ژمارە (10)ی «رابۆچیە دێلۆ»دا لە چاپدراوە. ئەو ناوەڕۆکی ئەو ناکۆکیانەی بەم شێوەیە فۆرمۆڵبەندی کردووە: «ئێمە ناتوانین تەنها بە لەقاودانی ئەو سیستەمانەی کە لەسەر رێگای گەشەی (حزبی کرێکار)دان، قەناعەتْ بکەین.

پێویستە بە بەرژەوەندییەکانی زۆر نزیک و رۆژانەی پڕۆلیتاریاش وەڵام بدەینەوە» (ل 63). « «ئیسکرا». لە راستیدا ئۆرگانی ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕە کە سیستەمەکانمان و بە تایبەتی سیستەمی سیاسی لەقاو دەدات، بەڵام ئێمە لە رێگای ئارمانی کرێکاریدا خەباتمان کردووە و دەیکەین و لەگەڵ خەباتی پڕۆلیتارياییدا پەیوەندیەکی دەروونی پتەومان هەیە» (هەر لەو لاپەڕەیەدا). ناتوانین بەبۆنەی ئەو فۆرمۆڵبەندیە باشەوە سوپاسی خۆمان ئاراستەی مارتینێف نەکەین. ئەم فۆرمۆڵبەندییە گرینگیەکی گشتی بەرچاو بەخۆیەوە دەگرێت، چونکە لە راستیدا نەک تەنها ناکۆکیەک کە ئێمە لەگەڵ «رابۆچیە دێلۆ» هەمانە، بەڵکو بە گشتی تەواوی ئەو ناکۆکیانەش دەگرێتەوە کە لەسەر پرسی خەباتی سیاسی لەنێوان ئێمە و «ئێکۆنۆمیستەکان»دا هەیە.

ئێمە نیشانماندا کە «ئێکۆنۆمیستەکان بە هیچ شێوەیەک حاشا لە»سیاسەت» ناکەن، بەڵکو تەنها بـەردەوام لە سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیکەوە بەرەو سیاسەتی تریدیۆنیۆنی لادەدەن. مارتینێفیش هەر بەم شێوەیە لادەدات و بەم هۆیەشەوە لەسەر ئەوە کۆکین کە وەکو نمونەی ناوی بنێین لادانی ئابوری. ئێمە هەوڵدەدەین نیشانی بدەین کە بۆ ئەم هەڵبژاردنە نە نوسەرانی «پاشکۆی جیاوازی «رابۆچایا میسێل» و نە نوسەرانی بەیانیەی «گروپی رزگاری بەدەستی خۆ» و نە نوسەرانی ئێکۆنۆمیستی ژمارە (12)ی «ئیسکرا»، هیچکامیان هەقی ئەوەیان نییە هیچ چەشنە نارەزایەتیەک بەرامبەر بە ئێمە دەرببڕن کە بۆچی ئەو ناوەمان بۆ هەڵبژاردوون؟!

ب) بانگشەی سیاسی و بەرتەسککردنی لەلایەن ئێکۆنۆمیستەکانەوە

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە رۆحی بەرین و پتەوی خەباتی ئابوری کرێکارانی روس بە پێکهێنانی «گۆڤار»ی لەقاودەرانەی ئابوری (بارودۆخی فابریکەکان و ژیانی پیشەیی) بەردەوام لە ئارادا بووە. ناوەڕۆکی سەرەکی

«شەونامەکان» لەقاودانی رژێمی کارخانە بووە و بە خێرایی لەنێو کرێکاراندا ورەیەکی راستەقینە بۆ لەقاودانی خاوەنکارانی چەوسێنەریان پەیدا بوو. کاتێک کە کرێکاران دینیان کۆڕ و کۆمەڵەکانی سۆسیال دیموکرات دەیانەوێت و دەتوانن شەونامەی لە جۆری تازە بخەنە بەردەستیان کە هەموو راستییەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی هەژارانە و کاری قورس و تاقەت پڕوکێن و بێ مافی ئەوان باس بکات، دەتوانین بڵێین کە سێڵاوی نامەو پەیوەندییەکان لەلایەن ئەوانەوە لە کارگە و کارخانەکانەوە بۆ ئەو گۆڤارانە دەهاتن. ئەم «گۆڤارە لەقاودەرانە» نە تەنها لە فابریکێکدا کە شەونامە سیستەمەکانی لەقاو دەدا، بەڵکو لە هەمووو ئەو فابریکانەشدا، کە سەبارەت بە بابەتەکانی لەقاودراو شتیان دەبیست، هەرایەکی گەورەی دەنایەوە.

بەهۆی ئەوەی کە هەژاری و کێشە و گرفتەکانی کرێکارانی دامەزراوەکان و پیشە جۆراوجۆرەکان گەلێک لایەنی هاوشێوەی لەگەڵ یەکتری هەبوو، هەر بەو بۆنەشەوە «باسکردنی راستییەکانی ژیانی کرێکاری» هەموووانی دەوروژاند. لەنێو دواکەوتووترین کرێکارانیشدا ورەیەکی راستەقینە بۆ «چاپ و بڵاوکردنەوە»، ورەیەکی ئازایانە بۆ ئەم شێوە سەرەتاییە لە جەنگ دژ بە سەرتاسەری سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ، کە بناغەکەی لەسەر تاڵان و بڕۆ و دەستدرێژی کردن دانراوە، پەیدا بوو بە راستیش «ئەم شەونامانە»یە لە زۆربەی بابەتەکاندا راگەیاندنی جەنگ بوو، چونکە ئەم لەقاودانانە کاریگەریەکی بێوێنەی وروژێنەری دادەناو دەبووە هۆی ئەوەی، کە گشت کرێکاران خوازیاری چارەسەرکردنی هەمووو ئەم کێشەو گرفتە بێزراوانە بن و لە رێگەی مانگرتنەوە ئامادەیی خۆیان بۆ پشتیوانی لەو خواستانە رادەگەیاند.

سەرئەنجام تەنانەت خاوەنانی کارخانەکان تا رادەیەک دانیان بە گرنگی ئەم گۆڤارانە، وەکو راگەیاندنی جەنگ دادەنا، کە زۆربەیان نەیاندەویست

چاوەڕوانی خودی جەنگ بن. ئەم لەقاودانانە، وەکو هەمیشە بەهۆی واقیعی پەیدابوونی خۆیەوە بوو بەهێزێک و بەقەد گوشارێکی مەعنەوی بەهێز گرنگ بوو. زۆرجار تەنها پەیدابوونی شەونامە بۆ دامرکاندنەوەی گشت داخوازییەکان یان بەشێک لەو داخوازیانە بەس بوو. بە کورتی لەقاودانی ئابوری (بارودۆخی نالەباری کارخانەکان) ئامرازێکی گرنگی خەباتی ئابوری بووە و ئێستاش هەیە. تا کاتێکیش کە سەرمایەداری (کە بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر کرێکاران ناچار بەوە دەکات، بەرگری لەخۆیان بکەن)، بوونی هەیە. ئەو گرنگیە هەروا وەک خۆی دەمێنێت.

ئێستا دەتوانین لە پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەوروپیدا ببینین، کە چۆن لەقاودانی کێشەو گرفتەکانی کرێکاران لە»ناوەندێکی سەرمایەداری» دوورەدەســت، یان پیشەیەکی لەبیرکراوی بەرهەمی ناوماڵ دەبێتە هۆی بەخەبەرهاتنی وشیاری چینایەتی و دەستپێکردنی خەباتی پیشەیی و پەرەسەندنی سۆسیالیزم لەناو جەماوەری کرێکاراندا.

زۆربــەی هــەرەزۆری سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا لەم دواییانەدا سەرانسەر سەرقاڵی کاری دابینکردنی بوارەکانی لەقاودانی بارودۆخی نالەباری کارخانەکان بۆ کرێکاران بوون. ئەوە بەسە «رابۆچایا میسێل» وەبیر بێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەم سەرقاڵبوونە بەرەو کوێ چووبوو، چۆن لەم ناوەدا لەبیریان دەبردەوە، کە ئەو کارە خۆی لەخۆیدا هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراتیک نییە، بەڵکو هەڵسوڕانی تریدیۆنیۆنیە. لەقاودانەکان لە بنەڕەتدا تەنها پەیوەندی کرێکارانی پیشەیەکی دیاریکراو لەگەڵ خاوەنکارەکانیانی دەگرتەوە و تاقە شتێک کە بەدەست دەهات، ئەوەبوو کە کرێکاران فێری ئەوە دەبوون هێزی کاری خۆیان، ئەم کاڵایە بە نرخێکی گرانتر بە خاوەنکارەکانیان بفرۆشن و لەو مامەڵەیەدا دەستبدەنە خەبات لە دژی خاوەنکار.

ئەم لەقاودانانە (ئەگەر لەلایەن ڕێکخراوێکی دیاریکراو لە شۆڕشگێڕانەوە ئاراستە بکرایە)، دەیتوانی سەرەتاو بەشێک لە بەکردەوە دەرهێنانی هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراسی بێت، بەڵام (ئەگەر بۆ ڕەوتی خۆڕسک کڕنۆش ببرێت) دەتوانێت ببێتە خەباتێک کە لە چوارچێوەی «پیشەیەکی دیاریکراو»دا قەتیس دەبێتەوە و لەوپەڕی خۆیدا بزووتنەوەیەکی کرێکاری ناسۆسیال دیموکراتیک پێکدێنێت. سۆسیال دیموکراسی خەباتی چینی کرێکار، نە تەنها لە پێناوی ڕەخساندنی بارودۆخێکی باشتر بۆ هێزی کار، بەڵکو لە هەمانکاتدا بۆ لەنێوبردنی ئەو ڕژێمە ئابوریەش ڕێبەری دەکات، کە نەدارەکان ناچار دەکات خۆیان بە داراکان بفرۆشن. سۆسیال دیموکراسی نەک تەنها لە پەیوەندیەکانی چینی کرێکار لەگەڵ گروپێکی دیاریکراو لە خاوەنانی کارخانەکاندا ئەو چینە نوێنەرایەتی دەکات، بەڵکو لە پەیوەندیەکانی چینی کرێکار لەگەڵ هەموو چین و تووێژەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ و دەوڵەت، کە هێزی ڕێکخراوی سیاسییە، قازانج و بەرژەوەندی ئەو چینە نوێنەرایەتی دەکات. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە سۆسیال دیموکراتەکان نەک تەنها ناتوانن بە خەباتی ئابوری قەناعەت بکەن، بەڵکو لە هەمانکاتدا ناتوانن ڕێگا بەوەش بدەن، کە هەڵسوڕانی سەرەکییان تەنها بە کاری لەقاودانەی ئابوری قەتیس بێتەوە.

پێویستە بۆ ڕاهێنانی سیاسی چینی کرێکار، بۆ تەکامولی وشیاری سیاسی ئەو چینە بە شێوەیەکی جیدی هەوڵەکانی خۆمان بخەینەگەڕ. ئێستا پاش یەکەمین هێرشی «زاریا» و «ئیسکرا» بۆسەر ئێکۆنۆمیزم «هەمووان لەگەڵ لەسەر ئەو بابەتە کۆکن»، (هەرچەندە هەندێک کەس هەروەک دواتر دەبینین، تەنها بە زمان لەگەڵیدا هاوڕان).

پرسیار دەکەن ئایا ڕاهێنانی چینی کرێکار دەبێت چۆن بێت؟ ئایا دەتوانین تەنها بە بانگەشەکردن بۆ بیرۆکەی دژایەتی چینی کرێکار لەگەڵ

حکومەتی رەها قەناعەت بکەین؟ هەڵبەت نا. شیکردنەوەی ئەو مەسەلەیە کە کرێکاران لەبەردەم ستەمی سیاسیدان، بەس نییە (هەر بەو چەشنەی کە تەنها شیکردنەوەی ئەو بابەتە کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئاغاکاندا نایەتەوە، بەس نییە). پێویستە سەبارەت بە هەرکام لە لق و پۆپەکانی ئەم چەوسانەوەیە تەبلیغ و بانگەشە بکرێت (هەر بەو جۆرەی کە سەبارەت بە لق و پۆپە دیاریکراوەکانی ستەمکاری ئابوری دەستمان دایە تەبلیغ).

بەهۆی ئـەوەی کە ئەم ستەمە بەسەر چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاشدا دەسەپێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەم ستەمە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و هەڵسوڕاندا، چ لەبواری ژیانی پیشەیی، چ لەبواری ژیانی ناوخۆیی، شەخسی، بنەماڵەیی، ئایینی و زانستی و هێنر رەنگ دەداتەوە، روون نییە ئەگەر رێکخراوێکمان نەبێت، کە کاری لەقاودانی هەمەلایەنەی حکومەتی رەها لە بواری سیاسیەوە لە ئەستۆ بگرێت. ئەرکی خۆمان کە گەشەپێدان و تەکامولی وشیاری چینایەتی کرێکارانە بە ئەنجام نەگەیاندووە؟ مەگەر ئەوە نییە کە بۆ بانگەشە و ئیدانەکردنی لایەنە دیاریکراوەکانی ستەم پێویستە ئەمانە لەقاو بدەین (هەر بەو جۆرەی کە بۆ تەبلیغی ئابوری پێویست بوو دەستدرێژی و ستەم بۆ سەر کرێکاران لە کارخانەکان لەقاو بدەین)؟

گوایە بابەتەکە روونـە، بەڵام هەر لێرەدا رووندەبێتەوە، کە ئەگەر «هەمووان» لەگەڵ پێویستی پەرەپێدان و تەکامولی هەمەلایەنەی وشیاری سیاسیدا هـاوڕان، ئەم رەزامەندیە تەنها بە زمانە و رواڵەتییە. لێرەدا رووندەبێتەوە کە بۆ وێنە «رابۆچیە دێلۆ» نەک تەنها ئەرکی رێکخستنی کاری لەقاودەرانەی هەمەلایەنەی سیاسی (یان پێکهێنانی رێکخراوی ئەو کارە) لە ئەستۆی خۆی ناگرێت، بەڵکو هەوڵدەدات پاشەکشە بە «ئیسکرا»ش بکات، کە دەستی داوەتە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە. گوێ بگرن: «خەباتی سیاسی چینی

کرێکار تەنها» (هەر ئەو تەنهایەیە کە دروست نییە). «پیشکەوتووترین شێوەی بەرین و راستەقینەی خەباتی سیاسییە» (بەرنامەی «رابۆچیە دیلۆ» و ر.د» ژمارە 1 ل 3). ئێستا ئەو ئەرکە لەبەردەم سۆسیال دیموکراتەکاندایە کە دەبێت تا ئەو جێگایەی دەکرێت لایەنی سیاسی بە خەباتی ئابوری بدەن» (بڕیارنامەی کۆنگرەی یەکێتی و «چاکسازی»: دوو کۆنگرە» ل 11 و 17). هەروەک خوێنەر دەبینێت تەواوی ئەو تێزانە لە سەرەتای پەیدابوونی ئەو گۆڤارەوە تا دوایین «فەرمانەکانی دەستەی نوسەران» لە «رابۆچیە دێلۆ»دا نفوزی بووە و وا پێدەچێت هەمووویانیش تیۆریەکی دیاریکراو سەبارەت بە ئاژیتاسیۆنی سیاسی و خەبات دەردەبڕن. ئێستا با لە روانگەیەکەوە کە لەلای ئێکۆنۆمیستەکان باوەو باس لەوە دەکات کە بانگەشەی سیاسی دەبێت لە ئاژیتاسیۆنی ئابوری پێڕەوی بکات، لە نزیکەوە لەو تیۆرە بکۆڵینەوە.

ئایا ئەوە دروستە، کە خەباتی ئابوری بۆ راکێشانی جەماوەر بۆ خەباتی سیاسی بەگشتی ”ئامرازێکە کە زیاتر لە هەمووو ئامرازەکانی دیکە بە کەڵکە“؟ نا، ئەوە بەهیچ جۆرێک دروست نییە. پانتایی کەڵک وەرگرتن لە هەر چەشنە رەنگدانەوەیەکی ستەمکاری پۆلیسی و ستەمکاری ئیستبداد ئەوەندە بەرینە، کە بۆ راکێشانی جەماوەر بە مەبەستی خەباتی سیاسی بە هیچ شێوەیەک، کەمتر لە رەنگدانەوەکانی خەباتی ئابوری کاریگەری نییە. سەرۆکەکانی زمستواکان و تەمێکردنی جەستەیی جوتیاران، بەرتیل خواردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و شێوەی هەڵسوکەوتی پۆلیس بەرامبەر بە «کۆمەڵانی خەڵک»ی شاریی، خەبات لە دژی برسیەتی و جموجۆڵ لە دژی یارمەتی جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، وەرگرتنی بە زۆرەملێی باج و خەراج و بەدواداچوونی فیرقەکانی ئایینی، راهێنانی توندو تیژی سەربازان لە سەربازگەکان و هەڵسوکەوتی سەربازی لەگەڵ خوێندکاران و رووناکبیرانی لیبراڵ، بۆچی هەمووو ئەمانە و هەزاران لق

و پۆپی دیکەی سنەمکاری لەو چەشنە، کە پەیوەندیەکی راستەوخۆشیان لەگەڵ خەباتی «ئابوری» نییە، ئامراز و بوارێکن کە بەگشتی بۆ تەبلیغاتی سیاسی و راکێشانی جەماوەر بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی سیاسی «وێنەی کەڵک وەرگرتن» لێیان لە بانگەشەی ئابوری کەمترە؟ راستی رێک بە پێچەوانەوەیە: لە تێکڕای ئەو بابەتانەی کە کرێکار لە ژیانی خۆیدا بەدەست بێ مافی، سەرکوتکردن و سنەمکاری (بەرانبەر بەخۆی و کەسوکاری) زەجر دەکێشێت، بێگومان ئەو بابەتانەی کە بە تایبەتی سەبارەت بە سەرکوت و داپڵۆسینی پۆلیسی لە خەباتی پیشەییدا دێنە ئارا، بەشێکی بچوکی لێ پێکدەهێنن، کەوایە بۆچی دەبێت هەر لە پێشەوە مەیدانی بانگەشەی سیاسی بەرتەسک بکەینەوە و تەنها ئامرازێک بە خاوەنی «پانتایی کەڵکوەرگرتن» بزانین، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆ کەسێکی سۆسیال دیموکرات لەو ریزەدا دەبێت گەلێک ئامرازی دیکەش دابنرێت کە «پانتاییی کەڵکوەرگرتن» لێیان بە گشتی کەمتر لەوانی تر نییە؟

لە سەردەمانێکی زۆر زۆر دووردا «رابۆچیە دێلۆ» نووسیبوی: نزیکترین «داخوازییە سیاسییەکان پاش یەک یان لانیزۆر چەند مانگرتن»، کاتێک کە حکومەت، پۆلیس و ژاندارمیری خستەکار»، «وەکو داخوازیەکی سیاسی دەکەونە بەردەستی جەماوەرەوە» (ژمارە 7 ل 15، مانگی ئوتی ساڵی 1900).

ئەم تیۆریە ئۆپۆرتۆنیستیەی قۆناغەکان، ئێستا ئیتر لەلایەن یەکێتیەوە رەتکراوەتەوە و یەکێتی گوزەشتمان لێدەکات و دەڵێت: «هیچ پێویست ناکات، کە لە هەمان سەرەتاوە تەنها لەبواری ئابوریەوە کاری بانگەشەی سیاسی بکەین» («دوو کۆنگرە» ل 11). مێژوونوسی داهاتووی سۆسیال دیموکراسی روسیا هەر لەم رەتکردنەوەیەوە کە «یەکێتی» لادانەکانی خۆیی پێ سڕیوەتەوە، باشتر لە هەر چەشنە داوەریەکی درێژماوە لێی حاڵی دەبێت، کە ئێکۆنۆمیستەکانی ئێمە تا چ رادەیەک سۆسیالیزمیان داشکاندووە، بەڵام یەکێتی دەبێت چەندە

ساوێلکە بێت، کە پێیوایە لەوانەیە لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەی شێوەیەک لە ئاستەنگی هەڵسوڕانی سیاسەت، بۆ هاوڕابوون لەگەڵ شێوەی دیکەی ئاستەنگی بمانوروژێنێت و هەڵمانفریوێنێت! ئایا ئەوە لۆژیکی تر نەبوو کە یەکێتی لەو بابەتەشەوە بیوتایە تا ئەو جێگایەی دەکرێت خەباتی ئابوری بە شێوەیەکی بەرینتر بەڕێوە بچێت و دەبێت هەمیشە بۆ بانگەشەی سیاسی لە خەباتی ئابوری کەڵک وەربگرین و «هیچ پێویست ناکات» کە خەباتی ئابوری بە ئامرازێک بە ئەژمار بێنین کە بەرینایی کەڵک وەرگرتن لێی بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ خەباتی هەڵسوڕاوانەی سیاسی لە هەمووی زۆرترە؟

یەکێتی گرنگی بەو خاڵە دەدات، کە رستەی «ئامرازێک بە بەرینایی کەڵکوەرگرتنی زۆرتر»ی بە جێگای رستەی «ئامرازی بەکەڵکتر»ی بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کرێکارانی جولەکە (بۆند) داناوە. بەراستی بۆ ئێمە دژوارە کە بڵێین کام لەمانە باشترە: بە باوەڕی ئێمە هەر دووکیان خراپن. هەم بڕیارنامەی یەکێتی و هەم بڕیارنامەی بۆند، لێرەدا (لەوانەشە تا رادەیەک بە بیرکردنەوەو لەژێر کاریگەری دروشمەکاندا) بەرەو تێگەیشتنی ئابوری یان تریدیۆنیۆنی لە سیاسەت لایان داوە. ئەم کارە لە رێگەی وشەی «بەکەڵکتر»ەوە بێت یان «ئامرازێک بە بەرینایی کەڵکوەرگرتنی زۆرتر»، بە هیچ شێوەیەک ناوەڕۆکی بابەتەکە ناگۆڕێت. ئەگەر یەکێتی بیوتایە کە: «بانگەشەی سیاسی لەبواری ئابوریەوە «ئامرازێکە کە زیاتر لە هەموو ئامرازێکی دیکە کەڵکی لێوەردەگیردرێت (نەک ئەوەی کە شیاوی کەڵکوەرگرتنە) سەبارەت بە قۆناغێکی دیاریکراو لە تەکامولی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتیکی ئێمە هەق بەو بوو. بەتایبەت ئێکۆنۆمیستەکان و زۆرێک لە پراتیسیەنەکانی ساڵەکانی 1898–190، (ئەگەر لەسەر زۆرینەیان نەبێت) هەق بەو بوو، چونکە ئەو ئێکۆنۆمیستە پراتیسیەنانە بە راستیش بانگەشەی سیاسیان (لەو ئاستەدا کە بە

گشتی بە کاری دەبەن) تەنها و تەنها لە بواری ئابووریدا بە کردەوە دەردەهێنا.

ئەو جۆرە ئاژیتاسیۆنە سیاسییە، هەروەک دیتمان، هەم «رابۆچایا میسێل» و هەم «گروپی رزگاری بەدەستی خۆی» هەر دووکیان ملیان پێدابوو تەنانەت پێشنیاریشیان دەکرد! «رابۆچیە دێلۆ» دەبووایە راشکاوانە ئەو بابەتەی شەرمەزار بکردایە کە کاری بە کەڵکی ئاژیتاسیۆنی ئابوری لەگەڵ کاری زەرەرمەندی بەرتەسککردنەوەی خەباتی سیاسی هاتۆتە ئارا، بەڵام ئەو بە جێگای ئەو کارە ئامرازێک کە لە هەمووی بەرینتر (لەلایەن ئێکۆنۆمیستەکانەوە) کەڵکی لێوەرگیراوە، بە ئامرازێک رادەگەیەنێت کە لە هەموویان بەرینتر کەڵکی لێوەردەگیردرێت! هەر بۆیە جێگای سەرسوورمان نییە، کاتێک کە ئێمە ئەم کەسانە ناودەنێین ئێکۆنۆمیست، کە بێجگە لەوە چارەیەکییان بۆ نامێنێنەوە کە خراپترین جنێوی وەکو «فێڵباز»، «ئاژاوەگێڕ»، «ئیلچی پاپ» و «بوختانکەر» و هیترمان پێدەدەن و لەلای ئەم و ئەو دەگرین، کە ئەوان دڵی ئێمەیان ئێشاندووە و سوێند بخۆن و بڵێن کە: «ئێستا ئیتر تەنانەت رێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتیش دەستی بە تاوانی ئێکۆنۆمیسم پیس نەبووە. های لەم «بوختانکەر و سیاسەتوانە گلاوانە نەکات، گشت ئەم کێشانەی ئێکۆنۆمیزم ئەوان دەریانهێنابێت بۆ ئەوەی بەهۆی خویەکی خەڵک ئازاری کە هەیانە، ئازار بە خەڵک بگەیەنن؟!

ئایا وانەی راستەقینە و دیاریکراوی ئەو قسانەیەی مارتینێف، کە دەڵێت ئەرکی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیە: «دەبێت هەر بەو خەباتە سیاسیە لایەنێکی ئابوری بدرێت چییە؟ خەباتی ئابوری خەباتی بە کۆمەڵی کرێکاران لە دژی خاوەنکاران بۆ فرۆشتنی هێزی کرێکار لە بارودۆخێکی باشترداو باشترکردنی بارودۆخی کارو ژیانی کرێکارانە. ئەم خەباتە بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر خەباتێکی پیشەییە، چونکە بارودۆخی کار لە پیشە جیاجیاکاندا زۆر جۆراوجۆرە

و بەم پێیە خەبات بۆ باشترکردنی ئەم بارودۆخەش ناتوانێت لەسەر بنەمایەکی دیکە بێجگە لە پیشەی جۆراوجۆر بەڕێوەبچێت (لە رۆژئاوادا لە رێگەی یەکێتیە کرێکارییەکانەوە ئەو کارە دەکرێت و لە روسیا لەلایەن یەکێتییەکانی کاتی پیشەیی و چاپەمەنیەکان و لەو چەشنە)، کەوایە «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری»، هەوڵێکە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو داخوازیە پیشەییانە و باشترکردنی بارودۆخی کار لە رێگەی گرتنەبەری «رێوشوێنی یاسایی و ئیداری»ەوە، (مارتینێف ئەمەی لە لاپەڕەی دواتری بابەتەکەی خۆیدا، واتە لە لاپەڕەی 23 دەربڕیوە).

گشت یەکێتییە کرێکارییەکانیش ئەو کارە دەکەن و هەمیشەش کردویانە. چاوێک لە کتێبی وێبەکان بکەن، کە لە دەستەی بیرمەندانی سەرەکی و ئۆپۆرتۆنیستی «سەرەکی»ن، ئەو کات دەبینن کە یەکێتییە کرێکارییەکانی ئینگلیز دەمێکە لە «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری» تێگەیشتوون و بە کردەوە هەر بەڕێوەی دەبەن، دەمێکە بۆ ئازادی مانگرتن و چارەسەری هەرچەشنە کۆسپێکی یاسایی لەسەر رێگای بزووتنەوەی کێئۆپراتیوی و پیشەیی بۆ دەرکردنی یاساگەلێک بۆ پشتیوانیکردن لە ژنان و منداڵان و بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار لە رێگەی پەسەندکردنی یاساکانی تەندروستی و فابریکی و هیترەوە خەبات دەکەن.

بەم پێیە لە پشتەوەی رستەی بریقەداری: «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری»دا کە ئەوەندە بەپێز و شۆڕشگێڕانە خۆی دەنوێنێت و گوێی فەلەک کەڕ دەکات، لە راستیدا هەوڵی باو بۆ داشکاندنی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک بۆ سیاسەتی تریدیۆنیۆنیستی خەوتووە! لەژێر ناوی چاککردنی یەک لایەنەی «ئیسکرا» کە گوایە گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی رێبازێکی دوگما بەرزتر لە گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ژیان» دادەنێت، خەبات بۆ ریفۆرمی ئابوری وەکو شتێک کە

تازە سەریهەڵداوە، پێشکەشمان دەکات. لەراستیدا رستەی «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری» بێجگە لە خەبات بۆ ریفۆرمی ئابوری هیچی تری تێدا نییە. تەنانەت مارتینێفیش ئەگەر لە واتەی قسەکانی خۆی بە باشی تێبگەیشتایە، دەیتوانی بەو دەرئەنجامە راشکاوانە بگات. ئەو قورسترین ئامرازەکانی خۆی لە دژی «ئیسکرا» بەکار دەبات و دەڵێت: «حزبی ئێمە دەیتوانی و دەبوایە بە شێوەیەکی دیاریکراو خوازیاری گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی و ئیداری لە دژی چەوساندنەوەی ئابوری، بێکاری، برسیەتی و هیتر لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، (ل 42–43 لە ژمارە (10)ی «رابۆچیە دێلۆ»). مەگەر داواکاری رێوشوێنی دیاریکراو بەواتەی ئەوە نییە، کە خوازیاری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بین؟، بەڵام جارێکی دیکە لە خوێنەرانی بێ غەرەزی خۆمان دەپرسین: کاتێک کە رابۆچیە دێلۆییەکان (داواتەن لێدەکەم لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە لێم ببورن) تێزی پێویستی خەبات بۆ چاکسازی ئابوری، وەکو ناکۆکی خۆیان لەگەڵ «ئیسکرا» دێننە گۆڕێ، ئایا ئەوە بوختانە ئەگەر ناوی بنێین «بێرنیشتاینی نهێنی»یانە؟

سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ هەمیشە لە چالاکی و هەڵسوڕانی خۆیدا خەبات بۆ ریفۆرمی لەبەرچاو گرتووە و لەبەرچاویشی دەگرێت، بەڵام لەم ئاژیتاسیۆنە «ئابوریە»دا بۆ ئەوە کەڵک وەردەگرێت کە نە تەنها دەوڵەت ناچار بکات هەندێک رێوشوێنی جۆراوجۆر بگرێتەبەر، بۆئەوەی ئاستی کار و ژیانی کرێکاران باشتر بێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا و پێش لە هەر شتێک بۆ ئەوەیە کە ئەو حکومەتە ناچار بکات ئیتر حکومەتی رەها نەبێت. بێجگە لەوەش، سۆسیال دیموکراسی بە ئەرکی سەرشانی دەزانێت کە ئەو داخوازیە نەک تەنها لەبواری ئابوریدا لەبەرانبەر دەوڵەتدا بێنێتە گۆڕێ، بەڵکو بەگشتی لەهەموو بوارەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا بینێتە بەردەم دەوڵەت. بە کورتی سوسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ خەبات بۆ ریفۆرم وەکو بەشێک لە پەیکەرێکی

گشتی دەکاتە شێوازی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم، بەڵام مارتینێف تیۆری قۆناغەکانی خۆی بە شێوەیەکی دیکە دێنێتە گۆڕێ و هەوڵدەدات ڕێگای ئابوری تەکامولی خەباتی سیاسی بسەپێنێت.

ئەو کە لە کاتی گەشەی شۆڕشدا ئەرکێکی تایبەتی بۆ خەبات لە ڕێگای ریفۆرم پێشنیار دەکات، بەو کارەی خۆی لە حزب دەکێشێتەوە و خۆی دەکاتە داردەستی ئۆپۆرتۆنیزمی «ئابوری» و لیبراڵ.

بەڵام دواتر مارتینێف پاش ئـەوەی، کە شەرمنانە لە پشتەوەی تێزی بریقەداری: «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری»دا دەنێت، خەبات بۆ ریفۆرم دەشارێتەوە، تەنها ریفۆرمی ئابوری و (ریفۆرمەکانی کارگەیی) وەکو شتێکی تایبەت دێنێتە گۆڕێ. بۆچی مارتینێف ئەو کارەی کردووە؟ ئێمە نازانین، لەوانەیە لەدەستی دەرچووبێت، بەڵام ئەگەر ئەو تەنها ریفۆرمی»کارگەیی» لەبەرچاو بووبێت، گشت تێزەکەی، کە لە سەرەوە هێنامانەوە هیچ مانایەکی نامێنێت و تێکدەڕوخێت. یان لەوانەیە بەو بۆنەوە بووبێت، کە مارتینێف لە بواری ئابوریدا «وەرگرتنی هەندێک ئیمتیاز» لەلایەن دەوڵەتەوە بە مومکین دەزانێت؟ (37).

ئەگەر بەو چەشنە بێت، ئەمە چەواشەکارانەیەکی سەیرە: وەرگرتنی ئیمتیاز لە دەوڵەت لە بواری یاساکانی پەیوەندیدار بە قەدەغەکردنی قامچی لێدان، پێناس، ڕاگرتنی بەدواداچوونی فیرقە ئاینییەکان، سانسۆر و هیتر و هیتریش، هەم مومکینە و هەم بە کردەوەشە. ئاساییە کە دانی ئەو ئیمتیازە «ئابوری»یانە یان ئەو (ئیمتیازە درۆیینانە) بۆ دەوڵەت لە هەموو ئیمتیازێکی سیاسی هەرزانتر تەواو دەبێت و لە هەموویان هەرزانترە، چونکە دەوڵەت لەو ڕێگەیەوە هیوادارە، کە فریوکارانە متمانەی جەماوەری کرێکار بەرەو لای خۆی رابکێشێت و بەم بۆنەشەوەیە کە ئێمەی سۆسیال دیموکرات بە هیچ شێوەیەک

و له هیچ ڕێگەیەکەوە نابێت ڕێگا بدەین، ئەو چەشنە بیروبۆچوونانە (یان خراپ تێگەیشتنە) بێنە نێو ڕیزمانەوە، کە گوایە ریفۆرمی ئابوری بۆ ئێمە لە هەموویان گرانترە، یان ئێمە ئەو ریفۆرمانە بە شێوەیەکی تایبەتی بە گرنگ دەزانین و هیتر.

مارتینێف سەبارەت بە گرتنەپێشی ڕێوشوێنی یاسایی و ئیداری، کە لە سەرەوە بە شێوەی دیاریکراو خوازیاری ببوو، دەڵێت: «ئەم چەشنە داواکاریانە هاواری بێبنەما نابێت، چونکە بەڵێنی دەرئەنجامی دیاریکراوی هەنوکەیی دەدات و لەوانەیە لەلایەن جەماوەری کرێکارانەوە بە گەرم و گوڕی پشتیوانی لێ بکرێت». نەبابە ئێمە ئێکۆنۆمیست نین! ئێمە تەنها وەکو ئاغایانی برنیشتاینەکان، پرۆکۆپویچەکان، سترۆوەکان، ئارِ. ئێمەکان و «tutti quanti»نین، (لەو چەشنە) لە بەرابەر «هەنوکەیی بوون»ی دەرئەنجامە دیاریکراوەکاندا، کۆیلە ئاسا چۆکدادەدەین! تەنها (وەکو نارسیس تۆپوریلۆف) خەڵک حاڵی دەکەین کە هەر شتێک (بەڵێنی دەرئەنجامی هەنوکەیی نەدات) قسەی بێبنەمایە، تەنها بە شێوەیەک قسە دەکەین، کە گوایە جەماوەری کرێکار لێهاتویی ئەوەیان نییە و سەرەڕای ئەوەی، کە هەندێک کەس کورتبینی خۆیان دەخەنە ملی جەماوەری کرێکارەوە، لێهاتویی خۆی نەسەلماندووە) کە هەڵسوڕاوانە لە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک لە دژی حکومەتی ڕەها، تەنانەت ئەگەر بە هیچ شێوەیەکیش بەڵێنی هیچ چەشنە دەرئەنجامێکی هەستپێکراویشی پێنەدات، پشتیوانی لێدەکات!

هەر ئەو نمونانەی کە مارتینێف سەبارەت بە «ئەو ڕێوشوێنانە»ی لە دژی بێکاری و برسیەتی هێناویەتەوە، لەبەرچاو بگرن. لەو کاتەدا کە ”رابۆچیە دێلۆ“ بەپێی بەڵێنیەک کە دەیدا، سەرقاڵی هێنانەگۆڕ و ئامادەکردنی «خواستەکانی دیاریکراو (بەشێوەی گەڵاڵەی یاسایی)، واتە ئەو ڕێوشوێنانەی»

بەڵێنی دەرئەنجامی هەنوکەیی دەدەن» بوو. «ئیسکرا» کە بەردەوام «گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ڕێبازێکی دوگما بە بەرزتر لە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی ژیان» دەزانێت، هەوڵیدەدا پەیوەندی نەپساوەی بێکاری لەگەڵ سەرتاپای ڕژێمی سەرمایەداری شیبکاتەوە، ئاگاداری دەکردەوە کە «برسیەتی خەریکە دێت»، «شەڕ لە دژی برسییەکان» لەلایەن پۆلیسەوە و یاسا و ڕێساکانی کاتیی کاری تاقەتپڕوکێنی نەفرەتلێکراوی لەقاو دەداو گۆڤاری «زاریا» بەشێک لە نامێلکەی «شرۆڤەی بارودۆخی ناوخۆیی» کە بۆ برسیەتی تەرخانکرابو، لە نوسخەیەکی جیاوازدا وەکو نامێلکەیەکی بانگەشەیی بڵاودەکردەوە، بەڵام خوایە چەندە ئەم ئۆرتۆدۆکسە کورتبینە سەرقورس و دەمارگرژانە کە گوێ لە فەرمانی «ژیان» ناگرن، لەم بابەتەوە یەکلایەنە جووڵاونەتەوە، چ موسیبەتێکی گەورە بە سەرماندا رووخا! ناتوانن تەنانەت بیریشی لێبکەنەوە، لە هیچکام لە بابەتەکانیاندا تەنانەت یەک «داواکاری دیاریکراو»یش بونی نییە کە «بەڵێنی دەرئەنجامی هەنوکەیی بدات!» ئەی دەمارگرژانی چارەڕەش! چەند باش بوو ئەمانە بە مەبەستی فێرکاری بۆ لای کریچۆفسکی و مارتینێف بنێردرایەن، بۆ ئەوەی بە قەناعەت بگەیەشتایەن کە تاکتیک بریتییە لە پڕۆسەی گەشە، واتە دیاردەیەکە کە بەردەوام هەتا کۆتایی گەشە دەکات و بەم بۆنەشەوە دەبێت « بە هەمان خەباتی ئابوری لایەنی سیاسی بدەین».

«خەباتی ئابوری کرێکاران لە دژی خاوەنکاران و حکومەت (خەباتی ئابوری لە دژی حکومەت)، بێجگە لە گرنگی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێڕانەی، گرنگیەکی دیکەشی هەیە، کە ئەویش ئەوەیە بەردەوام بیری کرێکاران بەرەو لای کێشە و گرفتەکان و بێ مافییە سیاسییەکانیاندا ڕادەکێشێت (مارتینێف ل 44). ئێمە ئەو نمونەمان وەکو شایەت بەو بۆنەوە نەهێناوەتەوە کە بۆ سەدەم و هەزارەمینجار وتەکانی سەرەوە دووپات بکەینەوە، بەڵکو بۆئەوەی، کە

سوپاسی خۆمان ئاراستەی مارتینێف بکەین کە ئەو فۆرموڵە نوێ و زۆر باشەی هێناوەتەوە: «خەباتی ئابوری کرێکاران لە دژی خاوەنکاران و دەوڵەت». چ بلیمەتێک! لێرەدا چ لێهاتوییەکی بێوێنە بەکاربراوە و بە چ شێوەیەکی ژیرانە تەواوی ناکۆکییەکان لەسەر وردە کێشەکان و جیاوازییە وردەکانی ناکۆکییەکانی نێوان ئێکۆنۆمیستەکان چارەسەرکراوە و بەمشێوەیە لە رستەیەکی کورت و رووندا تەواوی ناوەڕۆکی ئێکۆنۆمیزم بەیانکراوە، ئێکۆنۆمیزمێک، کە کاری خۆی لەبانگهێشتکردنی کرێکاران بۆ «خەباتی سیاسی کە لە رێگای بەرژەوەندی گشتیدا کردوویانە و باشترکردنی بارودۆخی تەواوی کرێکارانی لەبەرچاوە» دەستپێکردوەو هەتا تیۆری قۆناغەکان درێژەی پێدەدات و بە بڕیارنامەی کۆنگرە سەبارەت بە «ئامرازێک کە لە هەموو ئامرازەکانی دیکە زیاتر بە کەڵکە» و هیتر کۆتایی پێ دێنێت!. «خەباتی ئابوری لە دژی حکومەت» هەر ئەو سیاسەتە تریدیۆنیۆنیەیە کە هێشتاش لە سیاسەتی سۆسیال دیموکراسی زۆر دوورە.

ب) چیرۆکی ئەوەی کە چۆن مارتینێف بیروڕای پلێخانۆف پەرەپێدەدات

رۆژێک هاوڕێیەک بەبیری هێنایەوە کە: «لەمدوواییانەدا چەندە لۆمۆنسۆفە سۆسیال دیموکراتەکانی لەناو ئێمەدا زیادیانکردووە!» مەبەستی ئەو لەو قسەیە مەیلێکی سەرسوڕهێنەر بوو، کە زۆربەی ئەو کەسانەی مەیلی خۆیان بەرەو ئێکۆنۆمیزم نیشاندەدەن بۆ ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە «بە عەقڵی خۆیان» بە حەقیقەتی گەورە بگەن. (بۆ وێنە ئەوەی کە خەباتی ئابوری کرێکاران ناچار دەکات کە لە کێشەی بێ مافیەکانی خۆیان تێبگەن) و بە سەرنجنەدانی گەورە مەزنانەی کەسێکی بلیمەت، تەواوی ئەو دەسکەوتەی، کە تەکامولی پێشووی بیری شۆڕشگێڕانە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە پێشکەشی کردووە، لەبەرچاو نەگرن. لۆمۆنسۆف- مارتینێف لە دەستەی ئەم بلیمەتانەیە.

ئەگەر چاوێک بە بابەتی «کێشە گرینگەکان»یدا بخشێنین، دەبینن چۆن «بە عەقڵی خۆی بەو شتە نزیکدەبێتەوە کە ماوەیەک پێشتر ئاکسلرۆد وتویەتی: (ئاساییە لۆمۆنسۆفەکەمان لەو بارەیەوە بێدەنگی دەکات) و چۆن تازە لەو بابەتە دەگات، کە ئێمە ناتوانین بەرامبەر بە دژایەتی ئەم یان ئەو تووێژی بۆرژوازی کەمتەرخەم بین. ("رابۆچیە دێلۆ" ژمارە 9 ل 61، 62، 71– ئەمە لەگەڵ «وەڵامی» دەستەی نووسەرانی "رابۆچیە دێلۆ" بۆ ئاکسلرۆد ل 22، 23، 24 هەڵسەنگێنن) و هیتر، بەڵام بەداخەوە تەنیا « نزیک دەبێتەوە» و تەنها «دەستپێدەکات» و بەس، چونکە ئەو سەرەڕای ئەوە ئەوەندە لە بیروڕاکانی ئاکسلرۆد دوورە کە قسە لە «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» دەکات. "رابۆچیە دێلۆ" سێ ساڵی رەبەق (1898–190) بەوپەڕی توانای خۆیەوە تەقەللایدا بۆ ئەوەی لە بیروڕاکانی ئاکسلرۆد تێبگات، بەڵام هەر تێنەگەیشت! لەوانەیە ئەمە بەو بۆنەوە بێت، کە سۆسیال دیموکراسی «وەکو مرۆڤ» هەمیشە تەنها ئەو ئەرکانە لە بەرابەر خۆیدا دادەنێت کە بە کردەوە دەربێت؟.

بەڵام تایبەتمەندی لۆمۆنسۆفەکان نەک تەنها ئەوەیە کە زۆر شت نازانن (ئەوە هێشتا موسیبەتێکی زۆر گەورە نییە!)، بەڵکو لە هەمانکاتدا ئەوەشە کە نەزانی خۆیان دەشارنەوە، ئەوە ئیتر موسیبەتێکی راستەقینەیە و هەر ئەم موسیبەتەیە کە ناچاریاندەکات دەستبەجێ دەستبدەنە «بە لاڕێدا بردنی» بیروبۆچوونەکانی پلێخانۆف.

لۆمۆنسۆف–مارتینێف دەڵێت: «لەو کاتەوە کە پلێخانۆف ئەو کتێبەی (سەبارەت بە ئەرکەکانی سۆسیالیستەکان لە خەبات لە دژی قاتوقڕی لە روسیا) نووسیوە، ماوەیەکی زۆر تێپەڕ دەبێت. سۆسیال دیموکراتەکان کە لە ماوەی دە ساڵ خەباتی ئابوریدا، چینی کرێکاریان رێبەرایەتی دەکرد، هێشتا دەرفەتییان

نەهێناوە کە لەبواری تیۆرییەوە تاکتیکی حزبی خۆیان بە شێوەیەکی فراوان بسەلمێنن. ئێستا ئەو مەسەلەیە گەشەی کردووە، بێگومان دەبێت ئەو بنەما تاکتیکیەی کە سەردەمانێک پلێخانۆف خەریکی گەشەپێدانی بو، بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی پێبدەین. ئێستا دەبێت جیاوازی نێوان راهێنان (پڕوپاگەندە) و بانگەشە (ئاژیتاسیۆن) بە پێچەوانەی ئەوەی کە پلێخانۆف وتویەتی، دیاری بکەین.

(مارتینێف، پێش لەو بابەتە وتەی پلێخانۆفی هێناوەتەوە: راهێنەر (پڕوپاگەندەچی) ئایدەی جۆراوجۆر بە کەسێک دەگەیەنێت، بەڵام ئاژیتاتۆر تەنها یەک یان چەند ئایدە دەگەیەنێت، بەڵام لە بەرامبەردا بە کۆمەڵێک کەسی دەیگەیەنێت). «واتەیەک کە وشەی راهێنان بۆ ئێمە هەیەتی بریتیە لە شیکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی گشت رژێمی ئێستا یان هەندێک لە لایەنەکانی»، ئەم کارە چ بەشێوەیەک بکرێت، کە لەبەردەستی تاکەکاندا بێت، یان لەبەردەستی جەماوەری بەرین جیاوازی نییە، ئەوە راهێنانە. واتەی وشەی بانگەشە بە واتەی دیاریکراوی (sic!) بۆ ئێمە بانگهێشتکردنی جەماوەر بۆ چالاکیەکی دیاریکراو و یارمەتیکردن بە پڕۆلیتاریایە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەی راستەوخۆ دەخالەتی شۆڕشگێڕانەی هەبێت». بەبۆنەی رستەی وردتر و قوڵتری نوێی مارتینێفەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سۆسیال دیموکراسی روسیا و هەروەها سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی دەکەین»!.

ئێمە تا ئێستا (وێڕای پلێخانۆف و رێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری نێونەتەوەیی) پێمان وابـوو، کە راهێنەر ئەگەر بۆ وێنە کێشەی بێکاری هەڵبگرێت، دەبێت سروشتی سەرمایەداری قەیرانەکان روونبکاتەوە و هۆکاری چارەسەر نەکراوی بێکاری و قەیران لە کۆمەڵی سەرمایەداری دەستنیشان بکات و پێویستی بە پێکهێنانی گۆڕانکاری ریشەیی لە کۆمەڵی سەرمایەداری

و دامەزراندنی سۆسیالیزم شرۆڤە بکات و هێنر. بە کورتی ڕاهێنەر دەبێت «بیرۆکەی جۆراوجۆر» پێشکەش بکات، ئەوەندە جۆراوجۆر کە تەنها کەسانێکی (ئارادەیەک) کەم دەتوانن بە یەکجاری لە تەواوی ئەو بیرۆکانە تێبگەن، بەڵام ئاژیتاتۆر کاتێک کە لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکات، زەقترین نمونە دێنێتەوە کە گشت گوێگرەکانی بە تەواوی لێی ئاگادارن، (بۆ وێنە لە برسیەتیدا مردنی بنەماڵەی کرێکاری بێکار، پەرەسەندنی زیاتری ڕۆژ لەدوای ڕۆژی هەژاری و لەو چەشنە وەک نمونە دێنێتەوە) و گشت هەوڵی خۆی تەرکیز دەخاتە سەر ئەوەی کە بە کەڵکوەرگرتن لەم ڕاستیە کە بۆ هەمووان ڕوونە، بیرێک واتە بیری زاڵمانەبوونی ناکۆکی نێوان چوونە سەرەوەی سامان و پەرەسەندنی هەژاری، بەبیری جەماوەر بخاتەوە و هەوڵدەدات کە هەستی ناڕەزایەتی و بێزاری لەو ستەمە دڕندانەیە لەنێو جەماوەردا بوروژێنێت، بەڵام شیکردنەوەی گشت هۆکارەکانی ئەو ناکۆکییە دەخاتە ئەستۆی ڕاهێنەرەوە.

هەر بۆیە کاری سەرەکی ڕاهێنەر لە گۆڤارەکان و کاری سەرەکی ئاژیتاتۆر وتاربێژییە. ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕاهێنەر پێویستە لێی بەهرەمەند بێت، جیاوازە لەو تایبەتمەندیانەی کە پێویستە ئاژیتاتۆر لێی بەهرەمەند بێت. بۆ وێنە ئێمە کائۆتیسکی و لافارگ بە ڕاهێنەر دەزانین و بێبڵ و گێد بە ئاژیتاتۆر، بەڵام دیاریکردنی بوارێکی سێیەم یان ئەرکێکی سێیەم بۆ هەڵسوڕانی کردەکی و «بانگهێشتکردنی جەماوەر بۆ چالاکی دیاریکراو»، کارێکی بێمانایە، چونکە «بانگهێشتکردن» کە یەک کردەوەیە یان تەواوکەری سروشتی و چارە هەڵنەگری قسەو باسی تیۆریک و بەرهەمی بانگەشە و وتاری لەو بابەتە یان ئەوەی کە ئەرکێکی تەنها بەڕێوەبەرایەتی پێکدەهێنێت. بۆ وێنە خەباتی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا لە دژی گومرگی دانەوێڵە لەبەرچاوبگرن. تیۆریسێنەکان لێکۆڵینەوەکانی خۆیان سەبارەت بە سیاسەتی گومرگی تۆمار دەکەن و بۆ

نمونە خەڵک بۆ خەبات لە دژی گرێبەستەکانی بازرگانی و ئازادی بازرگانی «بانگهێشت دەکەن».

راهێنەر لە گۆڤارەکاندا ئەم کارە دەکات و ئاژیتاتۆریش لە وتارە گشتییەکاندا دەیکات. «هەڵسوڕانی دیاریکراو»ی جەماوەر لەو بابەتەوە بریتییە لە واژۆکردنی داواکارییەکان وەکو رایشتاگ بە مەبەستی بردنەسەرەوەی گومرگی دانەوێڵە. بانگهێشتکردنی خەڵک بۆ ئەم چالاکییانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کاری تیۆریسیەنەکان، راهێنەران و ئاژیتاتۆرەکان و بە شێوەی راستەوخۆش کاری ئەو کرێکارانەیە کە گۆڤارەکان بۆ واژۆکردن بۆ کارگەکان و ماڵە تایبەتییەکان دەنێرن. بەڵام لە »رستەی مارتینێفی» وا دێنە بەرچاو کە کائۆتێسکی و بێبڵ هەردووکیان راهێنەرن و ئەوانەی گۆڤارەکان بۆ واژۆکردن دەبەن ئاژیتاتۆرن، ئایا بەو جۆرە نییە؟

نمونەی وشەی Verballhornung ئەڵمانی بەبیردێنمەوە، کە وەرگێڕانەوەی بە روسی دەکاتە بیلهۆرنی کردن. ئیوان بیلهۆرن بڵاوکەرەوەیەکی خەڵکی لایپزیک لە سەدەی شازدەهەم بوو کە کتێبێکی «ئەلف و بێ)ی بڵاوکردەوە و بەپێی نەریتی ئەو سەردەمە وێنەی کەڵەشێرێکی لەسەر بەرگەکەی کێشا، بەڵام بە جێگای شێوەی کەڵەشێرێکی ئاسایی کە لاقەکانی دڕکاوییە، کەڵەشێرێکی کێشا کە لاقەکانی دڕکی نەبو و جووتێک هێلکەش لە تەنیشتی بوو. لەسەر بەرگی کتێبی «ئەلف و بێ«شدا نووسرابو: «چاپی هەڵەچنکراوی ئیوان بیلهۆرن». ئەڵمانیەکان لەو کاتەوە بەو جۆرە «هەڵەچنیە» کە لە راستیدا خراپتری دەکات، دەڵێن Verballhornung. کاتێک کە مرۆڤ دەبینێت مارتینێفیەکان بیروڕای پلێخانۆف بەو شێوەیە «پەرە پێدەدەن»، لە خۆوە دەکەوێتە بیری بیلهورن.

بۆچی لۆمۆنسۆفەکانی ئێمە ئەو قۆڕیانەیان «داهێناوە»؟، بۆئەوەی نیشانی بدات «ئێسکرا»ش «هەروەک پلێخانۆف لە پازدە ساڵ لەوەوپێشەوە تەنها

سەرنجی بە یەک لایەنی کارەکە داوە» (ل 39) «ئیسکرا». لانیکەم بۆ سەردەمی ئێستا پێیوایە کاری راهێنەرانە لەچاو کاری بانگەشە گرنگیەکی زۆرتری هەیە (ل 52). ئەگەر بمانەوێت ئەم بنەمایە لە زمانی مارتینێفەوە وەربگێڕینە سەر زمانی مرۆڤ، (چونکە هێشتا مرۆڤ دەرفەتی ئەوەی نەبووە ئەو رستەیە کە تازە کەشفکراوە قەبوڵ بکات)، ئەو کاتە دەبێتە ئەوەی کە «ئیسکرا» ئەرکەکانی پەیوەندیدار بە راهێنانی سیاسی و ئاژیتاسیۆنی سیاسی لە پێشەوەی ئەو ئەرکە دادەنێت، کە باس لە: هێنانەگۆڕی «داواکاری دیاریکراو لەبەردەم حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی رێوشوێنی یاسایی و ئیداری» دەکات، واتە «رێوشوێنێک» کە «بەڵێنی ئاکامی هەنوکەیی دەدات» (یان ئەگەر ئیزنمان هەبێت، لانیکەم جارێکی دیکە دیسانەوە رستەی کۆنی مرۆڤی دێرین، کە هێشتا بە ئاستی مارتینێفی نەگەیشتوون بەکارببەین، لە پێشەوەی ئەو ئەرکانەدایە، کە باس لە هێنانەگۆڕی داواکاری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەکەن). پێشنیار دەکەین خوێنەر ئەو قسەیە لەگەڵ ئەو پارچەیەی خوارەوەی ئەو نێزە بەراورد بکات.

لەم بەرنامانەدا، (بەرنامەی سۆسیال دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان) شتێک، کە توشی سەرسوڕمانمان دەکات، ئەوەیە کە ئەوان بەردەوام قازانجی هەڵسوڕانی کرێکاران لە پەرلەمان (کە لە وڵاتی ئێمەدا بوونی نییە)، لە پلەی یەکەمدا دادەنێن و بەهۆی نهێلیزمی شۆڕشگێڕانەیانەوە، سەرنج بە گرنگی بەشداری کرێکاران لە کۆبونەوەکانی یاسادانەری خاوەن کارخانەکان، کە لە وڵاتی ئێمەدا بونی هەیە و بۆ کاروباری کارگەکان تەرخان دەکرێن، یان تەنانەت رێگە بە بەشداری کرێکاران لە ئەنجومەنەکانی شاریی نادەن».

نوسەری ئەم پارچەیە ئەو فکرە، کە لۆمۆنسۆف-مارتینێف بە عەقڵی خۆی پێی گەیشتووە، تۆزقالێک روهەڵماڵاوانەتر، روونتر و ئاشکراتر دەردەبڕێت. ئەم نوسەرە (ر.م.ە)یە کە ناوی لە «پاشکۆی جیاوازی «رابۆچایا میسێل «» (ل

15)»دا بەدی دەکرێت.

ج) ئیفشاگەری سیاسی و «بارهێنانی رۆحی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە»

مارتینێف کە تیۆری خۆی سەبارەت بە «بردنە سەرەوەی ئاستی هەڵسوڕانی جەماوەری کرێکار» دژ بە «ئیسکرا» هێناوەتەگۆڕێ، لە راستیدا نیشانیداوە، کە مەیلی بەرەو کەمکردنەوەی ئەو هەڵسوڕانەیە، چونکە رایگەیاند کە بۆ بەخەبەرهێنانی جەماوەر ئامرازی گرنگ و «ئامرازێک، کە لە هەموو ئامرازەکانی دیکە زیاتر بەکەڵکە»، هەروەها مەیدانی ئەو هەڵسوڕانە هەر ئەو خەباتە ئابوریەیە کە گشت ئێکۆنۆمیستەکان کڕنۆشی بۆ دەبەن. ئەم چەواشەکارییە بەو هۆیەوە شیاوی سەرنجدانە کە هەرگیز تەنها لە مارتینێف دا قەتیس نابێتەوە.

لە راستیدا، «بردنە سەرەوەی ئاستی هەڵسوڕانی جەماوەری کرێکار» تەنها لە بارودۆخێکدا مسۆگەر دەبێت کە بە «بانگەشەی سیاسی لە بواری ئابوری» قەناعەت نەکەین، بەڵام مەرجێکی بنەڕەتی گەشەپێدانی زەروری بانگەشەی سیاسی ئامادەکردنی زەمینەی لە قاودانی هەمەلایەنەی سیاسییە.

ناتوانین وشیاری سیاسی و هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە هیچ رێگایەکی دیکەوە ببەینە سەرەوە، مەگەر لە رێگەی ئەم لەقاودانەوە. بەم پێیە، ئەو هەڵسوڕانە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییە، چونکە تەنانەت ئازادی سیاسیش تۆسقاڵێک لە پێویستی ئەو لەقاودانانە کەم ناکاتەوە، بەڵکو تەنها ئاراستەکەی دەگۆڕێت. بۆ نمونە لە ژێر سێبەری ئەو وزە ماندو نەناسانە و خەبات لە رێگای لەقاودانی سیاسیدایە کە حزبی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی تایبەت سەنگەرەکانی خۆی قورس و قایمکردووە و نفوزی خۆی گەشەپێداوە. ئەگەر کرێکاران بە شێوەیەک رانەهاتبن، کە بە هەر چەشنە بابەتێک لە ستەمکاری و زوڵم و زۆر، داپڵۆسین و چەوسانەوە، دژ بە هەر چینێک بەڕێوە چووبێت، وەڵامبدەنەوە، ئەویش وەڵامێک لە روانگەی

سۆسیال دیموکراسیەوە، وشیاری چینی کرێکار ناتوانێت وشیاریەکی راستەقینەی سیاسی بێت. تا کاتێک کە کرێکاران لە ڕووداوەکانی سیاسی دیاریکراودا، ئەویش لە کاروباری ڕۆژانەدا (واتە پەیوەندی بەئێستاوە بێت)، فێر نەبن تەواوی لایەنەکانی ژیانی فیکری، ئەخلاقی و سیاسی هەرکام لە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە ببینن، تا کاتێک کە فێر نەبن لێکدانەوەی ماتریالیستی و هەڵسەنگاندنی ماتریالیستی لە کردەوەدا لە تەواوی لایەنەکانی هەڵسوڕان و ژیانی هەموو چین و توێژەکان و گروپەکانی خەڵک بەکارببەن، وشیاری جەماوەری کرێکار ناتوانێت وشیاریەکی راستەقینەی چینایەتی بێت.

کەسێک کە لە زۆربەی بابەتەکاندا سەرنج و هەستی چینی کرێکار تەنها و تەنها بەرەو لای خۆی رادەکێشێت و دەیباتە لاکەی خۆیەوە، سۆسیال دیموکرات نییە، چونکە چینی کرێکار، بۆئەوەی خۆی بناسێت دەبێت بەسەر پەیوەندییەکانی گشت چینەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا زاڵبێت و لێی ئاگادار بێت، ئەو وێنایە نابێت تەنها لایەنی تیۆریکی هەبێت، یان بە واتەیەکی دروستتر: بەردی بناغەی ئەو وێنایە لەسەر ئەزمونی ژیانی سیاسی پشت ئەستور بێت، تاکو لەسەر بنەمای تیۆری و بەم هۆیەشەوە هەڵێتوپەڵیتی ئێکۆنۆمیستەکان، سەبارەت بەوەی کە خەباتی ئابوری ”ئامرازێکە کە زیاتر لە هەموو ئامرازەکانی دیکە بۆ راکێشانی جەماوەر بۆ نێو بزووتنەوەی سیاسی بە کەڵکە“، لە کردەوەدا زیانێکی بێ سنوری هەیەو بێ ئەوپەڕ کۆنەپەرەستانەیە، بۆئەوەی کرێکار بتوانێت سۆسیال دیموکرات بێت، دەبێت جەوهەری ئابوری و سیمای کۆمەڵایەتی و سیاسی خاوەندار و قەشە، جوتیاری دەوڵەمەند، خوێندکار و گەڕیدە لەبەرچاو بگرێت، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی بناسێت و بتوانێت لە ناوەڕۆکی ئەو رستە باو و سەفسەتە رەنگاوڕەنگانەی، کە هەر چین و توویژێک نیەتی خۆپەرەستانە و «راستەقینە»ی خۆی دادەپۆشێت، تێبگات

بۆئەوەی بتوانێت جیای بکاتەوە کە کام لەو دامەزراو و یاسایانە رەنگدانەوەی فڵانە بەرژەوەندین، بەڵام وەها بەرچاو روونیەک لە هیچ کتێبێکەوە بەدەست نایەت: ئەوە تەنها وێنای زیندوو  لە قاودانی دەستبەجێ و لەکاتی خۆی ئەو شتانە دەتوانێت بە دەستبێنێت، کە لە کاتی ئێستادا لە دەوروبەرماندا روودەدات و هەموو کەسێک لەو بارەیەوە بەپێی سەلیقەی خۆی قسەی لەسەر دەکات، یان لە کونە دیوار و لە سوچ و قوژبنەکاندا قسەی لەسەر دەکەن و لە فڵان و فیسار رووداو، فڵان و فیسار پەیکەر و فڵان و فیسار حوکمی دادگاو هیتر و هیتردا رەنگی داوەتەوە. ئەم لە قاودانە هەمەلایەنە سیاسییە مەرجی پێویست و سەرەکی بارهێنانی رۆحی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرە.

بۆچی کرێکاری روسی هێشتاش لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی دڕندانەی پۆلیس لەگەڵ خەڵک، راوەدوی فیرقەکانی ئایینی، لێدانی جوتیاران، کارە قێزەونەکانی سانسۆر، ئەشکەنجەی سەربازان، ساکارترین داهێنانەکانی کەلتوری و لەو چەشنە هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی کەمە؟ ئایا ئەوە بەو بۆنەوە نییە، کە «خەباتی ئابوری»، چینی کرێکار بەرەو ئەو کارە»پاڵ پێوە نانێت» و بەڵێنی «دەرئەنجامی هەنوکەیی کەم و «دەرئەنجامی پۆزەتیڤی کەمە؟»، تا دووپاتی دەکەمەوە کە بوونی وەها باوەڕێک، بە مانای ئەوەیە تاک عەیبی خۆی و (لە هەمانکاتدا بێرنیشتاینیزم) بخاتە گەردەن جەماوەری کرێکار.

ئێمە دەبێت لەو بابەتەوە بەرپرسارێتی هەڵەی دواکەوتنی خۆمان لە بزووتنەوەی جەماوەر بگرینە ئەستۆ. هەڵەکەش ئەوە بـووە، کە هێشتا نەمانتوانیوە بە قەد پێویست ئامرازی لەقاودانی بەرین، روون و خێرای ئەو چەپەڵکارییانەی حکومەت ئامادە بکەین. ئەگەر ئەو کارە بکەین،  بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەو کارە بکەین و دەشتوانین بیکەین، ئەو کات تەنانەت بێ ئەزمونترین کرێکاریش لەوە تێدەگات یان هەستی پێدەکات، کە خوێندکار

و شوێنکەوتوانی فیرقە ئایینییەکان، موزیک و نوسەر هەر لەلایەن ئەو هێزە ڕەشەوە سوکایەتی و ستەمیان بەرامبەر دەکرێت، کە لە هەر هەنگاوێکی ژیانیدا ئەوەندە زوڵم و ستەم لەو (واتە کرێکار) دەکات.

پاش ئەوەی کە ئەم بابەتەی هەست پێکرد، وەبیری دەکەوێتەوەو خوازراو یان نەخوازراو بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئەمڕۆ لەدژی سانسۆرچیەکان هەرا بنێنەوە، سبەی لەبەردەمماڵی فەرمانداری، کە شۆڕشی جوتیارانی سەرکوت کردووە، خۆپیشاندان بکات و دوو سبەی ئەو جەندرمانەی کە لە جلوبەرگی مەلادا هەستی ئایینی دەوروژێنن و دووبەرەکایەتی ئایینی دەنێنەوە، ئیدانەی بکات و هیتر و هیتر. ئێمە هێشتا بۆئەوەی کە بەڵگەی لەقاودەرانەی هەمەلایەنە و تازە لەنێو کرێکاراندا بڵاو بکەینەوە، یان زۆر کەم کارمان کردووە یان هیچ کارێکمان نەکردووە. ژمارەیەکی زۆر لە ئێمە هێشتاش لەو ئەرکە حاڵی نییە و خۆی لەخۆیەوە «خەباتی ئاسایی ڕۆژانە»ی لە شوێنی بەرتەسکی ژیانی فابریکی گرتووەتەبەر. لە وەها بارودۆخێکدا وتنی ئەوەی کە: «ئێسکرا» دەیەوێت لە بەرامبەر بیرۆکەی درەوشاوە و تەواوکەردا، گرنگی ڕەوتی پێشڕەوی خەباتی ڕۆژانە کەم بکاتەوە» (مارتینێف، ل 61) بە مانای پاشەکشەی حزب و بەواتەی بەرگریکردن و بەباڵاهەڵگوتانی نەبونی ئامادەیی و دواکەوتوویی ئێمەیە.

بەڵام سەبارەت بە بانگهێشنکردنی جەماوەر بۆ هەڵسوڕان، دەبێت بڵێم کە هەر کاتێک بانگەشەی جدی سیاسی و لەقاودانی ڕوون و بەتین و تەوژم بە کردەوە بێت، ئەو کاتە ئەم کارە بە ئۆتۆماتیکی بەڕێوەدەچێت. گرتنی تاوانبار لە کاتی بەڕێوەبردنی تاواندا و لەقاودانی هەر لەو کاتەدا لەبەرچاوی بیروڕای گشتی، کاریگەریەکەی لە هەر چەشنە «بانگهێشنێک» باشترە، کاریگەری ئەم کارە لە زۆر بابەتدا بە شێوەیەکە کە دواتر تەنانەت ناتوانن ڕوونیبکەنەوە لە ڕاستیدا کێ جەماوەری «بانگهێشت کردووە» و فڵانە نەخشەی شانۆ و هیتری

هێناوەتە گۆڕێ.

بانگهێشتکردن (نەک بە گشتی، بەڵکو بە واتەی دیاریکراوی وشەکە) تەنها دەتوانرێت لە شوێنی خۆیدا بکرێت، تەنها کەسێک دەتوانێت بانگهێشت بکات، کە خۆیشی بجوڵێتەوە و لە مەیداندا بێت، بەڵام کاری ئێمە وەکو نوسەرانی سۆسیال دیموکرات ئەوەیە، کە تا ئەو جێگایەی بۆمان دەکرێت بە شێوەیەکی قوڵتر، بەرینتر و بەهێزتر ئیفشاگەری سیاسی و بانگەشەی سیاسی بەڕێوە ببەین.

لێرەدا جێگای خۆیەتی چەند وشەیەکیش سەبارەت بە «بانگهێشتەکان» قسە بکەین. تاکە ناوەندێک کە پێش لە رووداوەکانی بەهار کرێکارانی بۆ ئەوە بانگهێشتکرد، کە لە کێشەیەکی وەکو بانگگردنی خوێندکاران بۆ سوپا کە بە هیچ شێوەیەک بەڵێنی هیچ چەشنە ئاکامێکی هەنوکەیی نەدەدا، چالاکانە دەخالەت بکەن، «ئیسکرا» بوو. دەستبەجێ پاش بڵاوکردنەوەی فەرمانی رێکەوتی 11ی ژانویە سەبارەت بە «بانگهێشتکردنی 183 خوێندکار بۆ سوپا» «ئیسکرا» بابەتێکی بڵاوکردەوە لەمەڕ ئەوەی کە «کرێکاران بە هانای خوێندکارانەوە بێن» و «خەڵک»ی بۆ ئەوە بانگکرد، کە بێ بەفیرۆدانی کات و راشکاوانە وەڵام بەو هەڵسوکەوتە بێشەرمانەیەی دەوڵەت بدەنەوە. ئێمە لە هەموووان و لە تاکە تاکەیان دەپرسین: هۆکاری ئەوەی مارتینێف، کە ئەوەندە باسی »بە بانگهێشتکردن» و تەنانەت «بانگهێشتکردن»، وەکو شێوەیەک لە هەڵسوڕان ناو دەبات، تەنانەت قسەیەکیشی بۆ بانگهێشتکردنی جەماوەر بۆ ئیدانەکردنی ئەو مەسەلەیە نەکرد، چی بوو؟ ئایا بەو قسانەی کە وتمان ئەوە کورتبینی نییە، کە مارتینێف بەو بۆنەوە «ئیسکرا» بە یەک لایەنە ناو دەبات کە بەقەد پێویست خەڵک بۆ وەدیهێنانی ئەو داواکارییانەی کە «بەڵێنی دەرئەنجامی هەنووکەیی دەدەن» بانگهێشت ناکات؟

ئەو ئێکۆنۆمیستانەی ئێمە، لەوانە "رابۆچیە دێلۆ"، سەرکەوتنی خۆیان قەرزداری ئەوە بوون، کە جلوبەرگی کرێکارانی دواکەوتوویان لەبەرکردووە، بەڵام کرێکاری سۆسیال دیموکرات، واتە کرێکاری شۆڕشگێڕ (ژمارەی ئەمجۆرە کرێکارانەش رۆژ لەدوای رۆژ روو لە پەرەسەندنە). ئەوپەڕی نەفرەت و بێزاری خۆی بەرامبەر بەو پاساوانەی، کە سەبارەت بە خەبات بۆ ئەو داواکارییانەی کە «بەڵێنی دەرئەنجامی هەنوکەیی دەدەن» و هیتر دەکرێت، دەردەبڕێت و رەتیدەکاتەوە، چونکە لەوە تێدەگات، کە ئەوەش بەشێکی ئەو چیرۆکە کۆنەی زیادکردنی کۆپێکێک بە روبڵێکە. وەها کرێکارێک بە ئامۆژگارەکانی خۆی لە «رابۆچایا میسێل» و "رابۆچیە دێلۆ" دەڵێت: ئاغایان بێهۆ دەشڵەژێن، ئێوە بە دەستێوەردان لە کارێک کە ئێمە خۆشمان دەتوانین لە ئەستۆی بگرین، زەحمەت بە خۆتان دەدەن، لە حاڵێکدایە کە لە بەڕێوەبردن و بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی راستەقینەی خۆتان سەرپێچی دەکەن. ئاخر ئەوە بە هیچ شێوەیەک ئاقڵانە نییە، کە دەڵێن ئەرکی سۆسیال دیموکراتەکان ئەوەیە کە لایەنی سیاسی بە خەباتی ئابوری بدەن. تەنها دەستپێکی رێگایە و ئەرکی سەرەکی سۆسیال دیموکراتەکان ئەوە نییە، چونکە لە تەواوی جیهاندا و لەوانە لە روسیاش لە زۆربەی بابەتەکاندا پۆلیس بۆ خۆی ئەو کارە دەکات و بە خەباتی ئابوری لایەنی سیاسی دەدات و کرێکاران بۆ خۆیان وردە وردە لەو بابەتە تێدەگەن کە حکومەت پشتیوانی کێیە. ئاخر گێلگەوجەکان کە پێتانوایە ئەمریکاتان کەشف کردووە، «خەباتی ئابوری کرێکاران لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» لە زۆرێک لە شوێنە دوورەدەستەکانی روسیادا لەلایەن ئەو کرێکارانەوە بەڕێوە دەچێت کە باسی مانگرتنیان بیستووە، بەڵام سەبارەت بە سۆسیالیزم هیچیان نەبیستووە. ئاخر ئەو «هەڵسوڕانە» کە ئێوە دەتانەوێت بە هێنانەگۆڕی ئەو داواکاریە دیاریکراوانەی، کە بەڵێنی دەرئەنجامی هەنوکەیی

دەدەن، پشتیوانی لێبکەن، ئێستا لەنێو کرێکاراندا لە ئارادایە و ئێمە خۆمان لە هەڵسوڕانی ڕۆژانەی سەندیکایی و بچوکی خۆماندا لە زۆر بابەتدا بەبێ یارمەتی ڕووناکبیران ئەم داواکارییانە دەهێنینە گۆڕێ، بەڵام وەها هەڵسوڕانێک ئێمە بە قەناعەت ناگەیەنێت، ئێمە منداڵ نین، کە بە مژمژەی سیاسەتی «ئابوری» تێرمان بکەن، ئێمە دەمانەوێت هەر شتێک، کە کەسانی دیکە لێی ئاگادارن بیزانین، دەمانەوێت بە تێروتەسەلی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسیدا ئاشنا بین و هەڵسوڕاوانە لە هەر چەشنە ڕووداوێکی سیاسیدا بەشداری بکەین.

بۆ ئەو کارە پێویستە ڕووناکبیران ئەوەی کە ئێمە خۆمان لێی ئاگادارین، کەمتر دووپاتبکەنەوە و زۆرتر لەسەر ئەو شتانە قسە بکەن، کە هێشتا نایزانین و هیچ کاتێک بە شێوەی تایبەتی لە ئەزمونی کارگەیی و «ئابوری» خۆماندا ناتوانین لێی تێبگەین، واتە: لەسەر زانستی سیاسی. ئێوەی ڕووناکبیر دەتوانن ئەو زانستە بەدەستبێنن و ئەرکی سەر شانتانە سەدان و هەزاران جار زیاتر لەوەی تا ئێستا بە ئێمەتان گەیاندووە، پێمانی بگەیەنن، ئەویش نە تەنها لە قەوارەی قسەو باس و بەرهەم و بابەتەکاندا (کە زۆرکات داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ڕێک و ڕاست قسە دەکەین! ماندووکەرە)، بەڵکو بە دڵنیاییەوە بەشێوەی لەقاودانی بەتین و تەوژمی ئەو کردەوانەی، کە حکومەت و چینە دەسەڵاتدارەکان ئێستاکە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەڕێوەی دەبەن. فەرموون ئەم ئەرکەی خۆتان بەهێزێکی زۆرتـرەوە بەجێ بگەیەنن و سەبارەت بە «چوونە سەرەوەی ئاستی هەڵسوڕانی جەماوەری کرێکار» کەمتر قسە بکەن.

هەڵسوڕانی ئێمە زۆر زیاتر لەوەیە، کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە، ئێمە تەنانەت دەتوانین بە خەباتی ئاشکرای خۆمان لەسەر شەقامەکان لەو داواکارییانەش کە بەڵێنی هیچ «دەرئەنجامێکی هەنوکەیی»ش نادەن، پشتیوانی

بکەین! ئەوە کاری ئێوە نییە کە هەڵسوڕانی ئێمە «زیاتر بکەن»، چونکە ئەوە هەڵسوڕانی خۆتانە کە کەمە و لە ئاستی پێویستدا چالاکی لە خۆتان نانوێنن. ئاغایان لە بەرامبەر رەوتی خۆڕسکدا چۆک دامەدەن و نۆسقاڵێک لە بیری پەرەپێدانی هەڵسوڕانی خۆتاندا بن.

### ە) چ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئێکۆنۆمیزم و تیرۆریزمدا هەیە؟

ئێمە لە روونکردنەوەی سەرەوەدا ئێکۆنۆمیستێک و تیرۆریستێکی پێکەوە گرت، کە سۆسیال دیموکرات نەبوون. ئەوانە بە هەڵکەوت هاوڕا دەرهاتبون، بەڵام ئەگەر بە گشتی چاوێک بخشێنین، ئەو کات دەبێت بڵێین کە لەنێوان ئەم و ئەودا پەیوەندیەکی چارەهەڵنەگری دەروونی (کە بە هەڵکەوتیش نییە) هەیە، کە ناچارین لە خوارەوە لەسەری قسە بکەین و بابەتێکە کە قسەکردن لەسەری لە بواری پرسی بارهێنانی رۆحی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەوە کارێکی گەلێک پێویستە.

ئێکۆنۆمیستەکان و تیرۆریستەکانی ئێستا یەک سەرچاوەیان هەیە، ئەویش: کڕنۆش بردن بۆ رەتی خۆڕسکە کە لەبەشی رابردوودا وەکو دیاردەیەکی گشتی لەسەری قسەمان کردو ئێستاش لەسەر کاریگەریەکانی لەبواری چالاکی سیاسی و خەباتی سیاسیدا قسەوباس دەکەین، تا ئەو جێگایەی دەرفەتمان هەبێت لێی دەکۆڵینەوە. لە روانینی یەکەمدا، لەوانەیە ئەم بانگەشەیەمان وەکو پارادۆکس بێنە بەرچاو، چونکە لە رواڵەتدا جیاوازی نێوان کەسانێک کە لەسەر «خەباتی ئاسایی رۆژانە» پێداگریدەکەن و ئەوانەی کە تاکەکانی جیا لە یەکترین بۆ فیداکارانەترین خەبات بانگەواز دەکەن، زۆرە، بەڵام ئەمە پارادۆکس نییە. ئێکۆنۆمیستەکان و تیرۆریستەکان لە بەرامبەر جەمسەرە جۆراوجۆرەکانی رەوتی خۆڕسکدا چۆکدادەدەن. ئێکۆنۆمیستەکان لە بەرامبەر رەوتی خۆڕسکی

«بزووتنەوەی لەسەدا سەد کرێکاری» چۆکدادەدەن و تیرۆریستەکان کورنوش لە بەرامبەر رەوتی خۆڕسکی تووڕەیی و غەزەبی بێ ئەوپەڕ بە گڕوتەوژمی ئەو رووناکبیرانەی کە ناتوانن یان ئیمکانی ئەوەیان نییە هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری لە لە شێکی یەکگرتوودا یەکبخەن، چۆکدادەدەن.

کەسێک کە باوەڕی بەو مەجالە نەمابێت (واتە باوەڕ بە هێزی جەماوەر)، یان هەرگیز باوەڕی پێی نەبووبێت، بەراستی بۆی دژوارە بێجگە لە تیرۆر چارەسەرێکی دیکە بۆ دامرکاندنەوەی هەستی تووڕەیی و غەزەبناک و وزەی شۆڕشگێڕانەی بدۆزێتەوە. بەم شێوەیە کڕنۆش بردنی هەردووکی ئەو ستراتیژە بۆ رەوتی خۆڕسک بە مانای شتێک نییە، بێجگە لە دەستپێکی بە کردەوە دەرهێنانی بەرنامەی بەناوبانگی «Credo». ئەم بەرنامەیە بەم چەشنەیە: کرێکاران خۆیان «لە دژی خاوەنکاران و حکومەت خەباتی ئابوری» دەکەن (نووسەری «Credo» داوای لێبوردنت لێدەکەین، کە بیری ئێوە بە قسەکانی مارتینێف دەردەبڕین! ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە هەقمانە ئەو کارە بکەین، چونکە لە«Credo»شدا ئەوە دەوترێت، کە چۆن بیری کرێکاران لە رەوتی خەباتی ئابوریدا «بەرەو رژیمی سیاسی دەبات»)، بەڵام رووناکبیران خەباتی سیاسی بەهێزی خۆیان و ئاساییە کە بە یارمەتی تیرۆر بەڕێوە دەبەن! ئەمە تێگەیشتنێکی بە تەواوی مەنتیقی و چارە هەڵنەگرە، کە تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش، کە دەستدەدەنە بە کردەوە دەرهێنانی ئەو بەرنامەیە خۆیشیان لە چارەهەڵنەگربوونی تێنەگەیشتبێت، دیسانەوە ناکرێت لەسەری پێداگری بکەن. هەڵسوڕانی سیاسی یاسای تایبەت بەخۆیی هەیە، یاسایەک کە سەربەخۆ لە هەستی ئەو کەسانەیە کە بەوپەڕی نیەتپاکیەوە خەڵک بۆ تیرۆر یان «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری» بانگهێشت دەکەن، جەهەننەمیش بە نیەتپاکی

بەرپاوکراوە و لەو بابەتەدا، کە قسەی لەسەر دەکەین، نیەتپاکی جیا لەوەی کە بکەوێتە «رێگای کەمترین» موقاومەت و بەرنامەی لەسەدا سەد بۆرژوایی» Credo» رزگار ناکات. سەرئەنجام ئەوەش بە هەڵکەوت نییە کە ژمارەیەکی زۆر لە لیبراڵەکانی روس (چ ئەوانەی بە ئاشکرا لیبراڵن و چ ئەوانەی دەمامکی مارکسیستیان بە رووخساری خۆیان داوە)، بە دڵ و بە گیان حەزییان لە تیرۆرە و هەوڵدەدەن لەکاتی ئێستادا لە پەرەسەندنی ورەی تیرۆریستی پشتیوانی بکەن.

هەر بۆیە کاتێک کە «گروپی سۆسیال رولوسیۆنێرەکانی وابدا» پێکهات و یارمەتی و هاورێیەیەتی هەمەلایەنەی بزووتنەوەی کرێکاری کرد بە ئەرکی خۆی و لەولاشەوە تیرۆری هێنایە نێو بەرنامەکەیەوە و خۆی لە سۆسیال دیموکراسی بـەدوور زانی، ئەو کاتە ئەم راستیە جارێکی دیکە راستی و دروستی دووربینی قووڵی (پ.ب ئاکسلرۆد)ی پشتڕاست کردەوە کە هەر لە کۆتایی ساڵی 1897دا ئەم دەرئەنجامانەی سۆسیال دیموکراسی، واتە سستی و راڕایی سۆسیال دیموکراتیکی وشە بە وشە باسی کردبوو. مەبەست (لە دەوروبەری کێشەی ئەرکەکان و تاکتیکی ئێستا) و «دوو ئاسۆ»ی بەناوبانگی (پ.ب ئاکسلرۆدە). تەواوی قسەو باسەکان و ناکۆکییەکانی دواتری سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا پێکەوە وەکو تۆوی رووەکێک، کە لەنێو کاکڵەدا بێت، لەو دوو ئاسۆیەدا خەوتووە.

لەو روانگەیەوە، ئەم بابەتەش روون دەبێتەوە کە ”رابۆچیە دێلۆ“، کە نەیتوانی لە بەرانبەر رەوتی خۆڕسکی ئێکۆنۆمیستیدا خۆڕاگری بکات، لە بەرامبەر رەوتی خۆڕسکی تیرۆریزمیشدا نەیتوانی خۆ بگرێت. جێگای خۆیەتی لێرەدا هۆکار و پاساوێکی تایبەتی کە «سوابدا» بۆ بەرگریکردن لە تیرۆر دەیهێنێتەوە، بێنینەوە. «سوابدا» بە تەواوی نکۆڵی لەوە دەکات» کە تیرۆر

ڕۆڵی چاوترسێن کردن بگێڕێت (بەرهەمی «بووژاندنەوەی شۆڕشگێڕی» ل 64)، بەڵام لەولاشەوە «گرنگی ئاژیتاسیۆنی» بۆ دادەنێت.

ئەم بابەتە یەکەم لەم ڕوانگەیەوە، کە یەکێک لە قۆناغەکانی گەندەڵی و بەرەو بەدواچوونی ئەو کۆمەڵە کۆنە (پێش لە سۆسیال دیموکراتیک) لەو بیرۆکانەی کە خەڵکی ناچار دەکرد، شوێنی تیرۆر بکەوێت نیشاندەدات، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمەیە. دانپێدانان بەوەی کە ئێستا ئیتر ناکرێت لە ڕێگەی تیرۆرەوە حکومەت «چاوترسێن» بکرێت و لەسەر ئەم بناغەیە ڕێکخراوەکەی تێکبدەین لە ڕاستیدا واتەکەی ئەوەیە، کە تیرۆر وەکو سیستەمێکی خەبات و بوارێکی هەڵسوڕان کە لە بەرنامەکەدا هاتبێت، بە تەواوی ڕەتکراوەتەوە. لەولاشەوە ئەم بابەتە بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە نمونەیەک لە تێنەگەیشتن لە ئەرکە گرنگەکانمان لە کاری «بارهێنانی چالاکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر» نیشاندەدات، تایبەتمەندیەکی دیکەیە. «سوابدا» تیرۆر وەکو ئامرازێک بۆ «وروژانـدن»ی بزووتنەوەی کرێکاری و دانی «تەکانێکی بەهێز» بانگەشەی بۆ دەکات. دژوارە بیر لە هۆکارێکی دیکە بکرێتەوە، کە ئاشکراتر لەوە بە دەستی خۆی، خۆی بەتاڵ بکاتەوە! دەبێت پرسیاریان لێبکەین کە ئایا ژیان لە ڕوسیا ئەوەندە لەوجۆرە ستەمکاری و چەوساندنەوانەی کەم تێدایە کە دەبێت ئامرازێکی تایبەت بۆ «وروژاندنی» جەماوەر بناسین؟ لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر کەسێک لە بنەڕەتدا ناوروژێت، تەنانەت ستەمکاری ڕوسیش ناتوانێت بیورووژێنێت، مەگەر ئاشکرا نییە کە ئەو کەسە لە ڕێگەی شەڕی دەستەو یەخەی نێوان حکومەت و ژمارەیەک تیرۆریستیشەوە ناوروژێت و بە خوێنساردیەوە بۆی دەڕوانێت.

کاکڵەی قسەکە ئەوەیە، کە جەماوەری کرێکار لە ستەمکاریەکانی ژیانی ڕوسیا وەزاڵـە هاتون و دەوروژێـن، بەڵام ئێمە ناتوانین هەموو دڵۆپ و

جۆگەلەکانی ناڕەزایەتی خەڵک کە بەرادەیەک لە ژیانی روسدا لە ئارادایە کە لە خەیاڵات و بیرکردنەوەی ئێمە واوەترە گردوکۆ بکەینەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە پێویستە گشت ئەوانە لە یەک شوێندا گردوکۆ بکەینەوە و سێڵاوێکی گەورەی لێ بخولقێنین. گەشەی مەزنی بزووتنەوەی کرێکاری و ئەو راستیە کە کرێکاران بە خوێندنەوەی گۆڤارە سیاسییەکان تینون و لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو ئەرکە دەکرێت و پێویستە بەڕێوە بچێت، بەڵام دەبێت بڵێین کە بانگەوازکردن بۆ تیرۆر، هەروەها بانگهێشت کردن بۆ ئەوەیکە لایەنی سیاسی بەو خەباتە ئابووریە بدرێت وا لەئارادایە، شتێک نییە، جگە لەشێوە جۆراوجۆرەکانی خۆبواردن لەو ئەرکە گرنگانەی لەبەردەم شۆڕشگێرانی روسدایە. ئەو ئەرکە بریتیە لە دابینکردنی زەمینەکانی بەڕێوەبردنی بانگەشەی هەمەلایەنەی سیاسی.

«سوابدا» دەیەوێت تیرۆر بە جێگای بانگەشەی سیاسی دابنێت و رێک و راست رایدەگەیەنێت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «کاتێک بانگەشەی لەرادە بەدەر و گەرموگوڕ لەنێو جەماوەردا دەست پێ بکات، رۆڵی وروژێنەر دەگێرێت» (ل 68 «بووژاندنەوەی شۆڕشگێڕی»). بە پێچەوانەوە ئەوە دەری دەخات، کە سەرەڕای ئەوەی رووداوەکانی بەهار ئەوەی سەلماند، هیچکام لە تیرۆریستەکان و ئێکۆنۆمیستەکان، بۆ هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر هیچ بایەخێک دانانێن. دەستەی یەکەم بەدوای «ئامرازی وروژاندن»ی ساختەدا دەگەڕێت و ئەوی دیکە قسە لە «هێنانەگۆڕی داواکاری تایبەتی» دەکات. نە ئەم و نە ئەو، هیچکامیان سەرنجی پێویست بە گەشەی هەڵسوڕانی خۆیان لە کاروباری بانگەشەی سیاسی و دابینکردنی زەمینەکانی لەقاودانی سیاسی نادەن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نە ئێستاو نە لە هیچ کاتێکی دیکەدا، ناتوانین هیچ شتێک بە جێگای بانگەشەی سیاسی و دابینکردنی بواری لەقاودان دابنێین.

### ٥) چینی کرێکار – خەباتی پێشەنگ لە ڕێگای دیموکراسی

دیتمان کە بەڕێوەبردنی بانگەشەی سیاسی لە ئاستێکی بەریندا و بەم پێیە دابینکردنی زەمینەکانی لەقاودانی هەمەلایەنەی سیاسیش ئەرکی پێویست و هەنوکەییترین ئەرکی زەروری هەڵسوڕانە، بە مەرجێک کە ئەو هەڵسوڕانە بەراستی دیموکراتیک بێت، بەڵام ئێمە تەنها بەهۆی پێویستی خێرا و دەستبەجێی چینی کرێکار بە زانستی سیاسی و ڕاهێنانی سیاسی بەو دەرئەنجامە گەیشتین، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە ئەگەر کێشەکە تەنها بەو شێوەیە بێتە گۆڕێ، زۆر بەرتەسک دەبو و ئەرکەکانی دیموکراتیکی گشتی، واتە ئەرکەکانی هەر چەشنە سۆسیال دیموکراسیەک بە گشتی و سۆسیال دیموکراسی ئێستای ڕوس بە گشتی، لەبەرچاو نەدەگرت، بۆئەوەی کە بە شێوەیەکی دیاریکراوتر ئەو بنەمایە ڕوون بکەینەوە، هەوڵدەدەین بابەتەکە لە لایەنێکەوە بدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە لە بیری ئێکۆنۆمیستێکدا لە هەموو شتێک «نزیکتر»ە. کەسمان لە وەدا گومانمان نییە کە پێویستە ئاستی وشیاری سیاسی چینی کرێکار گەشە پێ بدرێت و هەمووومان لەسەری «کۆکین»، بەڵام ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە دەبێت ئەو کارە چۆن بکەین و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە پێویستمان بە چی هەیە؟

خەباتی ئابوری بیری کرێکاران تەنها بەرەو لای هەڵسوکەوتی حکومەت بەرامبەر بە چینی کرێکار دەوروژێنێت، یان بە واتەی ڕابۆچیە دێلۆ» پاڵ پێوەدەنێت» و بەمپێیە هەرچەندەش کە لەسەر ئەرکی «لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری» زەحمەت بە خۆمان بدەین دیسانەوە ناتوانین لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەدا، ئاستی وشیاری سیاسی کرێکاران (هەتا ئاستی وشیاری سیاسی سۆسیال دیموکراسی) گەشە پێبدەین، چونکە ئەو چوارچێوەیە لە بنەڕەتدا چوارچێوەیەکی بەرتەسکە. بەهایەک کە ئێمە بۆ فۆرمۆڵی مارتینێف دایدەنێن،

هەرگیز بەو هۆیەوە نییە، کە ئەو فۆرمۆلە لێهاتوویی مارتینێف لەچەواشەکردن و بەلارێدابردندا نیشاندەداتن، بەڵکو بەو بۆنەوەیە کە ئەو فرمولبەندیە هەڵەی سەرەکی گشتی ئێکۆنۆمیستەکان نیشاندەداتن. هەڵەی ئێکۆنۆمیستەکان ئەوەیە، کە پێیانوایە دەتوانن لەناوخۆی خەباتی ئابورییاندا، یان لانیکەم (بە گشتی) لەسەر بنەمای ئەم خەباتە و تەنها (یان لانیکەم بە گشتی) بە پشتبەستن بەو خەباتە وشیاری چینایەتی و سیاسی کرێکاران بەرنە سەرەوە.

وەها بۆچوونێک هەر لە بنەماوە هەڵەیە و هۆکارەکەشی، بە تایبەتی ئەوەیە کە ئێکۆنۆمیستەکان لە حاڵێکدا کە لە موناقەشەکردن لەگەڵ ئێمە بارگرانن، نایانەوێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ بیر لە سەرچاوەی ناکۆکییەکانمان بکەینەوە و لە ئاکامدا تەنیا شتێک دەمێنێتەوە، ئەوەیە، کە بە هیچ شێوەیەک لە مەبەستی یەکترین حاڵی نابین و بە زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەین.

تەنها لە دەرەوە، واتە لە دەرەوەی چوارچێوەی خەباتی ئابوری و لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندی کرێکاران لەگەڵ خاوەنکارانەوە دەتوانین وشیاری سیاسی چینایەتی بۆ کرێکاران بەرین. ڕێگایەک کە دەتوانین ئەو زانیاریەی لێ بەدەست بێنین، زنجیرە پەیوەندییەکانی هەموو چین و توێژەکان لەگەڵ دەوڵەت و حکومەت و زنجیرە پەیوەندییەکانی هەموو ئەو چینانە پێکەوەیە. هەر بۆیە ناتوانین ئەم وەڵامە بە پرسیاری: چ بکەین بۆئەوەی زانستی سیاسی بەکرێکاران بگەیەنین؟ بدەینەوە، کە: «دەبێت بڕۆینە نێو کرێکاران»، وەڵامێک کە پراتیسیەنەکان و بە تایبەتی ئەو پراتیسیەنانەی کە مەیلیان بەرەو ئێکۆنۆمیزمە لە زۆربەی بابەتەکاندا قەناعەتی پێدەکەن، بۆئەوەی زانیاری سیاسی بە کرێکاران بگەیەنرێت، پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان بڕۆنە نێو گشت چینەکانی کۆمەڵگەوە و گروپەکانی سوپای خۆیان بۆ هەموو لایەک بنێرن بۆ ئەوەی لەناو جەماوەری خەڵکدا رەگاژۆ بکات.

ئێمە بە ئەنقەست ئەم فۆرمۆڵبەندیە زبرو ناهەموارەمان گرتەبەر و بە ئەنقەست بابەتەکەمان بەو شێوەیە بە سادە و ساکار دەربڕی. ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو بۆنەوە نییە، کە قسەی دژ بەیەک دەکەین و تووشی پارادۆکس بووین، بەڵکو بۆئەوەیە، کە بیری ئێکۆنۆمیستەکان بەرەو لای ئەو ئەرکانە رابکێشین کە سەرنجی پێنادەن و بە هیچ شێوەیەک شیاوی لێبوردن نییە و هەروەها بەرەو ئەو «جیاوازییانە» رابکێشین کە لەنێوان سیاسەتی تریدیۆنیۆنی و سیاسەتی سۆسیال دیموکراتدا هەیە و لێی حاڵی نابن، بەم بۆنەوە داوا لە خوێنەر دەکەین نەشڵەژێت و بە وردی و تا کۆتایی گوێ لە قسەکانمان بگرێت.

کۆڕ و کۆمەڵێکی سۆسیال دیموکرات لەبەرچاو بگرن، کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لەهەمووو شتێک رەواجی بووە و بەوردی کارەکانی بدەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی خۆتانەوە. ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە «لەگەڵ کرێکاراندا پەیوەندییان» هەیە و بەمە قەناعەت دەکەن، هەندێک گۆڤار بڵاودەکەنەوە و لەناو ئەو گۆڤارانەدا چەوسانەوەکانی نێو کارگەکان، لایەنگری دەوڵەت لە سەرمایەداران و ستەمکارییەکانی پۆلیسی دەدەنە بەر ئاگری رەخنەی خۆیان، لە کۆبوونەوەکانی کرێکاراندا زۆربەی قسەو باسەکان لە بازنەی ئەو تەوەرانە دەرناچێت، کۆنفرانس و وتووێژ، سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و پرسی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی حکومەت، پرسی تەکامولی ئابوری روسیا و ئەوروپا و جێگاو شوێنی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێستا زۆر بە دەگمەن بەڕێوە دەچێت، بیری بەدەستهێنانی پەیوەندی و گەشەی رێکوپێکی پەیوەندییەکانی چینی کرێکار لەگەڵ چینەکانی دیکە، تەنانەت بەبیری کەسدا نایەت. زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆڕە رێبەرێکی ئایدئال لەبەرچاودەگرن، کە زۆرتر وەکو سکرتێری تریدیۆنیۆن وایە.

بۆ وێنە سکرتێرێکی تریدیۆنیۆنی ئینگلیزی هەمیشە یارمەتی کرێکاران دەدات، کە خەباتی ئابوری بکەن، بارودۆخی نالەباری فابریکەکان بۆ کرێکاران لەقاو بدەن، نادادپەروەرانەبوونی ئەو یاسا و رێسایانەی کە کۆسپ دەخەنە سەر رێگای ئازادی مانگرتن، روونبکەنەوە، دوژمنکارانەبوونی دەسەڵات، کە بەدەست چینەکانی بۆرژوازی نەتەوەوەیە، نیشاندەدەن و هیتر و هیتر. بە کورتی هەر سکرتێرێکی تریدیۆنیۆن یارمەتی «بە خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» دەکات. زۆریش ناتوانین لەسەر ئەوە پێداگری بکەین، کە ئەوە هێشتا سۆسیال دیموکراتیزم نییە و سکرتێری تریدیۆنیۆن، ناتوانێت ئامانجی سۆسیال دیموکراتیک بێت، بەڵکو دڵخوازی سۆسیال دیموکراسی وتەبێژێکی جەماوەریە کە بتوانێت وەڵام بە هەرچەشنە لق و پۆپێکی ستەمکاری و زوڵم و زۆرێک بداتەوە، جا ئەو ستەمە لە هەر کوێ کرابێت و بەرامبەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوەچووبێت، جیاوازی نییە، ئەو وتەبێژە جەماوەرییە دەبێت بتوانێت گشت ئەو لق و پۆپانەی ستەمکاری وەکو ستەمکاری پۆلیسی و چەوسانەوەی سەرمایەداری نیشانبدات، بتوانێت لە هەر شتێکی ورد و بچکۆلە بۆ شیکردنەوەی باوەڕی سۆسیالیستی و داواکاریە دیموکراتیکەکانی خۆی لەبەر چاوی هەمووان، هەروەها بۆ نیشاندانی گرنگی مێژوویی-جیهانی خەباتی ئازادیخوازانەی پرۆلیتاریا بۆ هەمووان کەڵک وەربگرێت.

بۆ نمونە رێبەرانێکی وەکو رابێرت نایت (سکرتێری بەناوبانگی کۆمەڵەی دیگسازان کە یەکێک لە بەهێزترین تریدیۆنیۆنەکانی ئینگلیزە) و ویلهێڵم لیبکنێخت لەبەرچاو بگرن و هەوڵبدەن ئەو پارادۆکسانەی، کە مارتینێف ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ «ئیسکرا» لەو چوارچێوەیەدا دادەڕێژێت، لەگەڵ ئەو دوو کەسایەتیە بەراورد بکەن. ئەگەر ئەو کارە بکەن، دەبینن (من دەستدەکەم بە لێدانەوەی لاپەڕەکانی بابەتەکەی مارتینێف) کە رابێرت نایت

زۆرتر «جەماوەر» بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی دیاریکراو بانگهێشت دەکات» (ل 39)، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ویلهێلم لیبکنێخت زۆرتر کاری «روونکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی گشت رژێمی لەسەر کاری ئێستا و بەشە جۆراوجۆرەکانی»دەکات (ل 38–39).

رابێرت نایت «نزیکترین داخوازییەکانی پرۆلیتاریا دەهێنێتە گۆڕێ و ئامرازەکانی بە کردەوە دەرهاتنی ئەو خواستانە نیشاندەدات» (ل 41)، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە لیبکنێخت لە هەمانکاتدا کە ئەو کارە دەکات»، لە رێبەری کردنی هەڵسوڕانی کاریگەری تووێژە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن» و «دیاریکردنی بەرنامەی کردەوە بۆیان» (ل 41)  خۆی نابووێرێت. رابێت نایت بە تایبەتی هەوڵیدەدا «تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێت لایەنی سیاسی بە خەباتی ئابوری بدات» (ل 42) و بە شایستەییەوە دەیتوانی «لە بەرانبەر حکومەتدا داخوازی دیاریکراو بهێنێتە گۆڕێ، کە بەڵێنی دەرئەنجامی دیاریکراوی هەنووکەیی بدات» (ل 43)، ئەوە لە حاڵێکدایە، کە لیبکنێخت زۆرتر خەریکی کاری «لەقاودانی» «یەکلایەنە» بوو (ل 40).

رابێرت نایت زۆرتر گرنگی بە «رەوتی پێشڕەوی خەباتی رۆژانە»دەدا (ل 61)، بەڵام لیبکنێخت گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی درەوشاوە و تەواوکەر (ل 61) دەدا. لیکبنێخت لە رۆژنامەیەک، کە رێبەرایەتی دەکرد، ئۆرگانی ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕی پێکدەهێنا، کە سیستەمەکانی ئێمە و بە تایبەتی سیستەمە سیاسییەکانمانی تا ئەو جێگایە لەقاو دەدا، کە لەگەڵ بەرژەوەندی تووێژی جۆراوجۆری خەڵکدا لە ناکۆکیدا بووایە» (ل 63)، ئەوە لە حاڵێکدایە کە رابێرت نایت «لە رێگای ئارمانی کرێکاریدا کاریدەکرد و پەیوەندیەکی دەروونی پتەوی لەگەڵ خەباتی پرۆلیتاریایی هەبو» (ل 63)، ئەمە لە بارودۆخێکدایە، کە لە پەیوەندی دەروونی پتەو بە واتەی کڕنۆش بردن بۆ رەوتی خۆڕسک

حاڵی ببین (بە شێوەیەک کە لە سەرەوە لە نمونەی کریچۆفسکی و مارتینێفدا دامانە بەرباس و لێکۆڵینەوە) و «بازنەی کاریگەری و نفوزی خۆمان بەرتەسک بکردایەتەوە»، هەڵبەت مارتینێف دڵنیابوو لەوە، کە «لەم ڕێگەیەوە بە دەستی خۆی کاریگەری و نفوزی ئاڵۆزکاوتر کردۆتەوە» (ل 63).

بە کورتی دەبینن کە مارتێنێف لە کردەوەدا سۆسیال دیموکراسی هەتا ئاستی تریدیۆنیۆنیزم داشکاندووە، دەڵێی بە هیچ شێوەیەک ئەم کارەی بەو بۆنەوە نەکردووە، کە خێرخوازی سۆسیال دیموکراسی نییە، بەڵکو بەو بۆنەوەیە کە بە جێگای ئەوەی کە زەحمەتی ئەوە بەخۆی بدات لە بیروبۆچوونەکانی پلێخانۆف تێبگات، بیروڕاکانی پلێخانۆفی تۆزێک پەرەپێداوە و لەو کارەدا پەلەی کردووە.

بەڵێ با بۆ باسەکەی خۆمان بگەڕێنەوە. ئێمە وتمان کە سۆسیال دیموکرات ئەگەر بیەوێت تەنها لە قسەدا لایەنگری پێویستی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ئاستی وشیاری سیاسی پڕۆلیتاریا نەبێت، بەڵکو لە کردەوەشدا لایەنگری چوونە سەرەوەی ئاستی وشیاری سیاسی ئەو چینە بێت، دەبێت «بڕواتە نێو هەموو چینەکانەوە». لێرەدا ئەو پرسیارانە دێتە گۆڕێ کە: چۆن دەبێت ئەو کارە بکەین؟ ئایا ئێمە بۆ ئەو کارە هێزی پێویستمان هەیە؟ ئایا بۆ ئەو کارە زەمینەی پێویست لەنێو چینەکانی دیکەدا هەیە؟ ئایا ئەم کارە بە مانای پاشەکشەکردن لە تیۆری چینایەتی، یان پاشەکشەکردن لە تیۆری شۆڕشگێڕانە نییە؟ با لەسەر ئەم پرسیارانە کەمێک تێڕامان بکەین و بە سەریاندا خوار ببینەوە.

ئێمە دەبێت هەم وەکو تیۆرسێن، هەم وەکو ڕاهێنەر، هەم وەکو ئاژیتاتۆر و هەم وەکو ڕێکخەر» بچینە نێو هەمووو چینەکانەوە». کەس لەسەر ئەوە گومانی نییە، کە پێویستە هەڵسوڕانی تیۆریکی سۆسیال دیموکراتەکان تەرکیز بکاتە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر گشت تایبەتمەندییەکانی جێگاو شوێنی کۆمەڵایەتی

و سیاسی چینە جۆراوجۆرەکان. بەڵام لەچاو لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی کرێکاران لە کارگەکان، لەو بوارەدا زۆر کەم کار کراوە و کار دەکرێت. لە کۆمیتەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکاندا کەسانێک دەبینن، کە تەنانەت بۆ پەیداکردنی ئاشنایەتی تایبەتی لەگەڵ فڵانە پیشەی بەرهەمهێنانی مەوادی ساختەی ئاسنی ئێرامان دەکەن، بەڵام بۆ نمونەش بێت لەنێو ئەندامانی رێکخراودا (کە لە زۆر بابەتدا بە گەلێک هۆکار ناچارن لە هەڵسوڕانی بە کردەوە دوور بن)، کەس نابینن کە کارەکەی بە شێوەی تایبەتی ئەوە بێت بەڵگەگەلێک سەبارەت بە فڵانە کێشەی رۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆ بکاتەوە، کە بتوانێت لەنێو چین و تووێژەکانی خەڵکدا بوار بۆ کاری سۆسیال دیموکراتیک بڕەخسێنێت. کاتێک قسە لە کەمبوونی ئامادەیی زۆرینەی رێبەرانی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری دەکەین، ناتوانین بابەتی ئامادەبوون لەو بوارەشەوە لەبیر بەرینەوە، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی بە تێگەیشتنی «ئێکۆنۆمیستانە» لە «پەیوەندی دەروونی پتەو لەگەڵ خەباتی پڕۆلیتاریاییەوە» هەیە، بەڵام ئاساییە کە گرینگترین کێشە لەو بابەتەوە برێتیە لە راهێنان و ئاژیتاسیۆن لەنێو هەمووو خەڵکدا. بۆ سۆسیال دیموکراتی ئەورووپای رۆژئاوا، کۆبوونەوەکانی خەڵک کە هەرکەس بیەوێت دەتوانێت لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری بکات و پەرلەمانێک کە ئەو لەوێدا لە بەرامبەر پارێزەرانی هەمووو چینەکاندا قسە دەکات، ئەو ئەرکەی بۆ ئاسان دەکاتەوە.

ئێمە نە پەرلەمانمان هەیە و نە ئازادی کۆبوونەوە، بەڵام دەتوانین لەنێو کرێکارانێکدا کە حەزدەکەن گوێ لە قسەی سۆسیال دیموکراتەکان بگرن، کۆبوونەوە پێکبێنین، هەروەها ئێمە دەبێت بتوانین لەنێو هەمووو چینەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوەندەی کە ئارەزو بکەن وتاری کەسێکی دیموکرات ببیستن، کۆببینەوە، چونکە هەر کەسێک کە لە کردەوەدا لەبیری بباتەوە

کە «کومۆنیسنەکان لە هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە پشتیوانی دەکەن و لەم رووەوە ئەرکی ئێمەیە، بەبێ ئەوەی کە بۆ ساتێکیش باوەڕی سۆسیالیستی خۆمان بشارینەوە، لەبەرچاوی هەمووو خەڵکدا ئەرکەکانی گشتیە دیموکراتیکەکان بێنینە گۆڕێ، ئەو کەسە سۆسیال دیموکراتێ نییە. کەسێک کە لە کردەوەدا لە بیری بباتەوە، کە ئەرکی ئەوەیە لە هێنانەگۆڕ و چارەسەرکردنی هەر چەشنە کێشەو گرفتێکی گشتی دیموکراتیکدا پێشەنگی هەمووان بێت، ئەو کەسە سۆسیال دیموکراتێ نییە.

لەوانەیە خوێنەری کەم تاقەتی ئێمە قسەکەمان ببڕێت و بڵێت: «هەمووان بە تەواوی لەسەر ئەوە هاوڕان!» و لە فەرماننامەی نوێدا بۆ دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "رابۆچیە دێلۆ" کە لەدوایین کۆنگرەی یەکێتی (سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا لە دەرەوە) پەسەند کرا، بەراشکاوی دەوترێت کە: «هەمووو دیاردەو رووداوێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە چ بەشێوەی راستەوخۆ وەکو چینێکی جیاواز و چ وەکو پێشەنگی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان لە خەباتێ لە رێگای رزگاریدا دێنە گۆڕێ، دەبێت بە مەبەستی راهێنان و ئاژیتاسیۆنی سیاسی کەڵکی لێوەربگیردرێت» («دوو کۆنگرە» ل 17). بەڵێ، ئەمانە قسەیەکی زۆر دروستێ و باشە و ئەگەر "رابۆچیە دێلۆ" لە کاکڵەی ئەم قسانە تێدەگەیشت و بە پێچەوانەی ئەوانە شتێکی دیکەی نەدەوت ئێمە زۆر لێی رازی دەبووین، بەڵام ئەوە بەس نییە، کە خۆت بە«پێشەنگ» و گروپی پێشڕەو بزانی.

ئەوە کەمە، دەبێت لە کردەوەشدا پێشەنگ بیت، بە شێوەیەک کە هەمووو گروپێکی دیکە بە چاوی خۆیان وەکو حەقیقەتێک ببینن و بەناچار دان بەوەدا بنێن کە ئێمە پێشەنگی ئەوانین. لەم بابەتەوە لە خوێنەرانی خۆمان دەپرسین: ئایا نوێنەرانی «گروپەکان»ی دیکە ئەوەندە گەمژەن، کە تەنها بەوەی کە ئێمە

لە قسەدا خۆمان بە»پێشەنگ» بزانین، قەناعەت بکەن؟ بۆ وێنە وەها دیمەنێک بێننە بەرچاوی خۆتان.

سۆسیال دیموکراتیک دێتە لای «گروپێک» لە رادیکاڵەکان یان مەشروتەخوازانی لیبراڵی خوێندەواری روس و پێیاندەڵێت: ئێمە پێشەنگین. «ئێستا ئەو ئەرکە لەسەر شانمانە کە چۆن تا ئەو جێگایەی بۆمان دەکرێ لایەنی سیاسی بەخەباتی ئابووری بدەین». رادیکاڵ و مەشروتەخوازێک کە تۆزێک عاقڵ بێت (ئاخر لەنێو رادیکاڵەکان و مەشروتەخوازەکانیشدا کەسی عاقڵ زۆرە)، پێکەنینی بەو قسە دێت و دەڵێت (هەڵبەت لەدڵی خۆیدا، چونکە لە زۆربەی بابەتەکاندا دیپلۆماتێکی کارزانە): «ئەو «پێشەنگە» چ مرۆڤێکی ساوێلکەیە، تەنانەت لەوەش ئێناگات، کە لایەنی سیاسی دان بە خەباتی ئابوری، ئەرکی ئێمە، واتە نوێنەرانی پێشڕەوی دیموکراسی بۆرژوازیە. مەگەر ئێمەش وەکو هەمووو بۆرژواکانی ئەوروپای رۆژئاوا سەرنجی کرێکاران بەرەو سیاسەتی تریدیۆنیۆنی راناکێشین. سیاسەتی تریدیۆنیۆنی چینی کرێکار هەر هەمان سیاسەتی بۆرژوایی لەنێو چینی کرێکاردایە و شێوەیەکیش کە ئەم «پێشەنگە» ئەرکەکانی خۆی پێ فۆرمۆڵبەندی دەکات، هەر شێوەی فۆرمۆڵبەندی سیاسەتی تریدیۆنیۆنیە! هەر بۆیە وێڵیان بکە با چەندە حەز ئەکەن، ناوی سۆسیال دیموکرات لەسەر خۆیان دابنێن.

منداڵ نیم لەبەر خاتری ئەتەکێت لە کوڕ دەرچم و تووڕە بم! تەنها با خەڵک لەژێر کاریگەری ئەم دەمارگرژە ئۆرتۆدۆکسانەدا نەبن، با «ئازادی رەخنەگرتن» بۆ کەسانێک کە لەڕووی نەفامیەوە سۆسیال دیموکراسی دەکێشنە کاناڵی تریدیۆنیۆنی، بمێنێتەوە!.

کاتێک کە مەشروتەخوازەکەمان ئێدەگات کە ئەو سۆسیال دیموکراتانەی باس لە پێشەنگایەتی سۆسیال دیموکراسی دەکەن، ئێستا کە لە بزووتنەوەی

ئێمەدا ڕەوتی خۆڕسک بە تەواوی ڕەواجی هەیە، لە جیهاندا زیاتر لە هەر شتێک لە«زلکردنەوەی دابەزینی گرنگی فاکتەری خۆڕسک» و لە«دابەزاندنی گرنگی ڕەوتی پێشڕەوی خەباتی ئاسایی لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی درەوشاوە و تەواوکەر» و هێتر و هێتر دەترسێت، ئەو کاتە زەردەخەنەکەی دەبێتە قاقای پێکەنین! دەڵێت: چ گروپێکی «پێشڕەو» کە لەوە دەترسێت نەوەکو وشیاری پێشی ڕەوتی خۆڕسک نەکەوێت، دەترسێت «نەخشە»یەکی جەسوورانە بێنێتەگۆڕێ، کە لەلایەن هەمووان، تەنانەت نەیارانیەوە دانی پێدا بنرێت. لەوانەیە ئەمانە وشەی «پێشەنگ»یان لەگەڵ وشەی «پاشەنگ» بە هەڵە گرتبێت کە ئاوا قسە دەکەن؟

بە ڕاستیش لە هۆکارهێنانەوەی خوارەوەی مارتینێفدا وردبنەوە. ناوبراو لە لاپەڕەی (40)دا دەڵێت کە تاکتیکی لەقاودەری «ئیسکرا» یەک لایەنەیە و «هەرچەندەش کە تۆوی بێباوەڕی و نەفرەت و بێزاری لە حکومەت بچێنین، تا کاتێک کە نەمانتوانیوە بۆ ڕووخاندنی، بەقەد پێویست ئاستی وزەی هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی پەرە پێبدەین، بە مەنزڵگەی خۆمان ناگەین». بە ناڕەزایەتیەوە دەبێت بڵێین کە ئێمە لەگەڵ ئەو دڵسۆزیە بۆ بردنەسەرەوەی هەڵسوڕانی جەماوەر، کە لە هەمانکاتدا هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی چالاکی خۆیان، ئاشناین، بەڵام ئێستا قسە لەسەر ئەوە نییە، کەوایە مارتینێف لێرەدا قسە لە وزەی شۆڕشگێڕانە (بۆ ڕووخاندنی حکومەت) دەکات، بەڵام بە چ دەرئەنجامێک دەگات؟ بەهۆی ئەوەی کە لە کاتی ئاساییدا تووێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر ڕێگای جۆراوجۆر دەگرنەبەر، «ئاشکرایە کە ئێمە سۆسیال دیموکراتەکان ناتوانین لە یەککاتدا هەڵسوڕانی کاریگەری تووێژە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن ڕێبەرایەتی بکەین، ناتوانین بەرنامەیەکی عەمەلی پوزەتیڤیان بەسەردا بسەپێنین، ناتوانین نیشانیان بدەین کە پێویستە بە چ

ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی رۆژانەی خۆیان خەبات بکەن.

تووێژەکانی لیبراڵ خۆیان بۆ خەباتی چالاکانە لەرێگای نزیکترین قازانجیان، واتە خەباتێک کە ئەوان لەبەرانبەر رژیمی سیاسی لەسەرکاردا دادەنێت، قۆڵی لێ هەڵدەماڵن» (ل 41). بەمشێوەیە مارتینێف، پاش دەستپێکی قسەکانی سەبارەت بە وزەی شۆڕشگێڕانە و خەباتی هەڵسوڕاوانە بۆ رووخاندنی حکومەتی رەها، دەستبەجێ بەرەو وزەی پیشەیی و خەباتی هەڵسوڕاو لە رێگای نزیکترین بەرژەوەندییەکان بەلارێدا دەچێت! خۆی لەخۆیدا روون و ئاشکرایە کە ئێمە ناتوانین خەباتی خوێندکاران، لیبراڵەکان و هیتر لە پێناوی «نزیکترین قازانجەکانیان» رێبەری بکەین، بەڵام قسە لەسەر ئەوە نەبوو، ئاغای ئێکۆنۆمیستی سەروەر! قسە لەسەر ئیمکان و پێویستی بەشداریدانی چین و تووێژی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی لە رەوتی رووخاندنی حکومەت بوو. نە تەنها دەتوانین «خەباتی کاریگەری تووێژە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن» رێبەرایەتی بکەین، بەڵکو ئەگەر بمانەوێت «پێشەنگ بین»، دەبێت رێبەری بکەین. بۆ ئەوەیکە خوێندکارانی ئێمە، لیبراڵەکانمان و هیتر «لەبەرانبەر رژیمی سیاسی لەسەر کاردا رابوەستن»، بۆ ئەو کارە نە تەنها ئەوان خۆیان، بەڵکو پێش لە هەر شتێک و زیاتر لە هەر شتێک پۆلیس و کاربەدەستانی پلە بەرزی حکومەتی قۆڵی لێ هەڵدەماڵن، بەڵام «ئێمە» ئەگەر دەمانەوێت دیموکراتی پێشڕەو بین دەبێت هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ، بۆئەوەی بیری کەسانێک کە تەنها لە سیستەمی زانکۆکان یان تەنانەت زێمێستواکان و هیتر ناڕازین بەرەو پووچ و بێ کەڵکبونی گشت ئەو نەزمە سیاسیە رابکێشین.

ئێمە دەبێت ئەرکێک بگرینە ئەستۆ، کە لەژێر رێبەرایەتی حزبی خۆماندا بوار بۆ وەها خەباتێکی سیاسی هەمەلایەنە برەخسێنین، خەباتێک کە هەر چەشنە تووێژێکی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت بتوانن، تا ئەو جێگایەی دەکرێت

بەو خەباتە و بەو حزبە یارمەتی بکەن و لەراستیدا بۆ یارمەتیکردن قۆڵی لێ هەڵبماڵن. ئێمە دەبێت پراتیسیەنەکانی سۆسیال دیموکرات بە شێوەیەک باربێنین، کە بتوانن هەمووو لق و پۆپەکانی ئەو خەباتە هەمەلایەنەیە رێبەری بکەن و بتوانن لە کاتی پێویستدا هەم بە خوێندکارانی شڵەژاو، هەم بە ناڕازییانی زێمێستواکان، هەم بە شوێنکەوتوانی تووڕەی فیرقە جۆراوجۆرەکانی ئایینی، هەم بە مامۆستایانی جەماوەری ئازاردی و هیتر و هیتر «بەرنامەی کردەوەی پۆزەتیڤ و بە کەڵکدینە بکەن».

هەر بەم هۆیەشەوە ئەم بانگەشەیەی مارتینێف بە تەواوی دوورە لەراستی کە «ئێمە سەبارەت بەوان تەنها دەتوانین رۆڵی نێگەتیڤی لەقاودەرانەی سیستەمەکانیان بگێڕین. ئێمە تەنها لەوانەیە ئەو هیوایانەی، کە بە کومیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی هەیانە، بکەینە بڵقی سەر ئاو». هەر کاتێک خوێنەر سەرنج بداتە ئەم خاڵە، ئەو کات لەوانەی راستەقینەی دوایین وتەکانی مارتینێف تێدەگات: «ئیسکرا» ئۆرگانی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕە کە سیستەمەکانی ئێمە و بە تایبەتی سیستەمی سیاسی تا ئەو جێگایەی، کە لەگەڵ بەرژەوەندی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکدا لە ناکۆکیدا بێت، لەقاو دەدات، بەڵام ئێمە لە رێگای ئارمانی کرێکاریدا چالاکیمان کردووە و دەیکەین و لەگەڵ خەباتی پرۆلیتاریاییدا پەیوەندیەکی دەروونی پتەومان هەیە.

کاتێک کە بازنەی کاریگەری و نفوزی خۆمان بەرتەسک بکەینەوە لەم ڕێگەیەوە کاریگەری و نفوزمان ئاڵۆزکاوتر کردووە. واتەی راستەقینەی ئەم هەڵێنجانە ئەوەیە: «ئیسکرا» دەیەوێت سیاسەتی تریدیۆنیۆنی چینی کرێکار (کە پراتیسیەنەکانمان بەهۆی خراپ لەیەک تێگەیشتن، یان بە بۆنەی ئامادەنەبوون یان لە زۆر بابەتدا بەهۆی باوەڕییان بەو سیاسەتە قەناعەتی پێدەکەن) هەتا ئاستی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک گەشەپێبدات، بەڵام "رابۆچیە دێلۆ"

دەیەوێت سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک هەتا ئاستی سیاسەتی تریدیۆنیۆنی داشکێنێت. تازە لە وەها هەلومەرجێکدا "رابۆچیە دێلۆ" هەمووان دڵنیا دەکاتەوە کە ئەم «دوو ستراتیژە دەتوانن لە کاری گشتیدا بە تەواوی لەگەڵ یەکتریں بێنەوە»، ئەی ساوێلکەی پیرۆز.

با زیاتر شۆڕ بینەوە. ئایا ئێمە هێزی ئەوەمان هەیە، کە راهێنان و ئاژیتاسیۆنەکانمان تەرکیز بکاتە سەر هەمووو چینەکانی خەڵک؟ بەڵێ هەمانە. ئێکۆنۆمیستەکانی ئێمە کە زۆربەیان حەزیان لەوەیە حاشای لێبکەن، ئەو هەنگاوە گەورەی کە بزووتنەوەکەمان لە ساڵی 1894 هەتا 190 بەرەو پێشەوە هەڵیگرتووە، لەبیر دەکەن. ئەمانە کەسانێکی «داردەستی» راستەقینەن کە زۆربەیان لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی سەردەمی سەرەتایی بزووتنەوەکەماندا، کە دەمێکە بەسەرچووە دەژین. ئەو کاتە بەڕاستی هێزی ئێمە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر کەم بوو، لەو کاتەدا بڕیاری یەکلایی بۆ ئەوەی هەمووان بە مەبەستی هەڵسوڕان بڕۆنە نێو کرێکاران و شەرمەزارکردنی هەر چەشنە خۆبواردنێک لەو کارە شتێکی ئاسایی و رەوا بوو، ئەو کاتە تەواوی ئەرکێک کە لەسەر شانمان بوو، بریتی بوو لەوەی کە لەنێو چینی کرێکاردا کۆڵنەدەرانە ریشە داکوتین. ئێستا هێزێکی زۆر و زەبەند بە بزووتنەوەی ئێمەوە پەیوەست بوون، باشترین نوێنەرانی نەوەی لاوی چینی خوێندەوار هەمووویان بەرەو لای ئێمە هاتوون، لە هەمووو جێگایەکدا و لە هەمووو ویلایەتەکاندا کەسانێک، کە لە بزووتنەوەی ئێمەدا بەشدارییان کردووە یان حەزدەکەن لە بزووتنەوەکەدا بەشداری بکەن و کەسانێک کە مەیلیان بە سۆسیال دیموکراسی هەیە، ناچارن دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوان بن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ساڵی 1894 ژمارەی سۆسیال دیموکراتەکانی روس بەقەد ژمارەی قامکەکانی دەست بوون.

کەموکوڕی سیاسی و ڕێکخراوەیی سەرەکی بزووتنەوەکەمان ئەوەیە، کە ناتوانین گشت ئەو هێزانە بخەینەگەڕ و هەر کەسێک لە جێگای گونجاوی خۆیدا دابنین (لەو بارەیەوە لە بەشی داهاتوودا بەتێر و تەسەلی قسە دەکەین). زۆرینەی هـەرەزۆری ئەو هێزانە بە تەواوی «لە چوون بۆ نێو کرێکاران» بێبەشن و بەم پێیە مەترسی خۆبواردنی هێزەکان لە کاری سەرەکی ئێمە بەردەوام بە سەر سەرمانەوە دەسووڕێنەوە. ناکرێت ئەو هێزە هەروا بە چاوەڕوانی ڕاگرین، بۆئەوەی کە زانستی سیاسی ڕاستەقینە، هەمەلایەنە و زیندوو بخەینە بەردەست کرێکارانەوە، دەبێت لە هەمووو جێگایەکدا، لەنێو گشت چین و تووێژە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەر جێگاو شوێنێکدا، کە ئیمکانی دۆزینەوەی فەنەرەکانی دەروونی بزوێنەری میکانیزمی دەوڵەتیمان لەوێدا هەیە، «کەسانی خۆیی» واتە سۆسیال دیموکراتەکان بوونیان هەبێت. ئەم کەسانە نە تەنها لەبواری بانگەشە و ڕاهێنانەوە، بەڵکو زۆر لەوەش زیاتر لە بواری ڕێکخراوەیەوە پێویستن.

ئایا زەمینەی پێویست بۆ هەڵسوڕان لەنێو هەمووو چین و تووێژەکانی خەڵک هەیە؟ کەسێک کە ئەوە نابینێت، لێرەشدا دیسانەوە ئاستی وشیاری، لە دواوەی بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەریدایە. بزووتنەوەی کرێکاری بۆتە هۆی ئەوە، یان دەبێنە هۆی ئەوەی کە دەستەیەک ناڕازی بێت، دەستەیەکی دیکە هیواکانی بە پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیۆن ببوژێنەوە و دەستەی سێیەم بە لەرزۆک نەبوونی حکومەتی ڕەهاو مایەپووچ دەرچوونی باوەڕ بێنێت. ئەگەر ئەو ئەرکەی خۆمان نەناسین، کە دەبێت لە هەر چەشنە لق و پۆپێکی ناڕەزایەتی جەماوەری کەڵک وەربگرین و هەمووو جۆگەلەکانی ناڕەزایەتی دەربڕین، تەنانەت ئەگەریش بچوک بێت، گردوکۆ بکەینەوە و بدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، تەنها لە قسەدا «سیاسەتوان» و سۆسیال دیموکراتین (نموونەی

ئەمانە لە ژیاندا زۆر زۆرە).

پێویست بە بەبیرهێنانەوە ناکات، کە هەمووو جەماوەری چەندین ملیۆنی جوتیارانی زەحمەتکێش، پیشەگەران، سەنعەتکارانی ورد و هیتریش هەمیشە بە زەوق و شەوقەوە گوێ لە ئاژیتاسیۆنی سۆسیال دیموکراتێکی کەم تازۆر شارەزا دەگرن، بەڵام ئایا لە بنەڕەتدا دەکرێت تەنانەت چینێک لە خەڵک نیشانبدرێت، کە لە نێویاندا گروپ و کۆڕ و کۆمەڵی وا بوونی نەبێت، کە لە ستەمکاری و چەوسانەوە ناڕازی بێت و لە ئاکامدا لەبەردەست بانگەشەی کەسێکی سۆسیال دیموکراتدا نەبێت، کە ڕەنگدانەوەی دڵتەزێنترین پێویستی گشتی دیموکراتیکەکانە؟ بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت چۆنیەتی بانگەشەی سیاسی کەسێکی سۆسیال دیموکرات لەنێو هەمووو چین و تووێژەکانی خەڵکدا بێنێنە بەرچاوی خۆی، ئێمە سەرنجی بەرەو لای لەقاودانی سیاسی هەمەلایەنە بە واتەی بەرینی وشەکە رادەکێشین، کە ئامرازی سەرەکیی بانگەشەیە (بەڵام تاقە ئامراز نییە).

من لە بابەتی» لە کوێوە دەستپێبکەین؟» «ئیسکرا» (ژمارە 4، مانگی مەی ساڵی (190)، کە پێویستە لە خوارەوە بە تێرو تەسەلی لەسەری قسە بکەین، نوسیبووم: «ئێمە لەنێو هەموو چین و توێژەکانی وشیاری جەماوەردا، خواستی لەقاودانی کێشە سیاسییەکان بوروژێنن. نابێت بەم بۆنەوە کە ئەمڕۆ دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕینی سیاسی ئەوەندە لاواز و راڕا بەگوێ دەگات، بە هەڵەدا بچین». هۆکاری ئەو مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە، کە خەڵک بە گشتی ملیان بە تیرۆری پۆلیسی داوە و چاوترسێن بوون. هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەو کەسانەی توانایی و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە بارودۆخی نالەباری جەماوەری خەڵک لەقاو بدەن، هیچ چەشنە تریبۆنێکیان نییە، بۆئەوەی لەو رێگایەوە قسەی خۆیان بەگوێی کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنن،

هێشتا گوێگرێکی بەورە بوونی نییە، کە بەوپەڕی حەزیەوە گوێ لە وتاربێژانی سۆسیالیست بگرێت و وزەو تین و تەوژمی زۆرتریان پێ ببەخشێت. بەو بۆنەوەیە کە وتاربێژان لە هیچ جێگایەکدا لەنێو جەماوەردا ئەو هێزە نابیننەوە، کە بایەخی ئەوەی هەبێت پشتیوانی لێبکەن و لەلای ئەو هێزە لە دژی»زلهێزی» حکومەتی روسی سکاڵا دەربکەن. ئێستا ئیتر بۆ ئێمە ئەو هەلە رەخساوە و ئەرکی سەر شانمانە قۆڵی لێهەڵماڵین و تریبۆنێک پێکبێنین بۆئەوەی لە رێگەی ئەو تریبۆنەوە هەموو خەڵک بتوانن حکومەتی ئێزاری لەقاو بدەن. وەها تریبونێک دەبێت رۆژنامەیەکی سۆسیال دیموکراتیک بێت.

وەها گوێگرێکی دڵخواز بۆ لەقاودانی سیاسی هەر ئەو چینی کرێکارەیە کە زانیاری هەمەلایەنە و زیندووی سیاسی بۆ ئەو لەهەموو شتێک زەروری ترەو لە هەموویان زیاتر شیاوی ئەوەیە، کە ئەو زانستە لە خەباتی خۆیدا بەکار ببات، تەنانەت ئەگەر ئەو خەباتە بەڵێنی هیچ چەشنە «دەرئەنجامێکی هەنوکەیی»ش نەدات، بەڵام دەبێت بڵێین کە تریبۆنێک بۆ لەقاودان لەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی تەنها دەتوانێت رۆژنامەیەک بۆ سەرانسەری روسیا بێت. «لە ئەوروپای ئێستادا بزووتنەوەیەک، کە شیاوی ئەوەیە ناوی سیاسی لەسەر دابنێین بەبێ ئۆرگانێکی سیاسی مومکین نییە»، بێگومان روسیای ئێمەش لەو بوارەدا لە دەستەی ئەوروپا بە ئەژمار دێت. ئێستا ئیتر دەمێکە، کە لە وڵاتی ئێمەدا چاپەمەنییەکان وەکو هێزێک هاتۆنەتە مەیدان، ئەگینا ئەگەر وا نەبووایە حکومەت بۆ ملکەچکردنی چاپەمەنیەکان و یارمەتیدانی کاتکۆفەکان و مۆشیرسکیەکان دەیان ملیۆن دۆلاری خەرج نەدەکرد. ئەوەش لە روسیا تازە نییە، کە چاپەمەنییە نهێنیەکان کۆت و بەندەکانی سانسۆریان شکاندووە و ئۆرگانە ئاشکراکانی محافزەکاریان ناچار کردووە ئاشکراتر قسەیان لەسەر بکەن. لە ساڵەکانی دەیەی 70 و تەنانەت 50ی سەدەی رابردووشدا هەر بەو چەشنە

بوو، ئەوە لەحاڵێکدایە، کە لەو کاتەوە بەشێوەیەکی بەرین ئاست و قوڵایی ئەو توویژانەی خەڵک، کە ئامادەن چاپەمەنیەکان بخوێننەوەو بەونەی کرێکارێک، کە بۆ «ئیسکرا» نامەی ناردبوو (ژمارە 7)، دەیانەوێت لە چاپەمەنیەکانەوە فێری ئەوە بن کە «چۆن بژین و چۆن بمرن»، زۆرتر بووە. هەر بەو شێوەیەی کە لەقاودانی ئابووری بەوانەی راگەیاندنی جەنگ لەدژی خاوەنانی کارخانەکانەیە، هەر بەو شێوەیەش لەقاودانی سیاسیش راگەیاندنی جەنگ لە دژی حکومەتە. بە هەر رادەیەک کە ئەو رێوشوێنانەی لەقاودان بەرینتر و توندوتۆڵتر بێت، بە هەر رادەیەک ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی، کە جەنگ رادەگەیەنێت بۆئەوەی جەنگ دەستپێبکات زۆرتر و سوورتر بێت، هەر بەو رادەیەش راگەیاندنی ئەم جەنگە گرنگی ورەیی زۆرتر پەیدا دەکات. بەم پێیە لە قاودەری سیاسی خۆی لە خۆیدا یەکێک لە ئامرازە بەهێزەکانی رووخاندنی رژێمی دوژمن، یەکێک لە ئامرازەکانی جیاکردنەوەی دوژمنانی بە هەڵکەوت و کاتی لە دوژمنی سەرەکی و یەکێک لە ئامرازەکانی چاندنی تۆوی دووبەرەکایەتی و بێبڕوایی لەنێو کاربەدەستانی حکومەتی رەهایە.

لە سەردەمی ئێمەدا تەنها حزبێک دەتوانێت پێشەنگی هێزە شۆڕشگێڕەکان بێت، کە بتوانێت بەراستی زەمینەکانی لە قاودەری سیاسی بۆ کۆمەڵانی خەڵک دابین بکات. وشەی «کۆمەڵانی خەڵک» ناوەڕۆکێکی زۆر قووڵ و بەرینی هەیە، زۆرینەی هەرەزۆری ئەو لەقاودەرانەی کە لەچینی کرێکار نین، (بۆ ئەوەی چینی کرێکار ببێتە پێشەنگ دەبێت سەرنجی چینەکانی دیکە بەرەو لای خۆی رابکێشێت)، سیاسەتوانانێکی وشیار و کەسانێکی خوێنساردن کە حیسابی کاری خۆیان دەزانن. ئەمانە بەباشی دەزانن کە تەنانەت سکاڵا دەربڕین بەرانبەر بە کاربەدەستی پلەنزم بێ مەترسی نییە، چ بگات بەوەی لەدژی دەوڵەتی روسیا نارەزایەتی دەربڕیت. ئەوان تەنها کاتێک سکاڵای خۆیان دەهێننە لای

ئێمە کە دڵنیابن سکاڵاکەیان بەراستی دەتوانێت کاریگەر بێت و ئێمە ئەو هێزە سیاسیەمان هەیە کە بەدیبێنین، بۆئەوەی کە بتوانین لەبەرچاوی کەسانی دیکەدا ببینە وەها هێزێک، دەبێت لەسەر بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و داهێنان و وزەی خۆمان بەزۆری و بێ وچان کار بکەین. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش ئەوە بەس نییە، کە ناوی «پێشەنگ» لەسەر دیاردەیەک دابنێین، کە لەجیهانی واقیعدا «پاشەنگ»ە.

بەڵام کەسێک کە بەرادەیەک سوورە لەسەر ئەوە، کە «پەیوەندی دەرونی پتەو لەگەڵ خەباتی پڕۆلیتاریایی» ستایش دەکات، کە لەگەڵ عەقڵیدا نایەتەوە، پرسیارمان لێدەکات و ئێستا دەپرسێت ئەگەر دەبێت ئەرکی دابینکردنی بـواری لەقاودانی بەراستی گشتی زۆرداریەکانی حکومەت لەئەستۆ بگرین، لایەنی چینایەتی بزووتنەوەکەمان چی بەسەر دێت و بەچ شێوەیەک خۆی دەردەخات؟ بەم شێوەیە کە ئێمەی سۆسیال دیموکرات زەمینەکانی ئەو لەقاودانانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک دابین دەکەین، هەمووو ئەو کێشانەی کە دێنە گۆڕێ بـەردەوام بە ناوەڕۆکی سۆسیال دیموکراتیکەوە رووندەکرێنەوەو بەرانبەر بە لادانەکانی بەئەنقەست و بێ ئەنقەست لە مارکسیزم هیچ چەشنە چاوپۆشییەک ناکرێت، ئەو بانگەشە سیاسیە هەمەلایەنە لەلایەن حزبێکەوە بەڕێوەدەچێت، کە هەم هێرش کردنەسەر حکومەت بەناوی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتیەوە و هەم بارهێنانی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریا، لە هەمانکاتدا کە سەربەخۆییە سیاسیەکەی دەپارێزێت و هەم رێبەرایەتی خەباتی ئابوری چینی کرێکار و کەڵکوەرگرتن لەو کەلێن و ناکۆکییانەی کە بەردەوام لەگەڵ چەوسێنەران دێنە ئاراوە و هەمیشە توێژێکی نوێ لە پڕۆلیتاریا دەهێنێتە مەیدان و بە بەرەی ئێمە پەیوەستی دەکات، هەمووو ئەمانە لە خانەیەکی جیانەکراوەدا گردو کۆ

دەکاتەوە!

بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئیکۆنۆمیزم برپتیە لە تێنەگەیشتن لە پەیوەندی و بێجگە لەوە: تێنەگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پێداویستیە هەنوکەییەکانی پڕۆلیتاریا (واتە بارهێنانی هەمەلایەنەی سیاسی چینی کرێکار لەرێگەی بانگەشەی سیاسی و ئیفشاگەری سیاسیەوە) لەگەڵ پێویستیەکانی بزووتنەوەی گشتی دیموکراتیک. ئەم تێنەگەیشتنە نە تەنها لەرستەکانی «مارتینێفی»، بەڵکو لەو ئاماژانەش کە بە تیۆری بە ناو چینایەتی دەکرێت و لە بواری چەمکەوە لەگەڵ ئەو رستانە دێتەوە، رەنگ دەداتەوە. بۆ نمونە نوسەرانی نامەی «ئابوری» کە لەژمارە 12ی «ئیسکرا»دا بە چاپ گەیشت، لەو بارەیەوە دەڵێن : هەر ئەو کەم و کۆڕیە بنەڕەتیەی «ئیسکرا» (مەبەست زۆر گرینگیدان بەئایدۆلۆژیایە) هۆکاری شێلگیر نەبونی لەسەر ئەو بابەتانەدایە، کە پەیوەندی بە هەڵوێستی سۆسیال دیموکراسی بەرامبەر بە چینەکان و ستراتێژی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی هەیە.

«ئیسکرا» کە ئەرکی پەیوەندیدار بە گرتنەپێشی رێوشوێنی دەستبەجێ بۆ خەبات لەدژی حکومەتی رەها لە رێگەی فۆرمۆڵەکانی تیۆریکەوە، (نەک لەرێگەی چوونە سەرەوەی ئەرکەکانی حزبی، کە لەگەڵ گەشەی حزبدا زۆرتر دەبن) چارەسەر کردووە و وادیارە گشت دژواری ئەو ئەرکە بۆ کرێکاران لە بارودۆخی ئێستادا هەستپێدەکەن».. (نە تەنها هەستی پێدەکەن، بەڵکو بە باشی دەزانن کە لە روانگەی کرێکارانەوە ئەو ئەرکە دژواریەکەی کەمترە تاکو لە روانگەی رووناکبیرانی «ئیکۆنۆمیستەوە»، کە بۆ منداڵانی بچوک دڵسۆزی دەکەن، چونکە کرێکاران تەنانەت خۆیان بۆ ئەو داواکارییانەش کە بەوتەی مارتینێف بە هیچ شێوەیەک بەڵێنیەک سەبارەت بە»دەرئەنجامی هەنووکەیی» نادات، ئامادەی خەبات و بەربەرەکانێ دەکەن)، بەڵام لە

هەمانکاتدا سەبر و بەکاوەخۆبوونی ئەوەی نییە، کە چاوەڕێی کۆبوونەوەی دواتری هێزەکانی کرێکاران بۆ ئەو خەباتە بێت، ئێستا لە ریزی لیبراڵەکان و رووناکبیراندا بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەڕێت».

بەڵێ، بەڵێ، لە راستیدا هەر چەشنە «سەبر و بەکاوەخۆییەک»مان بۆ گەیشتن بەو ساتە گونجاوە لەدەستداوە، کە دەمێکە «ئاشتیدەرەکان» موژدەی گەیشتنیمان پێدەدەن و ئێکۆنۆمیستەکانمان ئیتر دواکەوتوویی خۆیان ناخەنە ملی کرێکاران و بەو قسەیە کە گوایە هێزی کرێکاران کیفایەت ناکات و بەس نییە، بێ ئین و تەوژمی و راڕایی خۆیان ناخەنە گەردن کرێکارانەوە. لە ئێکۆنۆمیستەکان پرسیار دەکەین: «کۆبوونەوەی هێزەکانی کرێکاران بۆ ئەو خەباتە» دەبێت بە چ مانایەک بێت؟ ئایا ئاسایی نییە، کە ئەوە دەبێت بە مانای بارهێنانی سیاسی کرێکاران و لەقاودانی هەموو لایەنەکانی حکومەتی رەهای نەفرەت لێکراو لە بەرامبەرماندا بێت؟ ئایا روون نییە، کە بۆ ئەم کارە «هاوپەیمانانێک لەنێو ریزی لیبراڵەکان و رووناکبیران»دا پێویستن کە ئامادە بن لە رێگای لەقاودانی ناوەڕۆکی هێرشی سیاسی دژ بە زیمێستواییەکان، مامۆستایان، ئامارگرەکان، خوێندکاران و هیتر...دا لەگەڵمان هاوکاری بکەن؟ ئایا بەراستی تێگەیشتن لەو «گروپە ئاڵۆسکاوە» ئەوەندە دژوارە؟ مەگەر (پ.ب. ئاکسلرۆد) لە ساڵی 1897 بەولاوە بەردەوام بەبیری نەدەهێنایەوە کە: «ئەرکی راکێشانی لایەنگران لەنێو چینەکانی غەیرە پرۆلیتار یان هاوپەیمانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانی روسیاوە، پێش هەر شتێک و بە شێوەی گشتی لەرێگەی چۆنیەتی هەڵسوڕانی راهێنەرانە لەنێو پرۆلیتاریا چارەسەر دەکرێت»؟ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، دیسانەوە مارتینێف و ئێکۆنۆمیستەکانی دیکە بە شێوەیەکی دیکە چاو لە مەسەلەکە دەکەن، ئەویش ئەوەی کە کرێکاران سەرەتا دەبێت «لە رێگەی خەباتی ئابوری دژ بە خاوەنکاران

و حکومەت» هێز کۆبکەنەوە (لە پێناوی سیاسەتی تریدیۆنیۆنیستی)، گوایە دواتر لە قۆناغی «بارهێنانی رۆحی هەڵسوڕان» بە شێوەی تریدیۆنیۆنیستیدا دەست بدەنە هەڵسوڕان بە شێوەی سۆسیال دیموکراتیک!

ئێکۆنۆمیستەکان بەو شێوەیە لە درێژەدا دەڵێن: «ئیسکرا» لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لە زۆر بابەتدا لە تیۆری چینایەتی لادەدات، بەمشێوەیە کە ناکۆکیە چینایەتییەکان پاساو دەکات و ناڕەزایەتی هاوبەش لە دژی حکومەت دەخاتە پلەی یەکەمەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هۆکار و ئاستی ئەم ناڕەزایەتییانە لەنێو «هاوپەیمانان»دا جۆراوجۆرە، بۆ وێنە هەڵوێستی «ئیسکرا» بەرامبەر بە «زێمێستواکان» بەم چەشنەیە. ئەم کەسانە دەڵێن کە «ئیسکرا» بەڵێنی یارمەتی کردنی چینی کرێکار بەو خانەدانانە دەدات کە لە بێڕێزییەکانی حکومەت ناڕازین و لە هەمانکاتدا بە وشەیەکیش باسی ناکۆکیەکانی چینایەتی ئەم چین و تووێژانە ناکەن». ئەگەر خوێنەر چاوێک لە بابەتەکانی «حکومەتی رەهاو زیمێستوا «(لە ژمارە 2 و 4ی «ئیسکرا») کە نوسەرانی نامەکە گوایە قسە لەوە دەکەن، بخشێنێت، دەبینێت کە ئەو بابەتانە بۆ هەڵوێستی حکومەتی بەرانبەر بە «بانگەشەی نەرم و نیانی زێمێستوای پیشەیی ئیداری»، تەنانەت هەڵسوڕانی چینە دەوڵەمەندەکان» تەرخانکراوە.

لەو بابەتەدا دەوترێت، کە کرێکار نابێت بە کەمترخەمیەوە چاو لە شەڕی حکومەت دژ بە زێمێستواکان بکات، هەروەها داوا لە زێمێستواکانیش کراوە وتاری نەرم و نیان فڕێ بدەن و کاتێک کە سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ لە بەرامبەر حکومەتدا بە تەواوی سەری بەرز دەکاتەوە، قسەکانی قورس و قایم و توندوتۆڵ بێت. نوسەرانی ئەو نامەیە لە چی ناڕازین؟ روون نییە. ئایا ئەوان پێیانوایە کرێکار لە وشەکانی: «چینە دەوڵەمەندەکان» و «زێمێستواکانی پیشەی ئیداری» حاڵی نابن یان ئەوەی کە هاندانی زێمێستواییەکان بەوەی، کە

قسەی توندوتۆڵ بکەن بە واتەی «زۆر بایەخدان بە ئایدۆلۆژیایە؟» ئایا ئەوان پێیانوایە کە ئەگەر کرێکاران، تەنانەت لە هەڵسوکەوتی حکومەت بەرامبەر بە زێمێستواکان زانیارییەکیان نەبێت، دیسانەوە دەتوانن بۆ خەبات دژ بەحکومەتی رەها «هێز کۆبکەنەوە»؟ دیسانەوە ئەمانەش روون ناکەنەوە بۆمان. تەنها شتێک روون و ئاشکرایە ئەویش ئەوەی کە: نوسەرانی ئەو نامەیە بیرۆکەیەکی لێڵ و تەم و مژاوییان سەبارەت بە ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراسی هەیە. ئەم واقعیەتە لە رستەکانی خوارەوەی ئەواندا دیسانەوە زۆرتر روون دەبێتەوە: «هەڵوێستی «ئیسکرا» بەرامبەر بە بزووتنەوەی خوێندکارانیش هەر بەم چەشنەیە (واتە لێرەشدا ناکۆکیە چینایەتییەکان پاساو دەکات). گوایە بە جێگای ئەوەی داوا لە کرێکاران بکەین، کە لە رێگەی خۆپیشاندانی گشتیەوە بڵێن ناوەندی راستەقینەی زوڵم و زۆر خوێندکاران نین، بەڵکو حکومەتی روسیایە (ژمارە 2ی «ئیسکرا» )، دەبووایە بەپێی رۆحی «رابۆچایا میسێل» قسەمان بکردایە! ئەم بیروبۆچوونانە لەپاییزی 190 لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە دەردەبڕدرێت، واتە پاش رووداوەکانی فێوریەو مارس و لەسەروبەندی بزووتنەوەی تازەی خوێندکاراندا. ئەو هەڵوێستە ئەو راستیەمان بۆ دەریدەخات، کە لەو بابەتەشەوە رەوتی «خۆڕسک»ی ناڕەزایەتی دەربڕین لەدژی دەسەڵاتی رەها پێشی رێبەرایەتی وشیارانەی سۆسیال دیموکراسی بزووتنەوە دەکەوێت. هەوڵ و تەقالای خۆڕسکی کرێکاران بۆ لایەنگری کردن لەو خوێندکارانەی کە لەلایەن پۆلیس و قەزاقەکانەوە دەدرێنە بەر لێدان، پێشی هەڵسوڕانی وشیارانەی رێکخراوی سۆسیال دیموکراتیک دەکەوێت!

نوسەرانی ئەو نامەیە لە درێژەدا دەڵێن: «ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئیسکرا» لە بابەتەکانی دیکەیدا هەرچەشنە ئاشتی و سازانێکی بە تەواوی شەرمەزرا دەکردو بۆ وێنە دەستیدەدایە بەرگریکردن لەهەڵسووکەوتی بەرگە نەگیراوی

گێدیستەکان». ئێمە بەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی خۆپەسەندانەو بێئەقڵانە سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمڕۆکە قسە دەکەن و دەڵێن ئەو ناکۆکییانە گرنگ نییە و بەهای ئەوەی نییە جیابونەوەی لێ بکەوێتەوە، پێشنیاردەکەین کە لەسەر ئەو قسانە تێڕامان بکەن. ئایا لەنێو رێکخراوەکەماندا کەسانێک کە دەڵێن سەبارەت بە ئاشکراکردنی دوژمنایەتی چینە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ حکومەتی رەها و ئاشناکردنی کرێکاران لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێک کە لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکدا لە دژی حکومەت هەیە، بە شێوەیەکی سەیر کەم کاریمان کردووە و ئەو کارە ناو دەنێن «ئاشتی و سازان» و وادیارە ئاشتی و سازان لەگەڵ تیۆری «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت»، دەتوانن سەرکەوتووانە ئەو کارە بکەن.

بە بۆنەی چلەمین ساڵوەگەڕی ئازادی جوتیاران سەبارەت بە گواستنەوەی خەباتی چینایەتی بۆ گوندەکان (ژمارە345) و بە بۆنەی نوسراوەی نهێنی ویت باسی لە ئاشتی نەهاتویی و خۆبەڕێوەبەری و حکومەتی رەها (ژمارە4)مان کرد، بە بۆنەی یاسای نوێوە، هێرشمان کردە سەر بنەماکانی سیستەمی ئاغاواتی و حکومەتی خزمەتگوزاری ئەوان (ژمارە845) و بەبۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نهێنی زیمێستواکانەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستە کردو زیمێستواکانمان هاندا کە لە تکاو پاڕانەوەی سوکایەتی ئامێز دەستهەڵگرن و دەستبدەنە خەبات (ژمارە 8)، ئێمە ئەو خوێندکارانەی کە پێویستی بەڕێوەبردنی خەباتی سیاسیان هەستپێکردبوو و دەستیان دابووە خەباتی سیاسی، هاندا (ژمارە 3) و لە هەمانکاتدا رەخنەمان لە لایەنگرانی بزووتنەوەی «تەنها خوێندکاری» (واتە بزووتنەوەیەکی خوێندکاری کە تەنها داواکاری پیشەیی خۆیان دێننە گۆڕێ)، گرت، کە بانگەوازی ئەوەیان دەکرد خوێندکاران لە خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام بەشداری نەکەن، هەروەها رەخنەی خۆمان بە بۆنەی ئەو «خراپ لێ تێگەیشتنە

سەیر»ەوە کە لە خۆیان نیشانیان دابو ئاراستە کرد (ژمارە 3، بە بۆنەی پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری خوێندکارانی مۆسکۆ، ڕێکەوتی 25ی فێوریە). ئێمە «ئاواتە خاوەکان» و «تەزویر و ساختەکاری»، فێڵبازانی لیبراڵی ڕۆژنامەی «ڕوسیا»مان لەقاودا (ژمارە 5)، لە هەمانکاتدا کارەساتەکانی سیاچاڵەکانی حکومەتمان بەبیر هێنایەوە کە «تۆڵەیان لە نوسەرانی ئاشتیخواز، مامۆستایان و بیرمەندانی بەساڵاچو و زیمێستوا بەناوبانگە لیبراڵەکان دەسەندەوە (ژمارە 5: «هێرشی پۆلیس بۆسەر چاپەمەنییەکان). واتەی ڕاستەقینەی بەرنامەی «ئاگاداری دەوڵەت لە بارودۆخی ژیانی کرێکاران»مان لەقاودا و لەم «دانپێدانانە بەنرخەکە» دەڵێت (بە جێگای ئەوەی کە چاوەڕێی داواکاری چاکسازی لە خوارەوە بین باشتر وایە لە ڕێگەی چاکسازی لە سەرەوە پێشی دواکارییەکان سەبارەت بە چاکسازی لە خوارەوە بکەوین» ئەوپەڕی پێشوازیمان کرد، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەو قسە ریفۆرمیستیە لەقاو بدەین (ژمارە 6). هەژمارکارەکانی پڕۆتستانەکانمان هاندا (ژمارە 7) و هەژمارکارەکانی مانگرتن شکێنیشمان سەرزەنشتکرد (ژمارە 9). کەسێک کە ئەو تاکتیکە بە تاکتیکی شێواندنی بیرو زەینی چینایەتی پڕۆلیتاریا و ئاشتی و سازان لەگەڵ لیبراڵیزم ئەژمار بکات، تەنها ئەوە دەسەلمێنێت، کە بە هیچ شێوەیەک لە مانای ڕاستەقینەی بەرنامەی «Credo» تێنەگەیشتووە، هەر چەندەش هەوڵبدات ڕەتیبکاتەوە، دیسانەوە لە کردەوەدا هەر ئەو بەرنامەیە بەڕێوە دەبات، چونکە لەو ڕێگەیەوە سۆسیال دیموکراسی بەرەو «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و دەوڵـەت» دەکێشێت و لە ئەرکی خۆی کە دەخالەتی چالاکانە لە هەر مەسەلەیەکی «لیبراڵی» و دیاریکردنی هەڵوێستی سۆسیال دیموکراتیک بەرامبەر بەو مەسەلەیە، خۆدەبوێرێت و بەمشێوەیە لە خەبات لە دژی لیبراڵیزم کۆڵدەدات.

ی) دیسانەوە «بوختانکەران»، دیسانەوە «هەڵخەڵەتێنەران»

ئەم قسە نەرم و نیانانە هەروەک خوێنەر لە بیریە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ "رابۆچیە دێلۆ"، کە لەو رێگەیەوە وەڵامی بە تۆمەتێک دەدایەوە، کە ئێمە دەمانخستە پاڵی. ئێمە بە راشکاوی وتمان «ئەوان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خەریکن بوار خۆش دەکەن، بۆئەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بکەن بە داردەستی دیموکراسی بۆرژوایی». "رابۆچیە دێلۆ" ساوێلکانە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ئەو تۆمەتانە بێجگە لە هێرشێکی قەڵەمی هیچی تر نییە: ئەم دەمارگرژیە بەدخوازانە بڕیاریانداوە لە وتنی هەر چەشنە قسەیەکی ناخۆش بە ئێمە دەست نەپارێزن: ئاخر چ شتێک دەتوانێت لە بوون بە ئامرازی دەستی بۆرژوازی نالەبارتر بێت؟ ئەوەیە کە بەمشێوەیە بە پیتی گەورە ئەو «رەتکردنەوە»یە چاپ دەکەن: «بوختانی رەنگ نەکراو» (دوو کۆنگرە ل3)، «هەڵخەڵەتاندن» (ل 31)، «کارناواڵ» (ل 33). "رابۆچیە دێلۆ" وەکو ژێئۆپینێر (هەرچەند زۆریش لە ژێئۆپینێر ناچێت) بەو بۆنەوە تووڕەیە کە قسەی هەق ناکات و بە جنێودان و بۆڵەبۆڵی هیستریکی خۆی تەنیا ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە تێڕامان کردن لە رەوتی بیرکردنەوەی نەیارانی خۆی بێتوانایە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەبێت زۆر تێڕامان بکات، بۆئەوەی تێبگات بۆچی هەر چەشنە کورنوش بردنێک بۆ رەوتی خۆڕسکی بزووتنەوەی جەماوەری، هەر چەشنە داشکاندنێکی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک هەتا ئاستی سیاسەتی تریدیۆنیۆنی، بە مانای بوارخۆشکردن، بۆئەوەیە بزووتنەوەی کرێکاری بکرێت بە داردەستی دیموکراسی بۆرژوازی. بزووتنەوەی خۆڕسکی کرێکاری بۆخۆی تەنها دەتوانێت تریدیۆیۆنیزم پێکبێنێت (و بەشێوەیەکی چارهەڵنەگریش پێکیدەهێنێت) و سیاسەتی تریدیۆنیۆنی چینی کرێکاریش هەر هەمان سیاسەتی بۆرژوایی چینی کرێکارە.

بەشداریکردنی چینی کرێکار لە خەباتی سیاسی و تەنانەت لە شۆڕشی سیاسی هێشتاش بەو مانایە نییە کە سیاسەتەکانی سۆسیال دیموکراتیکە و سیاسەتەکانی ناکات بە سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیک. ئایا ”رابۆچیە دێلۆ“ دەیەوێت حاشا لەمەش بکات؟ ئایا لە خەیاڵی ئەوەدا نییە کە سەرئەنجام لەبەرچاوی هەموواندا بە ئاشکراو بەبێ فێڵ و تەڵەکە، تیۆری خۆی سەبارەت بە کێشە دڵتەزێنەکانی نێونەتەوەیی و سۆسیال دیموکراسی روسیا دەرببڕێت؟ نا، ئەو هەرگیز وەها خەیاڵێکی لە مێشکدا نەبووە و نییە، چونکە قورس و قایم بە شێوەی بە ناوی»رەتکردنەوە و نکۆڵی لێکردن« چەسپاوە: ئەوە من نیم، ئەو کەرە هی من نییە، کەرەکەی ئێمە هەر بە جاشیەتی کلکی نەبوو.

ئێمە ئێکۆنۆمیست نین، «رابۆچایا میسێل» ئێکۆنۆمیست نییە، لە روسیادا هەر ئێکۆنۆمیزم بوونی نییە. ئەمە شێوازێکی شارەزایانە و «سیاسەتوانانە»ی (فێڵبازانەی) سەیرە. تەنها وردە کێشەیەک، کە هەیەتی ئەوەیە، کە نازناوی «مەیلی پیرۆز چییە» لەسەر ئەو ئۆرگانانە دادەنێت کە ئەو شێوەیە بەکار دەبەن.

”رابۆچیە دێلۆ“ پێی وایە بە گشتی دیموکراسی بۆرژوازی لە روسیا «وەهم و خەیاڵات»ە، («دوو کۆنگرە» ل 32). خۆزگە بە حاڵی ئەم کەسانە! وەکو کەو سەرییان دەکەنە نێو بەفر و خەیاڵ دەکەن هەمووو شتێک لە دەوروبەریان وون دەبێت. ژمارەیەک رۆژنامەنووسی لیبراڵ کە هەمووو مانگێک سەرکەوتنی خۆیان بە بۆنەی لێکترازان، تەنانەت لەنێوچوونی مارکسیزمەوە بە ئاگاداری هەمووان دەگەیەنن، ژمارەیەک رۆژنامەی لیبراڵ (هەواڵەکانی سەن پترسبۆرگ، هەواڵەکانی روسیا و ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەی دیکە) کە ئەو لیبراڵانە هاندەدەن خەباتی چینایەتی لە روانگەی بێرن تانی و سیاسەت لە روانگەی تریدیۆنیۆنیەوە بە کرێکاران پێشکەش بکەن، گروپێک لە رەخنەگرانی

مارکسیزم کە «Credo» مەیلی راستەقینەیانی بە باشی کەشف کرد و کاڵا ئەدەبییەکانیان بەبێ باج و خەڕاج لە هەمووو جێگایەکی روسیادا باوە و سەرئەنجام گەشەکردنی رەوتەکانی شۆڕشگێڕی غەیرە سۆسیال دیموکراتیک، بە تایبەتی پاش رووداوەکانی مانگەکانی فێوریە و مارس، هەمووو ئەمانە گوایە «وەهم و خەیاڵاتن»، گوایە هیچکام لەمانە هیچ پەیوەندیەکیان بە دیموکراسی بۆرژوازیەوە نییە!

گەلێک پێویست بوو "رابۆچیە دێلۆ"ش وەکو نووسەرانی نامەی ئابوری چاپکراو لە ژمارە 12ی «ئیسکرا» «سەبارەت بەو بابەتە تێرامان بکەن، کە بۆچی رووداوەکانی بەهار، بە جێگای ئەوەی بوار بۆ بەهێزبوونی ئیعتبار و متمانەی سۆسیال دیموکراسی خۆش بکات، بەو شێوەیە رەوتە غەیرە سۆسیال دیموکراتەکانی بەهێز کرد؟» هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئێمە نەمانتوانیوە بەو جۆرەی، کە پێویستە لە ئەستۆی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆمان بین و هەڵسوڕانی کرێکار لە هەڵسوڕانی ئێمە زۆرتر بووە، لەنێو ئێمەدا رێبەر و رێکخەری شۆڕشگێری وا کە بتوانێت وەک پێویست ئامادە بێت و بە باشی لە مەیل و رۆحیەتی هەمووو توێژەکانی نەیاران ئاگادار بێت، بتوانێت لە پێشەوەی بزووتنەوەدا راوەستێت، خۆپیشاندانی خۆڕسک بکات بە خۆپیشاندانی سیاسی، لایەنە سیاسیەکەی گەشە پێبدات و هیتر و هیتر پەیدا نەبوون.

لە وەها بارودۆخێکدا ئەو شۆڕشگێڕە سۆسیال دیموکراتانەی کە فەرزتر و هەڵسوڕاوتر لە دواکەوتنی ئێمە کەڵک وەردەگرن و کرێکاران بە هەر رادەیەک لە دژی شارەبانی و سوپا فیداکارانە و دلێرانە خەبات بکەن، بە هەر رادەیەکیش هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە لە خۆیان نیشانبدەن، دیسانەوە تەنها بە واتەی هێزێک دەبن، کە پشتیوانی لە شۆڕشگێڕان دەکەن و شەلە شەل بەدوای دیموکراسی بۆرژوازیدا دەڕۆن و پێشەنگی سۆسیال دیموکرات نابن.

سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا لەبەرچاو بگرن، کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئێمە هەوڵدەدەن تەنها خاڵە لاوازەکانیان بکەن بە سەرمەشقی خۆیان.

هۆکاری ئەوە چییە، کە هیچ ڕووداوێکی سیاسی لە ئەڵمانیا نایەتە ئاراوە، کە لە ئاکامیدا بڕوا و ئیعتباری سۆسیال دیموکراسی زیاتر لە جاران نەچێتە سەرەوە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە سۆسیال دیموکراسی هەمیشە لە کاری بایەخدانی بە تەواوی شۆڕشگێڕانە بەم ڕووداوانە و پشتیوانیکردن لە هەر چەشنە ناڕەزایەتیەک لە دژی زوڵم و زۆر لە پێشەوەی هەمووشیاندا هەنگاوی هەڵگرتووە. سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا بە هۆکارهێنانی لە چەشنی ئەوەی، کە خەباتی ئابووری کرێکاران بە بێ مافی خۆیان تێدەگەیەنێت و بارودۆخی ئێستا بەشێوەی ئۆتۆماتیک بزووتنەوەی کرێکاری دەکێشێتە ڕێگای شۆڕشگێڕانەوە، خۆی پاسیو و دەستەوەستاو ناکات. ئەم سۆسیال دیموکراسیە لە هەموو بوارەکان و کێشە گرنگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دەخالەت دەکـات، چ لە بابەت ئەو مەسەلەیەوە، کە ویلهێڵم لیبکنێخت لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی شار لەنێو پرۆگرسیستەکانی بۆرژوا ڕەزامەندی دەرنەبڕی (ئیکۆنۆمیستەکانی ئێمە هێشتا دەرفەتیان نەبووە بیری ئەڵمانییەکان روونبکەنەوە، کە ئەمە لە ڕاستیدا لە ئاکامی ئاشتی و سازان لەگەڵ لیبراڵیزمدا هاتۆتە ئاراوە). چ لە کێشەی گرتنەبەری یاسا لە دژی ئەو کتێب و وێنانەی «بە پێچەوانەی ئەخلاقن» و چ لە مەسەلەی پێگەی دەوڵەت لە هەڵبژاردنی مامۆستایانی زانکۆکان و هیتر.

سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا لە هەمووو جێگایەک پێشڕەوی هەمووانن، لەنێو هەموو چینەکاندا ناڕەزایەتی دژ بە بارودۆخی هەبو پەرەپێدەدەن و ئەوانەی خەوییان پیاکەوتووە لە خەو ڕادەپەڕێنن، ئەوانەی دواکەوتوون بەرەو پێشەوە کێشیان دەکەن و بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری سیاسی و

هەڵسوڕانی پڕۆلیناریا کۆمەڵێک بەڵگەی هەمەلایەنە و تەواو ئامادە دەکەن. بەمشێوەیە دوژمنانی سەر قورسی سۆسیالیزمیش، دان بە خەباتکاری پێشەنگی سیاسی ئەو وڵاتە دادەنێن و لەوانەشە بەڵگەیەکی گرنگ نە تەنها بەڵگەکانی ئیدارەکانی بۆرژوازی و دەرباریش بە شێوەیەکی پەرجوئاسا لە ژووری دەستەی نووسەرانی «Vorwartd» سەر دەربێنێت.

کلیلی مەتەڵی ئەو ناکۆکیە مەجازیە، کە تا رادەیەکی زۆر لە ئاستی تێگەیشتنیی "رابۆچیە دێلۆ" واوەترە، لێرەدایە، "رابۆچیە دێلۆ"یەک، کە تەنها دەستی خۆی بە نیشانەی داخ بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات: ئەمە «کارناواڵ»ە، باش بیری لێبکەنەوە: ئێمە، واتە "رابۆچیە دێلۆ"، بزووتنەوەی جەماوەری لە سەرووی هەموو شتێکدا دادەنێن (بە پیتی گەورە چاپی دەکەین!)، هەمووو کەسێک لە سوک ئەژمارکردنی «زڵکردنەوەی دابەزینی گرنگی فاکتەری خۆڕسک» دەبووێرین، ئێمە دەمانەوێت بە هەمان خەباتی ئابوری لایەنی سیاسی بدەین و دەمانەوێت لەگەڵ خەباتی پڕۆلیتاریایی پەیوەندیەکی دەروونی پتەومان هەبێت! سەرەڕای ئەوە پێماندەڵێن، کە ئێمە خەریکین بوار بۆ ئەوە خۆش دەکەین، کە بزووتنەوەی کرێکاری بکەین بە داردەستی دیموکراسی بۆرژوایی. ئەویش کێ خەریکە ئەو قسە دەکات؟

کەسانێک کە لە هەر کێشەیەکی «لیبراڵی»دا دەخالەت دەکەن (داخوا دەبێت چەندە لە »پەیوەندی دەروونـی لەگەڵ خەباتی پڕۆلیتاری» حاڵی نەبووبێتن!) و بە خوێندکاران، تەنانەت (چەندە سامناک)ە بە زێمێستواییەکان ئەو هەمووەوە سەرنج دەدەن و لەم رێگەیەوە لەگەڵ لیبراڵیزم «ئاشتی و سازان» دەکەن و کەسانێک هەن، کە بە گشتی دەیانەوێت بەشێکی زۆرتر (لەچاو ئێکۆنۆمیستەکان) لە هێزی خۆیان بۆ هەڵسوڕان لەنێو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا بێجگە لە پڕۆلیناریا تەرخان بکەن! ئایا ئەمە «کارناواڵ نییە»؟

بێچارە "رابۆچیە دێلۆ"!، ئایا ئەو ڕۆژە دەگات کە لە مەنەڵی ئەم مەکینە ئاڵۆسکاوە سەر دەربێنێت و لێی حاڵی بێت؟

**4· وردەکاری ئێکۆنۆمیستەکان و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان**

بانگەشەی "رابۆچیە دێلۆ" کە لە سەرەوە دامانە بەرباس و لێکۆڵینەوە و باس لەوە دەکات، خەباتی ئابوری تاقە ئامرازی بانگەشەی سیاسییە کە زیاتر لە هەر ئامرازێکی دیکە لەبەردەستدایە و ئەرکی ئێمە لە کاتی ئێستادا تەنها ئەوەیە، کە هەر بەو خەباتە ئابوریە لایەنی سیاسی بدەین و هیتر، نیشانیدەدات کە ئاستی تێگەیشتوویی "رابۆچیە دێلۆ" نە تەنها سەبارەت بە ئەرکە سیاسییەکان، بەڵکو سەبارەت بەو ئەرکە ڕێکخراوەییانەش بزووتنەوەی جەماوەری لەبەردەمی دایناوین، بەرتەسکە. بۆ «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» هیچ پێویستیەک بە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی موتەمەرکیزی سەرتاسەری روسیا نییە، کە هەمووو جۆگەلە و رووبارێکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و ناڕەزایەتی لە هێرشێکی هاوبەشدا گردو کۆبکاتەوە، واتە ڕێکخراوێک کە لە شۆڕشگێڕانی شارەزا پێکهاتبێت و لەلایەن پێشەوایانی راستەقینەی سیاسی گشت خەڵکەوە ڕێبەری بکرێت، بەم پێیە وەها ڕێکخراوێک لە ئەساسدا ناتوانێت لەسەر بنەمای ئەو خەباتە پێکبێت. هۆکارەکەشی ئاشکرایە.

ئاساییە چۆنیەتی ڕێکخراوی هەر دامەزراوەیەک ناوەڕۆکی هەڵسوڕانی ئەو دامەزراوەیە دیاریدەکات. ئەو ڕێکخراوەش «رابۆچیە دێلۆ» بانگەوازی بۆ دەکات، داوێنەی هەڵسوڕانەکەی ناتوانێت لە ئاستی هەڵسوڕانی تریدیۆنیۆنی واوەتر بچێت. بەم پێیە "رابۆچیە دێلۆ" بەو دیعایانەی، کە لە سەرەوە باسمانکرد، نە تەنها داوێنەی هەڵسوڕانی سیاسی خۆی بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵکو لە بەرامبەر بەرتەسک کردنەوەی کاری ڕێکخراوەییش چۆک دادەدات.

لەم بابەتەشەوە، وەکو هەمیشە، ”رابۆچیە دێلۆ“ ئۆرگانێکە، کە وشیاریەکەی لە ئاستی خەباتی خۆڕسکی کرێکاران واوەتر ناچێت و کۆڵدەدات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە باوەڕی من کڕنۆش بردن بۆ ئەو شێوە رێکخراوەییانەی، کە بە شێوەی ئۆتۆماتیک پێکدێن و تێنەگەیشتن لەو بابەتە کە کاری رێکخراوی ئێمە چەندە بەرتەسک و سەرەتاییە و تا چ رادەیەک لەم بابەتەوە تووشی «وردەکاری» بووین، نەخۆشینی سەرەکی بزووتنەوەی ئێمەیە. هەڵبەت خۆی لە خۆیدا ئاشکرایە کە ئەم نەخۆشینە نەخۆشی لەناوچوون نییە، بەڵکو نەخۆشینی گەشەیە، بەڵام بە تایبەتی ئێستا، کە دەتوانین بڵێین شەپۆلی ناڕەزایەتی خۆڕسکی جەماوەر، ئێمەی رێبەر و رێکخەری بزووتنەوەکە دەکێشێتە ناو خۆیەوە، بە تایبەتی لەم ساتەوەختەدا پێویستە لە دژی هەرچەشنە بەرگریەک لە دواکەوتوویی و لە دژی هەر چەشنە رەوایی پێدان بە ئاستەنگییەکانی ئێستا لەو بابەتەوە بە شێوەیەکی لە ئاشتی نەهاتوو خەبات بکەین، بە تایبەتی پێویستە لە هەر کەسێکدا، کە لە هەڵسوڕانی بە کردەوەدا بەشداری دەکات، یان هەر ئەوەندە هەوڵدەدات بەشداری تێدا بکات، رۆحی ناڕەزایەتی دەربڕین لەو وردەکاریە، کە لەناو ئێمەدا باو بووە، هەڵخڕێنین و بۆ رزگاری لەو نەخۆشینە قۆڵی لێهەڵماڵین.

### ا) وردەکاری چییە؟

هەوڵدەدەین لە رێگەی دیمەنێکی بچوک لە هەڵسوڕانی کۆڕ و کۆمەڵێکی نموونەی سۆسیال دیموکراتیک لە ساڵەکانی 1894–190 وەڵام بەو پرسیارە بدەینەوە. ئێمە ئاماژەمان بەوەدا کە خوێندکاران لەو قۆناغەدا تامەزرۆی مارکسیزم بوون. هەڵبەت ئەم تامەزرۆییە، تەنها مارکسیزمی وەکو تیۆریەک نەدەگرتەوە، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە زۆرتر سەرنجی بە پرسیاری «دەبێت

چی بکەین؟» و بانگەوازی هێرش بۆ سەر دوژمن دەدات، تاکو بە مارکسیزم. ئەم سوپا تازە پێگەیشتووە بە چەک و چۆڵ و ئامادەکاری سەرەتاییەوە هێرشیان دەبرد. ئەوان وەکو جوتیارێک کە بە هەوجاڕ، جووت بکات، تەنها کوتەک بەدەست بۆ شەڕ دەچوون. کۆڕ و کۆمەڵێکی خوێندکاریی، بەبێ هیچ چەشنە پەیوەندیەک لەگەڵ کەسانی بە ئەزمونی بزووتنەوە، لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەکانی شوێنەکانی دیکە، یان تەنانەت بەشەکانی دیکەی ناوشار (یان مەکتەبەکانی دیکە)، بەبێ هیچ چەشنە ڕێکخستنی بەشە جۆراوجۆرەکانی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە، بەبێ هیچ چەشنە نەخشەیەکی ڕێکوپێکی هەڵسوڕان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، لەگەڵ کرێکاراندا پەیوەندی دادەمەزرێنێت و هەڵسوڕانی خۆی دەستپێدەکات. ئەو کۆڕە وردە وردە ئاستی راهێنان و ئاژیتاسیۆنی خۆی پەرە پێدەدات و بەم بۆنەشەوە سەرنجی توێژێکی تا رادەیەک زۆر لە کرێکاران و بەشگەلێک لە کۆمەڵگەی خوێندەوار کە یارمەتی داراییان بە «کۆمیتە» دەکرد و بەردەوام دەستەی نوێ لە لاوانیان دەخستە بەردەستیان، رادەکێشا. پێگە و ئیعتباری کۆمیتە (یان یەکێتی خەبات لە ڕێگای رزگاری چینی کرێکار)یان دەبردە سەرەوە، ئاستی هەڵسوڕانیان پەرەپێدەدا و کۆمیتە ئەم هەڵسوڕانەی بە تەواوی بە شێوەی خۆڕسک گەشەپێدەدا: هەر ئەو کەسانەی کە یەک یان چەند مانگ لەوەپێش قسەیان لەو کۆڕ و کۆمەڵە خوێندکارییانە دەکرد و کێشەی «دەبێ بۆ کوێ بڕۆین؟»یان چارەسەر دەکرد.

ئەوانەی کە لەگەڵ کرێکاراندا پەیوەندیان دادەمەزراند و گۆڤارێکیان چاپ و بڵاودەکردەوە، ئێستا ئیتر لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی دیکەدا پەیوەندی دادەمەزرێنن، چاپەمەنیەک بەدەستدێنن، دەست بە کاری بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ناوچەیی دەبن، قسە لە ڕێکخستنی شانۆ دەکەن و سەرئەنجام قسە لە چالاکی جەنگی دەکەن (ئەم چالاکیە جەنگیە لە هەمانکاتدا

ئاشکرایە لەوانەیە بەپێی بارودۆخ یان یەکەمین چاپی گۆڤاری تەبلیغاتی بێت یان یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامە یان یەکەمین شانۆ) و لە زۆربەی بابەتەکانی ئەو چالاکیەشدا دەستبەجێ بێئاکام دەمێننەوە. هۆکاری بێئاکام مانەوەی خێراو بە تەواوەتی ئەو خەباتە ئەوەیە، کە ئەو چالاکیە جەنگیە ئاکامی نەخشەیەکی ڕێکوپێک بۆ خەباتێکی درێژماوە و سەرسەخت نییە، کە پێشتر خەملێندرابێت و وردە وردە ئامادە کرابێت، بەڵکو تەنها بەرهەمی گەشەی ئۆتۆماتیکی کارێک بووە کە بەپێی سونەتەکان لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەکاندا بە ئەنجام گەیشتووە. هەروەها هۆکاری ئەوەیە، کە لە ئاکامدا پۆلیس هەمیشە گشت هەڵسوڕاوانی سەرەکی بزووتنەوەی خۆجێیی کە هەر لە سەردەمی خوێندکاریدا خۆیان «ناساندبوو» دەناسی و تەنها بەدوای ساتی گونجاودا دەگەڕا بۆ ئەوەی بیانخاتە نێو داوی خۆیەوە، بۆئەوەی «دۆسیەیەکی تاوانی» بەرچاوی بە دەستەوە بێت، بە ئەنقەست بواری بە کۆڕ و کۆمەڵەکان دەدا، تا بەقەد پێویست گەشە بکەن و داوێنەی کاری خۆیان پەرە پێبدەن، هەمیشەش چەند کەس لەو کەسانەی کە لەژێر چاودێریاندا بوون، «وەکو کۆتری پەڕقەیچی» (ئەم رستە تەکنیکیە و بە شێوەیەک کە من لێی ئاگادارم، هەم لەلایەن ئێمەوە و هەم لەلایەن ژاندرمەکانەوە بەکار دەبرا)، بە ئەنقەست دەهێشتەوە.

ئەم جەنگە وەکو هێرشی جوتیارانی گۆپاڵ بەدەست بۆ سەر سوپای هەتا ددان چەکداری دەوڵەتی وایە. تەنها دەبێت لەگیان سەختی ئەو بزووتنەوەیە سەرسووڕمان بین، کە سەرەڕای وەها نائامادەییەک، کە تێکۆشەرانی بوویان، پەرەی دەسەندو گەشەی دەکردو هەندێک سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. ئەوە ڕاستە کە لەبواری مێژووییەوە، سەرەتایی بوونی کەلوپەلی جەنگی لەسەرەتادا نە تەنها چارەهەڵنەگر بوو، بەڵکو وەکو بارودۆخێک بۆ ڕاکێشانی خەباتکاران ڕەوا بوو، بەڵام کاتێک کە چالاکی جدی جەنگی دەستپێکرد (لە ڕاستیشدا

ئەم چالاکیە لە مانگرتنەکانی هاوینی ساڵی 1896ەوە دەستی پێکردبوو)، کەم و کورتییەکانی ڕێکخراوی شەڕکەری ئێمە ورە وردە بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەرکەوت. حکومەت کە لە سەرەتادا شپرزە و سەرلێشێواو ببوو، تووشی زنجیرەیەک هەڵە ببوو (لەوانە ناردنی پەیام بۆ کۆمەڵگاو شوبهاندنی سۆسیالیستەکان وەکو تاوانبار و دوورخستنەوەی کرێکاران لە پایتەختەوە بۆ ناوەندەکانی پیشەسازی شارەکان)، بە خێرایی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا راهات و توانی تیپ و تاقمی ئاژاوەگێڕ و سیخوڕ و ژاندارمی خۆی، کە هەتا ددان تەیار ببوون، لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو، دابنێت. دەستبەسەرکردن و هێرشبردن بۆ سەر کۆڕ و کۆمەڵەکان ئەوەندە لە ماوەیەکی کورتدا دووپات دەبووەوە و جەماوەرێکی بەرینی لەخۆ دەگرت و بە شێوەیەک کۆڕ و کۆمەڵەکانی خۆجێیی لەنێو دەبرد کە جەماوەری کرێکار گشت ڕێبەرانی خۆیان لەدەستدەدا، بە جۆرێک کە ئەو بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی بێوێنە بە بازبازێن دەچووە پێشەوە و هیچ ئیدامەدان و پەیوەندییەک نەیدەتوانی لە کایەدا بێت. پەرش و بڵاوی سەرسوڕهێنەری هەڵسوڕاوانی خۆجێیی، بە هەڵکەوت بوونی پێکهاتەی کۆڕ و کۆمەڵەکان، نەبونی ئامادەیی و نزیکبینی لەسەر کێشەکانی تیۆریک، سیاسی و ڕێکخراوەیی، دەرئەنجامی چارەهەڵنەگری بارودۆخێک بوو کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا. کار گەیشتە جێگایەک کە کرێکاران لە هەندێک شوێندا، بەهۆی نەبوونی بەرگری و نهێنی کاری پێویست لەنێو ئێمەدا (واتە ڕێبەران)، وردە وردە متمانەیان بە رووناکبیران لەدەستدەدەن و خۆیان لێ دوور دەگرن و دەڵێن: رووناکبیران بارودۆخەکە هەڵناسەنگێنن و بەرکەوتنی هەلومەرجێکە لە رادەبەدەر کارەکان خراپ دەکەن!

هەر کەسێک کە وردە ئاشنایەتیەکی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا هەبێت، دەزانێت کە گشت ئەو سۆسیال دیموکراتانەی تۆزێک بیرمەند بوون، وردە

ورده هەستیان بەوە دەکرد، کە ئەو وردەکاریەکە وەکو نەخۆشینێک وایە. بۆ ئەوەی کە خوێنەری نەناسراومان پێی وانەبێت، کە بە شێوەی ساختە قۆناغێکی تایبەت یان نەخۆشینێکی تایبەتمان بۆ ئەو بزووتنەوەیە «داتاشیوە»، پێیدەڵێین بڕوانەوە سۆراغی ئەو شایەتە بکات، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا. هیوادارین خوێنەر لەو نموونە دوور و درێژەی، کە لە خوارەوە دەیهێنینەوە، بارگران نەبێت.

ب. ئێف لە ژمارە (6)ی "رابۆچیە دێلۆ" دەنووسێت: «ئەگەر تێپەڕبونی وردە وردە بەرەو هەڵسوڕانی بەکردەوەی بەرینتر، کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەڵ ئەو قۆناغە گشتیە هەیە کە ئێستا بزووتنەوەی کرێکاری روسیا تێپەڕی دەکات، تایبەتمەندیەکی بەرچاو بەئەژمار دێت. میکانیزمی گشتی شۆڕشی کرێکاری روسیا تایبەتمەندیەکی دیکەشی هەیە، کە ئەویش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

مەبەستی ئێمە بەس نەبونی گشتی ئەو هێزە شۆڕشگێڕانەیە، کە بتوانن لە کردەوەدا ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، کە نە تەنها لە پێترسبۆرگ، بەڵکو لە سەرانسەری روسیاشدا هەستیپێدەکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بەشێوەی گشتی گەشەی کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە جەماوەری کرێکار بەشێوەی گشتی تەکامولی پەیداکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە مانگرتنەکان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پەرەدەسێنن، سەرەڕای ئەوەی کە خەباتی جەماوەری کرێکاران ئاشکراتر لە جاران لە ئارادایە و ئەوەش وایکردووە کە حکومەت راوەدونان، زیندان، دەستبەسەرکردن و دوورخستنەوە و لەسەر کار دەرکردن توندتربکاتەوە، بەڵام نەبوونی هێزی پێویست، کە کوالیتی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، زیاتر لە جاران بەرچاوە و بێگومان لەسەر قووڵایی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەکەمان کاریگەری دادەنێت.

ژمارەیەکی زۆر لە مانگرتنەکان بەبێ کاریگەری وەرگرتنی ڕاستەوخۆ و بەهێز لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لە ئارادان... کەمبوونی گۆڤارەکانی بانگەشە و چاپەمەنی نهێنی هەستی پێ دەکرێت. کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان بەبێ ئاژیتاسیۆن دەمێننەوە. لە هەمانکاتدا پێویستییەکی بەردەوام بەپارە هەستی پێدەکرێت. بە کورتی دەبێت بڵێین، کە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری پێشی گەشەو تەکامولی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان کەوتووە. ژمارەی ئەو شۆڕشگێڕانەی ئێستا لەمەیدانی کـردەوەدان زۆر کەمتر لەوەیە کە بتوانن لەنێو گشت ئەو جەماوەرە کرێکارەدا کە وروژاون بە شێوەیەکی ئەوتۆ نفوز بکەن کە لانیکەمەکەی ڕەنگ و بۆنی هاوئاهەنگی و ڕێکخراو بەو ئامەزرۆییانە بدەن... کۆڕ و کۆمەڵی جیا لە یەکتری و شۆڕشگێڕانی پەرش و بڵاو لە دەوری یەک گردوکۆنەکراونەتەوە، یەکگرتوو نین و ڕێکخراوێکی تاقانە، بەهێز و ڕێکوپێک کە بەشە جۆراوجۆرەکانی لەرووی نەخشەیەکی دیاریکراوەوە تەواو کرابێت، پێکناهێنن». نوسەر دواتر پاش وەبیرهێنانەوەی ئەوەیکە پەیدابوونی کۆڕ و کۆمەڵە تازەکان بە جێگای کۆڕ و کۆمەڵە شکست خواردووەکان «تەنها توانایی بزووتنەوە لە درێژەدان بە ژیانی دەسەلمێنێت، بەڵام هێشتا بوونی ژمارەیەکی گونجاو لە کەسانی شۆڕشگێڕ کە بە تەواوی شایستە بن، ناسەلمێنێت»، وتەکەی خۆی بەو شێوەیە کۆتایی پێ دێنێت: «ئامادەبوونی بە کردەوەی شۆڕشگێڕانی پێترسبۆرگ لە ئاکامەکانی کارەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە. محاکمەکانی ئەم دواییانە بە تایبەتی محاکمەکانی گروپی «ڕزگاری بەدەستی خۆ» و گروپی «خەباتی کار دژ بەسەرمایە» بە ڕوونی نیشانیدا کە ئاژیتاتۆرێکی لاو کە لەگەڵ بارودۆخی کار و لە ئاکامدا بارودۆخی ئاژیتاسیۆن لە کارخانەیەکی دیاریکراودا ئاشنایەتی تەواوی نییە و بنەماکانی نهێنیکاری نازانێت، تەنها تیۆرییەکانی گشتی سۆسیال دیموکراسی فێر بووە» (ئایا بەراستی فێر بووە؟)»تەنها دەتوانێت نزیکەی 4،5،

6، مانگ کار بکات. دواتر دەستبەسەر دەبێت و بەدوای ئەوەشدا زۆربەی ڕێکخراوەکە، یان لانیکەم بەشێکی لێکدەترازێت.

پرسیار دەکرێت کە ئایا گروپێک کە تەمەنی بە ژمارەی مانگ دەژمێردرێت، دەتوانێت هەڵسوڕانی سەرکەوتووانە و کاریگەر بکات؟ ئاساییە کە ناتوانین کەموکوڕییەکانی ئەو ڕێکخراوانەی ئێستا هەڵسوڕاون بە تـەواوی بخەینە ئەژماری قۆناغی کاتییەوە و بڵێین ئەوە کاتیە و تێپەڕ دەبێت. ئاساییە کە لێرەدا چەندایەتی و بە تایبەتی چۆنایەتی پێکهاتەی ئەو ڕێکخراوانەی دێنە مەیدان، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت و یەکەمین ئەرکی سۆسیال دیموکراتەکانی ئێمە بریتیە لە: یەکێتی راستەقینەی ڕێکخراوەکان، هەروەها هەڵبژاردنی ئەندامانی بە وردیەکی زۆرترەوە».

**ب) وردەکاری و ئێکۆنۆمیزم**

ئێمە ئێستا دەبێت لەسەر بابەتێک خوار بینەوە، کە ئیتر بە دڵنیاییەوە بەبیری هەر خوێنەرێک دەگات. ئایا دەتوانین پەیوەندیەک لەنێوان ئەو وردەکاریە، کە نەخۆشینی گەشەو تایبەتمەندی تەواوی بزووتنەوەکەمانە و ئێکۆنۆمیزم، کە وەکو رەوتێک لەنێو سۆسیال دیموکراسی روسیادایە، ببینینەوە؟ بەڵێ، بە باوەڕی ئێمە دەتوانین، چونکە نەبوونی ئامادەیی لە کردەوەدا و نەزانکاری لە کاری ڕێکخراوەیی، لەراستیدا بۆ هەموووومان و لەوانە لەنێو هەمووو ئەو کەسانەدا، کە لە هەمان سەرەتاوە بەبێ لادان روانگەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕییان رەچاو دەکرد، گشتی بۆتەوە.

هەڵبەت کەس نەیدەتوانی خۆی لە خۆیەوە بەبۆنەی ئەم نەبوونی ئامادەییە ئەوانەی کە هاتبونە مەیدان، تۆمەتبار بکات، بەڵام چەمکی «وردەکاری» بێجگە لە نەبونی ئامادەیی شتێکی دیکەشی تێدایە، ئەویش بریتیە لە: بە گشتی

بەرتەسک بوونی ئاستی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە، تێنەگەیشتن لەو ڕاستیە، کە سەرەڕای وەها ئاستەنگیەک لە کاری شۆڕشگێڕانەشدا ناکرێت ڕێکخراوێکی باش پێکبهێندرێت و سەرئەنجام (کاکڵەی قسەکە لێرەدایە): هەوڵدان بۆ پاکی و بێگەردی نیشاندان و شاردنەوەی ئەو ئاستەنگیە و دەرهێنانی وەکو «تیۆری»یەکی تایبەتی، واتە لەو بوارەشدا کورنوش بردن بۆ ڕەوتی خۆڕسک. ئێمە وتمان نەزانی خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی وا ناخولقێنێت، ئەوەی موسیبەتە ئەوەیە کە نەزانی خۆت بشارینەوە. ئەو هەوڵانە کە دراون، ئیتر هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵێنەوە کە وردەکاریی لەگەڵ ئێکۆنۆمیزمدا پەیوەندی هەیە، ئەگەر بەگشتی خۆمان لە چنگ ئێکۆنۆمیزم (واتە لە تێڕوانینی بەرتەسک بۆ تیۆری مارکسیزم و ڕۆڵی سۆسیال دیموکراسی و ئەرکەکانی) ڕزگار نەکەین، ناتوانین خۆمان لە ئاستەنگیەکانی داوێنەی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەییش ڕزگار بکەین. بەڵام ئەم هەوڵانە لە دوو ئاراستەدا ئاشکرا بوو. ژمارەیەک دەستیان کرد بە جاڕلێدانی ئەو قسەیە کە هێشتا جەماوەری کرێکار ئەرکێکی سیاسی و جەنگی بەرینی، لەو جۆرەی کە شۆڕشگێڕان «بەسەریدا دەسەپێنن»، نەهێناوەتە گۆڕێ و پێویستە هەر بە ئاراستەی نزیکترین خواستە سیاسییەکاندا خەبات بکات و «لە دژی خاوەنکاران و حکومەت خەباتی ئابوری بکات» (بۆ ئەوەش خەباتێک، کە دەتوانێت لەبەردەستی بزووتنەوەی جەماوەریدا بێت، ئاساییە ڕێکخراوێک گونجاوە کە بتوانێت «لەبەردەستی» نائامادەترین لاوانیشدا بێت).

ژمارەیەکی دیکە، کە لە هەر چەشنە «شێوەیەکی کاری وردە وردە و بە شێنەیی» بەدوورن، وتیان کە: «بە ئەنجامگەیاندنی شۆڕشی سیاسی» مومکینەو دەبێت بەڕێوەبچێت، بەڵام بۆ ئەو کارە هیچ پێویستیەک بەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی قورس و قایم و پتەوی شۆڕشگێڕان نییە، ڕێکخراوێک کە پڕۆلیتاریا بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی کۆڵنەدەرانە و بێوچانی خۆی باربێنێت. بۆ

ئەو کارە هەرئەوەندە پێویستە کە هەموومان ئەو دارو پەردو و گۆپاڵەی کە لەگەڵیدا ئاشناین و لە»بەردەست»دایە، بە دەستەوە بگرین. ئەگەر بمانەوێت بە شێوەی هێما و ئاماژە قسە بکەین، دەبێت بڵێین: ئێمە دەبێت مانگرتنی گشتی رێکبخەین، یان ئەوەی کە رەوتی «سیس و خەواڵووی»ی بزووتنەوەی کرێکاری لە رێگەی «تیرۆری وروژێنەرەوە « بەخەبەر بێنین. هەردووکی ئەم ستراتێژیانە، واتە هەم ستراتیژی ئۆپۆرتۆنیستەکان و هەم «شۆڕشگێڕان» لە بەرامبەر وردەکارییەکدا کە ئێستا باوە، چۆکدادەن و لە خەباتکردن بۆ خۆدەربازکردن لێی کۆڵدەدەن. ئەو دوو تیپە هیچکامیان لە ئەگەری رزگاربوون لە وردەکاری دڵنیانین و لە یەکەمین و زەروریترین ئەرکی بە کردەوەی ئێمە کە برێتیە لە: «پێکهێنانی رێکخراوێک لەو شۆڕشگێڕانەی، کە بتوانێت وزە، بەردەوامی و درێژەی کاری خۆیان لە خەباتی سیاسیدا دابینبکات، ئێناگات».

ئێمە قسەکانی»ب-ئێف»مان سەبارەت بەوەی، کە «گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری پێشی تەکامولی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکان دەکەوێت» هێنایەوە. ئەم زانیاریە بە نرخەی کەسێک کە لە نزیکەوە چاودێری رەوتی رووداوەکانە (راوبۆچوونی رۆژنامەی ”رابۆچیە دێلۆ“ سەبارەت بە بابەتی ب-ئێف) بۆ ئێمە بە شێوە گرنگی هەیە. لە لایەکەوە ئەو زانیاریانە نیشانیدەدەن، کە ئێمە هەقمان بوو هۆکاری سەرەکی قەیرانی ئەمڕۆی سۆسیال دیموکراسی روسیامان لەدواکەوتوویی رێبەران (ئایدئۆلۆژیستەکان، شۆڕشگێڕان و سۆسیال دیموکراتەکان) لە بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەر دەدینەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو زانیارییانە نیشانیدەدەن، کە کاکڵەی گشت قەزاوەتەکانی نوسەرانی نامەی ئابوری (لەژمارە12ی «ئیسکرا»)، واتە ب.کریچۆفسکی و مارتینێف سەبارەت بە مەترسی زلکردنەوەی «دابەزینی گرنگی تۆخمی خۆڕسک و خەباتی رۆژانە و تاکتیک پرۆسە و هێنر برێتیە لە ستایش و بەرگریکردن لە وردەکاری. ئەم

کەسانە کە ناتوانن بەبێ ئەوەی ناوچاوییان بترشێنن، وشەی «تیۆریسیەن» بێننە سەر زاریان و کورنوشی خۆیان لە بەرامبەر نەبوونی ئامادەیی و دواکەوتن لە کاروباری رۆژانەی ژیان بە»تێگەیشتوویی ژیان» ناودەنێن و لە کردەوەدا نیشانیدەدەن کە لە نزیکترین ئەرکەکانی بە کردەوەی بزووتنەوەکەمان حاڵی نین، لە دژی کەسانێکی دواکەوتوودا هاوار دەکەن، پێ بگرن! پێشی کەس نەکەون! لەگەڵ کەسانێکدا کە لە نوقسانی وزە و داهێنان لە هەڵسوڕانی رێکخراوەیی و نوقسانی «نەخشە» بۆ کاری بەرین و جەسورانە رەنج دەبەن، هاوار دەکەن «تاکتیک ملکەچی پڕۆسەیە»! تاوانی سەرەکی ئێمە ئەوەیە، کە ئەرکە سیاسی و رێکخراوەییەکانی خۆمانمان هەتا ئاستی بەرژەوەندی نزیکی «هەنووکەیی» و «دیاریکراو»ی خەباتی رۆژانەی ئابوری دادەبەزێنین و ئەو کات پەخشانمان بۆ دەخوێنن کە: دەبێت هەر بەو خەباتە ئابوریە لایەنی سیاسی بدەین! جارێکی دیکە دەڵێین: کە ئەوە هەر ئەو بەناو «تێگەیشتوویی ژیان»ەیە، کە پاڵەوانەکانی ئەفسانەیەکی جەماوەری لە کاتی بینینی رێوڕەسمی بە خاکسپاردنی تەرمێکدا درەیانخست و هاوارییان دەکرد: «خوا بازاڕتان بات و هەرچی دەبەن تەواو نەبێت».

بەبیری خۆتان بێننەوە، کە بە چ لە خۆنامۆییەکی بێوێنە و لە راستیدا خۆبەزلزانینێکەوە ئەم ژیرانە فێری پلێخانۆفیان دەکرد کە: «کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان ناتوانن لە ئەرکە سیاسییەکان بە وانەی راستەقینە و بە کردەوەی ئەو وشەیە، واتە بە وانەی خەباتی بە کردەوەی شیاو و سەرکەوتووانە لە رێگای داخوازیە سیاسییەکان بە گشتی تێبگەن» (وەڵامی دەستەی نووسەرانی "رابۆچیە دێلۆ" ل 24). ئاغایان کۆڕ تا کۆڕمان هەیە! کۆڕ تا کۆڕ فەرق دەکات! هەڵبەت کۆڕی «وردەکاران» تا کاتێک کە لە وردەکاری خۆی تێنەگات و وردەکاری بەرۆکی وێڵ نەکات، ناتوانێت لە ئەرکە سیاسییەکانی تێبگات.

ئەگەر ئەو کەسانەی سەرقاڵی وردەکارین، بێجگە لەوەی کە شەیدای وردەکـاری خۆیان دەبن، ئەگەر ئەمانە وشەی «کـردەوە» بە پێی گەورە دەنووسن و پێیانوایە بە کردەوەبوون پێویستی بەوەیە کە ئەرکەکانمان تا ئاستی تێگەیشتنی دواکەوتووترین تووێژەکانی جەماوەر بێنینە خوارەوە، ئاساییە کە ئەم کەسانە کە سەرییان بە وردەکاریەوە قاڵە، تەنانەت کونێکی هیواشی بۆ ناهێڵنەوە. بە راستیش ناتوانن لە ئەرکە سیاسیە گشتییەکان تێبگەن، بەڵام بۆ کۆڕی کەسانی بەرچاوی وەکو ئالکسیۆف، مێشکین، خالتۆرین و ژێلیابۆف، ئەرکە سیاسییەکان بە واتەی گشتی وشەکە، بەم بۆنەوە و تا ئەو جێگایەی کە قسەو باسی بە ئین و تەوژمی ئەوان لەنێو جەماوەرێکدا، کە بە شێوەی خۆڕسک لە خەو هەڵدەستن رەنگدەداتەوە و وزەی چینی شۆڕشگێڕ راوێژکار و پشتیوانی وزەی ئەوانە، قابیلی دەرک کردنە.

هەزاران جار هەق بە پلێخانۆف بوو، کە نە تەنها ئەم چینە شۆڕشگێڕەی نیشاندا، نە تەنها لەوە دڵنیا بوو، کە بەخەبەرهاتنی خۆڕسکی جەماوەر شتێکی چارەهەڵنەگرە، بەڵکو بێجگە لەوە لە بەرامبەر «کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان»دا ئەرکێکی بەرزی سیاسیشی دادەنا، بەڵام ئێوە بەو بۆنەوە ئاماژە بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری دەکەن، کە لەو کاتەوە پێکهاتووە، کە ئەو ئەرکە بە سووک ناو لێ ببەن و ئاستی وزە و هەڵسوڕانی» کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان» بەرتەسک بکەنەوە. ئایا ئەمە بێجگە لە ئامەزرۆیی کەسێکی تووشبوو بە نەخۆشینی وردەکـاری، مانایەکی دیکەی هەیە؟ ئێوە شانازی بە خۆتانەوە دەکەن، کە پیاوی کردەوەن، بەڵام راستیەک کە بۆ هەر پڕاتیسیەنێکی روسیا ئاشکرایە، نابینن. ئێوە نابینن کە نە تەنها وزەی کۆڕ و کۆمەڵێکی کرێکاری، بەڵکو تەنانەت وزەی یەک کەسیش دەتوانێت چ کارێکی سەرسووڕهێنەر بخولقێنێت. یان لەوانەیە پێتانوابێت کە لەنێو بزووتنەوەی

ئێمەدا کەسانێکی بەرچاوی وەکو ئەوانەی کە لە ساڵانی دەیەی 70ی سەدەی ڕابردوودا (سەدەی نۆزدە) بەشدار بون، بوونی نییە؟ بۆچی ناتوانن؟، چونکە ڕادەی ئامادەییمان کەمە؟، بەڵام ئێمە خەریکین خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، درێژە بە ئامادەبوونی خۆمان دەدەین و ئامادەش دەبین! ئەوە ڕاستە کە لە وڵاتی ئێمەدا، بەداخەوە قەوزە بان ئاوی مەنگ (خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و دەوڵەت)ی گرتووە و کەسانێک پەیدابوون، کە لە بەرامبەر ڕەوتی خۆڕسکدا کورنوش دەبەن و (بە وتەی پلێخانۆف) بە ملکەچبوون چاو لە پشتە ملی پڕۆلیتاریای ڕوسیا دەکەن، بەڵام ئێمە هێزی ئەوەمان تێدایە، کە خۆمان لەو قەوزەیە ڕزگار بکەین.

بە تایبەتی ئێستا شۆڕشگێڕی ڕوسیا، واتە ئەو کەسە کە بەڕاستی تیۆری شۆڕشگێڕانە چرای ڕێنوێنیەتی، بە پشتبەستن بە چینێک کە بەڕاستی شۆڕشگێڕە و بە شێوەی خۆڕسک خەریکە بەخەبەر دێت، دەتوانێت سەرئەنجام سەر بەرز بکاتەوە و هەمووو زۆری پاڵەوانێتی خۆی وەگەڕ بخات. تەنها شتێک کە بۆ ئەو کارە پێویستە ئەوەیە، کە لەنێو جەماوەری پراتیسیەنەکان و جەماوەری لەوان زۆرتر کە هەر لەسەر ئەو کورسیەی مەکتەبەوە ئاواتەخوازی کردەوە بوون، ڕەخنە لە هەر چەشنە سووک ئەژمارکردنی ئەرکە سیاسییەکان و بەرتەسک کردنەوەی داوێنە و ئاستی کاری ڕێکخراوەییمان بگرن. ئاغایان دڵنیاش بن، بەم مەبەستەی خۆمان دەگەین!

لە بابەتی « لە کوێوە دەستپێبکەین؟»دا من لە دژی "ڕابۆچیە دێلۆ" نوسیبووم: . لە ماوەی 24 کاتژمێردا دەتوانین تاکتیکی بانگەشەی خۆمان لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو یان تاکتیکی بەرەو پێشبردنی بەشێک لە ئەرکەکانی حزب بگۆڕین، بەڵام لە ماوەی 24 کاتژمێردا یان تەنانەت 24 مانگدا، تەنها کەسانێک دەتوانن تیۆریەکانی خۆیان سەبارەت بەوە بگۆڕن، کە ئایا لە بنەڕەتدا

هەمیشە و بە دڵنیاییەوە ڕێکخراوێکی تێکۆشەر و بانگەشەی سیاسی لەنێو جەماوەر پێویستە، کە هیچ چەشنە پرەنسیپێکیان نەبێت. «رابۆچیەد دێلۆ» بەو شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: «ئەم تۆمەتەی «ئیسکرا» کە تاقە تۆمەتێکە کە دیعایە دەکات واقیعیەتی هەیە، هیچ بنەمایەکی نییە. خوێنەرانی «رابۆچیەد دێلۆ» بە باشی دەزانن، کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بەبێ ئەوەی کە چاوەڕێی پەیدابوونی «ئیسکرا» بین، نە تەنها بانگەوازی بانگەشەی سیاسیمان دەکرد». لە حاڵێکدا کە دەتانوت نە تەنها بۆ کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان، بەڵکو بۆ بزووتنەوەی جەماوەری کرێکارانیش مسۆگەر نییە رووخاندنی حکومەتی رەها وەکو یەکەمین ئەرکی سیاسی خۆیان دابنێن» و تەنها دەتوانن خەباتکردن لە پێناوی نزیکترین داخوازیە سیاسییەکانی خۆیان بکەن بە ئەرکی خۆیان و نزیکترین «داخوازیە سیاسییەکان پاش یەک یان لانیزۆر چەند مانگرتن دەکەونە بەردەستی جەماوەرەوە)، «بەڵکو لە رێگەی گۆڤارەکانی نزیک بە خۆمانەوە بابەتەکانی تەبلیغاتی سۆسیال دیموکراسیمان، کە لایەنی تایبەتی هەبوو لەدەرەوە دەگەیاندە دەست ئەو هاوڕێیانەی کە لە روسیادا هەڵسوڕاو بوون». لە هەمانکاتدا لەم بابەتە تایبەتانەدا، نە تەنها لەبواری سیاسیەوە بەرینترین بانگەشەی سیاسیتان دەکرد، بەڵکو کارتان گەیاندبووە جێگایەک کە پێتانوابوو ئەم بانگەشە بەرتەسکە « زیاتر لەهەر ئامرازێکی دیکە بەکەڵکە».

بەڕێزان ئایا ئێوە ئەوە نازانن کە لە بنەڕەتدا هەر ئەم هۆکارهێنانەوەی ئێوە (لە بارودۆخێکدا، کە بابەتگەلێکی تایبەتی لەم چەشنە باو بووە)، پێویستی پەیدابوونی «ئیسکرا»و پێویستی خەباتی «ئیسکرا» لە دژی ”رابۆچیە دێلۆ“ دەسەلمێنێت؟). لەلایەکی دیکەوە هەڵسوڕانی چاپەمەنی ئێمە بەکردەوە لە بواری یەکێتی تاکتیکی حزب». (یەکێتی باوەڕ بەوەی کە تاکتیک برێتییە لە پڕۆسەی گەشەی ئەرکەکانی حزبی کە لەگەڵ حزبدا گەشە دەکات؟ بە

راستیش یەکێتییەکی بەنرخە!). لەم رێگەیەوە مەجالی پێکهێنانی «رێکخراوێکی تێکۆشەر»ی دەرەخساند، کە بۆ پێکهێنانی یەکێتی خەبات لە رێگای رزگاری چینی کرێکار گشت ئەو شتەی، کە بە گشتی بۆ رێکخراوێکی دانیشتووی دەرەوەی وڵات مسۆگەر بوو، بە ئەنجام دەگەیاند» ("رابۆچیە دێلۆ" ژمارە 10 ل 15). ئەمە هەوڵێکی بێهۆیە، کە بۆ قسە تێکەڵکردن و هەڵاتن لەژێر باری گوشار دەدرێـت!. من هەرگیز نکۆڵیم لەو راستیە نـەکـردووە، کە هەرچی مسۆگەر بووە کردووتانە، بەڵام من ئیدعام کردووەو دەیکەم، کە تێگەیشتنی کورتبینانەی ئێوە بازنەی «مسۆگەر» بەرتەسک دەکاتەوە. ئەمە جێگای گاڵتەپێکردنە، کە مرۆڤ سەبارەت بە رێکخراوێکی تێکۆشەر قسە بکات کە کارەکەی خەبات لەرێگای «نزیکترین داخوازیە سیاسییەکان» یان «خەباتی ئابوری لە دژی خاوەنکاران و حکومەت» بێت، بەڵام ئەگەر خوێنەر دەیەوێت بلیمەتەکانی ئامەزرۆیی و شەیدایی «ئێکۆنۆمیزم» بە وردەکاری ببینێت، ئاساییە کە دەبێت سەرنجی خۆی لە"رابۆچیە دێلۆ"ی ناسەقامگیر و راڕاوە تەرکیز بکاتە سەر «رابۆچایا میسێل»ی سەقامگیر و بە ورە. «رابۆچایا میسێل» لە لاپەڕەی 13ی «پاشکۆی جیاواز»دا نووسیبوی: «ئێستاش دەبێت بە دوو وشە باسی رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ بکەین.

ئەوە راستە کە ئەم رووناکبیرە شۆڕشگێڕانە زۆر جار لە کـردەوەدا نیشانیانداوە، کە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە «بۆ شەڕی سەروماڵ لەگەڵ تێزاریزم دەستەویەخە بن»، بەڵام گشت چارەڕەشیەکە، لێرەدایە کە رووناکبیرانی شۆڕشگێڕمان، کە لەلایەن پۆلیسەوە دەدرێنە بەر بەدواداچوون، خەبات دژ بە پۆلیسی سیاسی بە خەبات لە دژی حکومەتی رەها دەزانن. هەر بەم هۆیەشەوە تا ئێستا ئەم مەسەلەیە کە»دەبێت لە کوێوە بۆ خەبات لە دژی حکومەتی رەها هێز کۆ بکەینەوە؟» بۆ ئەوان بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە».

ئایا بەراستی ئەمە سوککردنی خاوەن شکۆیانەی (پاڵەوان پەمە) ستایشگەری (بە باڵاهەڵگوتان بە مانای خراپی وشەکە) بزووتنەوەی خۆڕسک بەرامبەر بە خەبات لە دژی پۆلیس نییە؟ ئەو ئامادەیە نەبوونی ئامادەیی شارەزایی ئێمە (روناکبیران و پێشڕەوانی بزووتنەوە) لە نهێنیکاری بەو شێوەیە پاساو بکات، کە لە بارودۆخێکدا کە بزووتنەوەی خۆڕسکی جەماوەری لە ئارادایە، لە راستیدا خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسی ئەوەندەش گرنگ نییە! زۆر و زۆر کەس پەیدا دەبن کە ئەم دەرئەنجامە سەیر و سەمەرە لایەنگری بکەن، چونکە کێشەی کەم و کۆڕی رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئێمە بۆ هەمووان زۆر دڵتەزێن بووە، بەڵام ئەگەر بۆ وێنە مارتینێف ئەو دەرئەنجامانە پشتڕاست نەکاتەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ناتوانێت یان جەسارەتی ئەوەی نییە قووڵایی ئێزەکانی خۆی هەتا ئاخر ببینێت.

بە راستیش مەگەر «ئەرکی» وەکو ئەوەی کە جەماوەر داواکاریەکی دیاریکراو بێننە گۆڕێ، کە بەڵێنی ئاکامی هەنووکەیی بدات، پێویستی بەوەیە، کە مرۆڤ بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی قورس و قایم و پۆڵایین، موتەمەرکیز و خەباتکاری شۆڕشگێڕان هەوڵێکی تایبەت بدات؟ (هەروەک لە سەرەتاوە وتمان ناوەڕۆکی هەڵسوڕان، رێکخراوی پێویست بۆ ئەو هەڵسوڕانەش دەیاری دەکات)، مەگەر ئەو جەماوەرەش، کە هیچ خەباتێک لە دژی پۆلیسی سیاسی ناکەن، ئەو «ئەرکە» بەجێ ناگەیەنن؟ بێجگە لەوەش: ئەگەر ئەو رێبەرە تاک و تووکانە، ئەو (زۆرینەی هەرە زۆری) کرێکارانەی کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن «لە دژی پۆلیسی سیاسی خەبات» بکەن، لە رێگای ئەم ئەرکەدا خەباتیان نەکردبا، ئەم ئەرکە بە ئەنجام دەگەیشت؟ بەم چەشنە کرێکاران، کەسانی مامناوەندی جەماوەر دەتوانن لە مانگرتن و خەباتی سەرشەقامەکاندا دژ بە پۆلیس و سوپا وزە و فیداکاریەکی بێوێنە لە خۆیان بنوێنن، دەتوانن و (تەنها

ئەوان دەتوانن) چارەنووسی گشت ئەو بزووتنەوەیە دیاریبکەن، بەڵام خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسی پێویستی بە تایبەتمەندیەکی دیاریکراو هەیە، ئەم خەباتە خوازیاری شۆڕشگێڕانی شارەزایە.

هەوڵی ئێمە دەبێت نە تەنها ئەوە بێت، کە جەماوەر داخوازی دیاریکراو «پێشکەش بکەن»، بەڵکو بێجگە لەوە، دەبێت ئەوە بێت، کە جەماوەری کرێکاران رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لەو جۆرە شۆڕشگێڕانە «پێشکەش بکەن». بەمشێوەیە ئێمە بە هاوسەنگی نێوان رێکخراوەکانی شۆڕشگێڕی پیشەیی و بزووتنەوەی لەسەدا سەد کرێکاری گەیشتین. ئەم بابەتە کە لە چاپەمەنییەکاندا زۆر بە کەمی رەنگیداوەتەوە، ئێمەی «سیاسەتوان»ی زۆرتر بە وتوویژ و قسەو باس لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە سەرقاڵ کردبوو کە مەیلیان بە ئێکۆنۆمیزم هەیە. بە تایبەتی پێویستە سەبارەت بەم مەسەلە کەمێک زیاتر قسە بکەین، بەڵام پێشتر دەبێت بە هێنانەوەی نموونەیەکی دیکە، بەڵگەکانی ئێزەکەی خۆمان سەبارەت بە پەیوەندی وردەکاری لەگەڵ ئێکۆنۆمیزم کۆتایی پێ بهێنین.

جەنابی N.N لە»وەڵام»ی خۆیدا نوسیبووی: گروپی «ئازادی کار» خوازیاری خەباتی راستەوخۆ لە دژی حکومەتە، بەبێ ئەوەی ئەوە لە سووک و سەنگ بدات کە هێزی ماددی پێویست بۆ ئەو خەباتە لە کوێدایە و بەبێ ئەوەی کە نیشانی بدات رێگاکانی بەڕێوەبردنی ئەو خەباتە کامەیە؟». نوسەر کە لەسەر ئەم وشانە جەختی کردۆتەوە، هەندێک تێبینیشی سەبارەت بە وشەی «رێگاکان» هێناوەتەوە کە بریتیە لەوە: «بوونی ئامانجەکانی نهێنیکاری ناتوانێت هۆکار و شیکاریەک بۆ مەبەستە بێت، چونکە لە بەرنامەدا قسەیەک لە پیلانگێڕی نەکراوە، بەڵکو قسە لە بزووتنەوە کراوە، بەڵام جەماوەر ناتوانێت لە رێگای شاراوەوە بڕوات. مەگەر مانگرتنی شاراوەش دەکرێت؟ مەگەر خۆپیشاندان و داخوازی شاراوە دەکرێ؟ (ل59 گۆڤاری Vademecum). نووسەر بە تەواوی

بەم «هێزە مادی»یە (ڕێکخەرانی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان) و «ڕێگاکانی» خەبات نزیک بۆتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە تووشی سەرسووڕمان بووە، چونکە بۆ بزووتنەوەی جەماوەری «کورنوش دەبات»، واتە بە شێوەیەک چاو لەو بزووتنەوەیە دەکات، کە ئەرکی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە لەسەر شانمان لادەبات، نەک وەکو شتێک، کە دەبێت هانمان بدات، بۆئەوەی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانەمان پەرە پێبدەین و بەرەو پێشەوەی ببەین.

مانگرتنی شاراوە، بۆ بەشداربووانی ئەو مانگرتنە و کەسانێک، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا لە پەیوەندیدان، مومکین نییە، بەڵام ئەم مانگرتنە لەوانەیە بۆ جەماوەری کرێکاری ڕوسیا «بە شاراوەیی» بمێنێتەوە و لە زۆر بابەتیشدا شاراوەیە)، چونکە دەسەڵات هەوڵدەدات هەر چەشنە پەیوەندیەک لەگەڵ مانگرتووان بپچڕێت و لە بڵاوبوونەوەی هەر چەشنە هەواڵێک سەبارەت بەو مانگرتنە پێش بگرێت. دەسەڵات بەو کارەی دەیەوێت خەباتی کرێکاران بە تاق بخاتەوە. لێرەدایە کە پێویستی «خەباتێک»ی بەرین «لە دژی پۆلیسی سیاسی» دێتە گۆڕێ، خەباتێک کە هەرگیز ئەو جەماوەرە بەرینە، کە لە مانگرتندا بەشداری دەکەن، ناتوانن هەڵسوڕاوانە بەرەوپێشی بەرن.

ڕێکخراوی ئەم خەباتە پێویستە لەلایەن کەسانێکەوە دابینبکرێت، کە بە شێوەی حیرفەیی هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە دەکەن و «هەموو ڕێساو تەکنیکێکی خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسی دەناسن». ئەوەیکە ئێستا ئەم خەباتە بە شێوەی خۆڕسک جەماوەر بەرەو خەبات ڕادەکێشێت، بە هیچ شێوەیەک پێویستی پێکهێنانی ڕێکخراوی بەڕێوەبردنی ئەم خەباتەی کەم نەکردووە. بە پێچەوانەوە، بەم هۆیەوە پێکهێنانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان زیاتر پێویست دەکات، چونکە ئەگەر ئێمەی سۆسیالیست نەتوانین پێش بەوە بگرین، پۆلیس هەرچەشنە مانگرتن و هەر چەشنە خۆپیشاندانێک بشارێتەوە و جاروبار خۆمان

به نهێنی ئامادەکاری بۆ نەکەین)، لەبەردەم جەماوەردا ئەرکی ڕاستەوخۆی خۆمان بە ئەنجام نەگەیاندووە، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنین، چونکە جەماوەرێک کە بە شێوەی خۆڕسک لە خەو هەڵدەستێت، لەنێو جەرگەی خۆیدا «شۆڕشگێڕانی شارەزا» بەرهەمدێنێت (بەو مەرجەی کە بیر لەوە نەکەینەوە، کە بە ئاهەنگی جۆراوجۆر کرێکاران بانگەواز بکەین لە جێگای خۆیاندا لێبدەن).

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە فیورباخ | 59 |
| 2015 | وریا غەفووری | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | 60 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | 61 |
| 2015 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | 62 |
| 2015 | ئومێد عوسمان | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | 63 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | 64 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە دیموکراسی | 65 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | 66 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | 67 |
| 2015 | مستەفا زاهیدی | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | 68 |
| 2015 | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ئاشنابوون بە ئەرکون | 69 |
| 2015 | جەبار ئەحمەد | ئاشنابوون بە فۆکۆ | 70 |
| 2015 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە ئەکیونی | 71 |
| 2015 | ئارۆ هەورامی | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | 72 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | 73 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | 74 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | 75 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جاك لاکان | 76 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لایبنتز | 77 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون به میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |